البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

Rawt News

ژمارە ٣٢ نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## خەبات بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای کوردستان، ئەوەیان لێ دەخوازێ کە لە پێگەی چینایەتییانەوە دەستپێبکەن

### بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عیراق

ڕۆژی (٢٠)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٤) هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو، ئەمەش پاش کەمپێنێکی ئینتیخاباتی دەیان ملیۆن دۆلاری چەند هەفتەیی نێوان حزبە بورژوا قەومی و ئیسلامی و نیولیبرلەکان کە لیوانلێو بوو لە چەواشەکاری و وادەی درۆ و کۆنە پەرستی سیاسی و دژە ژنی و مۆڕاڵی دژە ئینسانی ئیسلامیزم.

لەنێو ئەم کەمپینەدا ئاکامی هەڵبژاردنەکەش بە جۆرێک دیاربوو کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی جیدی لە هاوکێشە سیاسیەکانی هەرێم و هەیکەلی دەسەڵات و دوو ئیدارەیی و تەنانەت پێگەی ئۆپۆزسیۆنیش ڕوونادات، جگە لە جێگۆڕکێ بە چەند کورسییەکی پەرلەمانی بۆ ئەم حزبی دەسەڵات یا ئەوی تریان، و بۆ ئەم حزب و لایەن لە ئۆپۆزسیۆن یا ئەوی تریان. ئێمە لە بەیاننامەی پێشترماندا دەربارەی بانگەشەی هەڵبژاردن جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە "هیچ خۆشباوەڕییەک برەو پێنادەین لەبەرامبەر ئەم هەڵبژاردنەدا، کە هیچ گۆڕانکارییەکی نە ڕیشەیی و نە تەنانەت جدی ئەنجام بدرێ لە ڕێگەیەوە".

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەدەر لە هەر ساختەکارییەک کە لە دەنگەکاندا کرابێت، هەر دوو حزبی بورژوا ناسیۆنالیست میلیشیایی دەسەڵاتداری (پارتی و یەکێتی)، وەک حزبە براوە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن، لە جێگەی پەرلەمانیی خۆیاندا هێشتەوە، بەزیادبوونی چەند کورسییەک بۆ (یەکێتی) و کەمبوونی چەند کورسییەکی (پارتی). و (نەوەی نوێ)ش، لە کەمپی بورژوا ئۆپۆزسیۆنی نیولیبرالی ناو هەمان سیستەم، بووە حزبی سێهەم. بەمەش بەشی یەکەمی شانۆی هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمان کۆتایی هات.

ئەم ئەنجامانە بۆ هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی مانای چینایەتی تایبەتی خۆی هەیە و لەم پێگەیەوە هەڵیاندەسەنگێنێ. بۆ توێژی وورده بورژوا ناسیۆنالیستەکان و ڕۆشنبیران و چاکسازیخوازانی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە و ئەوانەشیان کە بەس بەناو سۆشیالیست و شیوعیین، کە هەردەم دادوفیغانیانە بەدەست دەسەڵاتی دوو حزبی میلیشیایی و مافیایی، و گەندەڵی و دوو ئیدراەییان، ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە شۆکێک بوو بۆیان و بێئۆمیدی کردن و لە خەوێک ڕاپیسکاندن کە بەهەڵبژاردنەوە دەیانبینی.

بۆرژوا ئۆپۆزسیۆنی قەومی و ئیسلامی و نیولیبرالیش گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەمان ئەم دەسەڵاتە دوو حزبییە لە جێگەی خۆیدا دەهێڵێتەوە، و ئەم ئۆپۆزسیۆنەش لەم گەمەیەدا ئەو جێگەیەیان دەبێ کە ئێستا هەیانە بە کەمێک گۆڕانکارییەوە، و دەتوانن پشکی خۆیان لەم گەندەڵکاری و ڕژێمەدا درێژە پێبدەنەوە. گەر ئەمڕۆ هەر پرتەوبۆڵەیەکیشیان هەبێ لە بەرامبەر هەڵبژاردن، بۆ خۆئامادەکردنیانە بۆ (٤) ساڵی داهاتوو تا درێژە بدەنەوە بەم پیشە سیاسییە مشەخۆرییەیان کە شتێک نییە جگە لە تەواوکاری ڕژێمەکە و ئیحتواکردنی وزەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری زەحمەتکێش و نارازی، و بردنی پشکەکانی خۆیان لە دەسەڵات و سەروەت.

بۆ چینی کرێکار و گەنجان و ژنان و خەباتکارانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەم چین و توێژانە، گەر هەر ئۆمێدێکیان هەبووبێ بە هەڵبژاردن ئەوە لە پیناوی چاکتربوونی ژیانیاندا بوو نەک گۆڕینی دەسەڵات و ڕووخاندنی ڕژێم، وەک ئەوەی (یەکێتی) و بورژوا ئۆپۆزسیۆن تەپڵیان بۆ لێدەدا، بۆیە بەشێکیان کەوتنەژێر کاریگەرییەکانی وەهمی ڕیفۆڕمخوازی و چاوەڕوانی لە بورژوازی و حزبەکانی، و وەهمەکانیان شوێنی بەرژەوەندییە واقعییەکانیانی گرتەوە.

پاش شەش ساڵ درێژەدانی هەرچی زیاتری باری سەختی ئابووری و نەداری و مووچەبڕین و بێکاری بۆ جەماوەری زەحمەتکێش لە هەرێمی کوردستان، و تێکڕماندنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی گشتی، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەو مانایەیە کە سەرلەنوێ جەماوەر دەکەوێتەوە بەردەم چەند ساڵی تری هێرشی ئەم حزبانە بۆ سەر گوزەران و مافەکانیان و چارەنوسیان.

لەم هەڵبژاردنەدا (پارتی) و (یەکێتی) خۆیان جێگیرتر کرد و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش شوێنی خۆی خۆشترکرد، بەڵام کومەڵگەش لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە و ئەم پرۆسە سیاسییە، واقعی تر ڕووبەڕووی ئەو تەنگژەیە بۆتەوە کە تێیکەوتووە، و زەمینە لەبارترە بۆ ئینسانی زەحمەتکێش و ستەمدیدە لە هەرێم تا تەمومژێک کە چینە داراکان و حزبەکانی پێکیان هێنابوو بۆی، لە بەرچاویاندا برەوێتەوە.

دیارە ڕژێمی سیاسی میلشیایی هەرێم لە هەوادا هەڵنەواسراوە، بەڵکو پێی لەسەر زەوییە و لەناو پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایە و بازاڕی جیهانی و سیستەمی سەرمایەداری دایە، و لەناو نیزامی سیاسی نیودەوڵەتی بورژوازیدا جێگەیەکی هەیە.

قۆرغکارییەکانی بۆ سەروت و سامانی هەرێم و تالانوبڕۆکانی جێگە و پێگەی تایبەتی پێداوە لەناو ئەم سیستمە ئابوورییەدا، و هێزە میلیشیاکەی لە پەیوەند بەم سیستمەوە و ڕاگرتن و پاراستنی لەم هەرێمەدا مانای هەیە. هەر بەم پێیەش سەرکوتی سیاسی لە هەردوو زۆن و دوو ئیدارەییەکەشیان هەر لەسەر ئەم بنەمایەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگە و ڕەوەندە سیاسییەکانی خروانەتە ژێر ڕکێفی بەرژەوەندە جیۆپۆلیتیکسەکان و نفوز و هێژمۆنی ئەمریکا و هەردوو دەوڵەتانی ئێران و تورکیاوە.

ئیستا ئەو ڕاستییە بە پێداگرییەکی زیاترەوە بەرەو ڕووی پرۆلیتاریا و ژنان و گەنجان جەماوەری نارازییە لە هەرێم کە خەبات بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان ئەوە دەخوازێ کە لە پێگەی چینایەتی خۆیانەوە دەستپێبکەن، و لە دەوری بەرنامە و سیاسەت و فیکری سەربەخۆی چینایەتییان ڕێکخراو بن و خەباتیان بەرەوپێش بەرن.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پەیگیرانە تێدەکۆشی تا ئەم خەباتە چینایەتییەی پرۆلیتاریای کوردستان هەرچی پتەوتر و خێراتر بەرەوپێش بچێت، وە ئەرکی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی خۆی بە ئاراستەی شکڵگیری ئەم هێزە چینایەتییە ڕزگاریخوازانە بە ئاسۆ و ئامانجی کۆمۆنیستی پیادە دەکات.

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

## پەیامێک بۆ ڕای گشتی و زەنگ و ئاگاداریەکیش بۆ دەسەڵات




(دادگای باڵای فیدراڵی عێراق) لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە (٢٠٢٤)، بڕیاریداوە کە پێویستە لەسەر هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم مووچە دابین بکەن بۆ مووچەخۆرانی هەرێم، هەروەها وەک تەواویی هاوپیشەکانیان لە عێراق مووچەکانیان بەنیشتمانی (واتا تەوطین) بکرێت.

بەڵام لەو ساوە کە هەشت مانگ زیاتر تێپەڕیووە، نەک هەر مووچەکانمان بە نیشتمانی نەکراوە، بەڵکو هیچ مانگێکیش حکومەتی هەرێم لیستی ناوی موچەخۆرانی بە ڕێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا نەناردووە، کە ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتنی پێدانی مووچەکان.

ئەوا هەفتەیەک زیاتر لە مانگی یانزە (١١)مان تێپەڕاندوە تاوەکو ئێستا موچەی مانگی دە (١٠) مان وەرنەگرتووە، بۆیە ئێمە وەک کارمەندان و تەکنیککارانی سنوری بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی ڕایدەگەیەنین کە چیتر لەبەرامبەر خواست و مافە ڕەواکانمان بێدەنگ نابین.

ئێمە وەک (ئەنجومەنی سەربەخۆی کارەبا) لێرەوە ڕایدەگەیەنین:

1. یەکەم. پێویستە دەستبەجێ مووچەی مانگی دەمان پێ بدرێت و بۆ لەمەولاش هەموو مانگێک لە کاتی خۆیدا مووچەکانمان بەبێ دواکەوتن بدرێت.

2. دووەم. وەک تەواویی موچەخۆرانی عێراق دەبێت موچەکانی ئێمەش بەنیشتمانی بکرێت (تەوطین).

3. سێیەم. تەواویی دەرماڵەکانمان هاوتابکرێت لەگەڵ دەرماڵەی فەرمانبەرانی عێراق.

4. چوارەم. دەستبەجێ دەست بکرێتەوە بە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران کە ساڵانێکی دورودرێژە بەناحەق ڕاگیراوە.

5. پێنجەم. گەڕانەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکانمان کە مافێکی سەرەتای خۆمانە.

ئێمە لێرەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەڵام بەو خواستانەمان نەدرێتەوە ئەوا مافی خۆمانە کە پەنا بەرینە بەر هەموو شێوازێکی نارەزایەتیی مەدەنیانە لە داهاتوودا.

**ئەنجومەنی سەربەخۆی کارەبا**

**٩-١١-٢٠٢٤**

## مارکسیستەکان و هەڵوێست لەبەرامبەرشەڕی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

موئەید ئەحمەد ل٣

## بەشداری ڕێکخستنەکانی بەغدای (ڕێکخراوەی بەدیلی کۆمۆنستی لە عێراق) لە خۆپیشاندانی جەماوەری (٢٥-١٠-٢٠٢٤) لە (ساحة التحرير) لە ناوەندی شاری بەغدا.







وەک پشتیوانییەک بۆ خۆپیشاندەرانی شاری ناسریە، کە لەم ڕۆژانەدا هاتوونەتەوە مەیدانی خۆپێشاندان و بە بەردەوامیش ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدونان دەبنەوە، هەروەها بەو بۆنەشەوە کە ئەم ڕۆژانە ساڵرۆژی یادکردنەوەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٩)یە، ڕێکخستنەکانی بەغدای (بەدیلی کۆمۆنیستی) بەشدارییەکی چالاکانەیان کرد لە گردبوونەوە و خۆپێشاندنێکی جەماوەری لە گۆڕەپانی (ساحة التحرير) لە ناوەڕاستی بەغدا، هاوڕای دایک و باوک و کەس و کاری قوربانیانی ڕاپەڕینەکە، کە داوای ئاشکراکردن و لێپێچینەوەیان دەکرد لە تاوانبارانی کوشتن و بێ سەروشوێنکردنی مناڵەکانیان و نەوەکانیان.

ئەمە و هاوڕێیانی بەشدار بوو چەندین دروشم و لافیتەیان بەرزکردبۆوە کە تیایدا هاتبوو:

- بابەیەک ڕیز لەبەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی قەومی و دینی بوەستینەوە کە دەیەوێت سەرکوتی سیاسی بکات و یاسا کۆنەپەرستییەکانی بەسەر ژناندا داسەپێنی!
- بەتوندی سەرکۆنەی ڕاوەدونانی و گرتنی خۆپیشاندەران لە ناسریە دەکەین و پێویستە دەستبەجێ هەموان ئازاد بکرێن.
- جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە عێراق پێویستی بە ڕاپەرینێکی شۆڕشگێڕانەی نوێ هەیە بۆ کۆتایهێنان بە سیستەمی سەرمایە و تالان و تیرۆر و پاشکۆیەتی.

ئاکامەکانی هەڵبژاردن، لێکدانەوەی ماتریالیستی و هەڵوێستی کۆمۆنیستی — نادر عەبدولحەمید ل٤

ئاسۆ کمال: بەبێ گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدار و چینی چەوساوەی ناڕێکخراودا ناتوانین نەخشەی سیاسی کوردستان و سیستمی سیاسی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی بگۆڕین. — ئاسۆ کەمال ل٢

نیولیبرالیزم بەشی سێیەم و کۆتایی — ناجی ئەفراسیاو ل١٠

لە ڕۆژی جیهانی هەژاریدا، کۆمەڵێک ڕاستی و هەندێک داتا! — عەبدولا سالح ل٢

گۆڕانێک ڕووی نەداوە، بەڵام گەڕانەوەش نییە بۆ وەزعی پێش هەڵبژاردن! — جەمال کوشش ل٢

لە ئەمستردام چی ڕوویدا؟ — عومەر خەتات ل١٠


بانیژەی ئەدەب و کلتوور — ئامادەکردنی: عەبدولا سلێمان و جەمال کۆشش ل٥ - ل٩



ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# لە ڕۆژی جیهانی هەژاریدا، کۆمەڵێک ڕاستی و هەندێک داتا!

مارکس دەڵێ: (مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی گەڕانە بەدوای خۆراکدا)!





## عەبدوڵڵا ساڵح

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی (١٧ تشرینی یەکەمی) هەموو ساڵێکی وەک "ڕۆژی جیهانی هەژاری" دیاری کردووە، لەو ڕۆژەدا لە ساڵی (١٩٨٧) زیاتر لە سەد هەزار کەس لە گۆڕەپانی (ترۆکادێرۆ) لە پاریس کۆبوونەوە، کە هەمان ئەو شوێنەیە جاڕنامەکەی مافی مرۆڤی جیهانی تێدا واژۆ کراوە ساڵی (١٩٤٨)، ئەویش "بۆ ڕێزلێنان" لە قوربانیانی هەژاری لەڕادەبەدەر و برسێتی و توندوتیژی، لەوێدا ڕایانگەیاند کە هەژاری دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەژاری، تەنیا کەمی داهات یان دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەکی بەردەوامی بژێوی ژیان نییە، بەڵکو لەوەش تێپەڕدەکا بۆ بەدخۆراکی، نەبوونی دەرفەتی خوێندن، و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، ئەوە جگە لە هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، دوورخستنەوە لە کۆمەڵگا، و نەبوونی دەرفەت بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردان.

لە دونیای ئەمڕۆدا کە بە ئاستێکی بێ وێنەی گەشەسەندنی ئابووری و پەرەسەندنی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان و سەرچاوە داراییەکان دەناسرێتەوە، هەژاری چیتر و تەنها دیاردەیەکی سادەی فرەڕەهەند نییە، بەڵکو بەرهەمێکی واقیعی و یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی سیستەمی چینایەتی، واتە سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداریی داسەپاوی ئەم سەردەمە. هەر وەک چۆن مارکسیش دووپاتی دەکاتەوە: (کەڵەکەبوونی سامان لە جەمسەرێکی کۆمەڵگادا لە هەمان کاتدا کەڵەکەبوونی هەژاری و نەهامەتییە لە جەمسەرەکەی تردا).

جا ڕێکخراوی (نەتەوە یەکگرتووەکان) کە ڕێکخراوی ئەو وڵاتە سەرمایەدارییانەیە، وە پاسەوانی ئەم سیستمە چینایەتییە جیهانییەیە، لایەک بۆ ئەوەی نەهامەتی و تراژیدیاکانی سیستمەکە کەم بکاتەوە و ڕووخسارەکەی ڕووتوش بکات، وە لە لایەکی تریشەوە ڕێگەیەکی چاکسازییانە بخاتەڕوو بۆ چینە چەوساوە و توێژە برسی و هەژارەکان تا ڕوونەهێنن بۆ ڕێگەیەکی شۆڕشگێڕانە، ئەم ڕێکخراوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) ڕایگەیاندووە کە "هاودەنگ"ی هەژارانە و "پابەندە" بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و هەلومەرجێک بێنێتە کایەوە کە "مەترسی دێوەزمەی هەژاری لە دڵی ئەم خەڵکەدا وەلانێ" و ژیانێکی باشتریان بۆ فەراهەم بێنێ! بەڵام لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەوە تا ئێستا هەژاری و برسییەتی و جەنگ و ئاوارەییش لەگەڵیا لە پەرەسەندن و زیاد بووندان.

بەراوردێکی سادە لە نێوان ژمارەی خەڵکی هەژار لە جیهاندا و ژمارەی کەسە داراکان بە ڕوونی سروشتی ئەم سیستەمە و دڕندەی یەکەی دەردەخات. پێوەرێکی هەژاری فرەڕەهەندی جیهانی بۆ ساڵی (٢٠٢٣)، کە ئامارەکانی ساڵی (٢٠٢٢) دەگرێتە خۆی، باس لەبوونی(١،١) ملیار خەڵکی هەژاری دەکا لە کۆی (٦،١) ملیار کەس کە لە (١١٠) وڵاتدا نیشتەجێن، ئەوەش بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ژمارەی هەژارترین هەژاران کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوەیە نزیکەی (٥٨٤) ملیۆن منداڵ و هەرزەکارە، هەروەها ئەو ڕێژەیە لە نێو منداڵانی کۆرپە (٢٧،٩%) بە بەراورد بە (١٣،٥%) لە نێوان گەورەکاندا، زۆرینەی هەژارترین هەژارەکان، واتە (٨٣،٢%) ی ئەوانە، لە ئەفریقای باشوری بیابانی گەورە (الصحراء الکبری) و باشووری ئاسیا دان، واتە نیوە دوورگەی کیشوەری هیندستان کە لە هەموو ناوچەکانی جیهان پڕ دانیشتووترە. هەر ئێستاش یەمەن و فەلەستین و سودانی بخەرە سەر، کە برسێتی لە دەرگایان دەدات.

بەو پێیەی ماڵپەڕی (فۆربێس) - کە ماڵپەڕێکە تایبەتە بە کاروباری سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکانی جیهان - دەڵێ :{سەبارەت بە ژمارەی دارا و دەوڵەمەندەکانی جیهان، ساڵی (٢٠٢٤)، کە هێشتاش نەگەیوەتە کۆتایی، شاهیدی ساڵێکی ناوازە بووین، لەو ساڵەدا، تا ئێستا، (٢٧٨١) ملیاردێری لە سەرانسەری جیهاندا تۆمارکراوە}، بەگوێرەی ئەو ماڵپەرە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەمە ژمارەیەکی بێ وێنەیە تا ئێستا لە جیهاندا ڕوینەداوە لە کەمتر لە ساڵێکدا [١٤١] ملیاردێر زیاد بکا بە بەراورد بە ساڵی ( ٢٠٢٣).

بۆ نموونە لە هیندستان، کە لە پلەی سێیەمی جیهاندایە لە هەبوونی زۆرترین ژمارەی ملیاردێرەکان لە دوای ئەمریکا و چین، ژمارەی ملیاردێرەکان بەرزبووەتەوە بۆ بەرزترین ئاست کە تا ئێستا نمونەی نەبووە ئەویش بە تۆمارکردنی (٢٠٠) ملیاردێری لەو وڵاتە.

ئامارەکانی ڕێکخراوی (ئۆکسفام) - کە ڕێکخراوێکی جیهانییە و نوێنەرایەتی ملیۆنان کەس دەکات کە هاوبەشی بنەمایەکن دەڵێ "جیهان دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی بژێوی و هەژاری حەتمی نییە"، - دەریدەخات کە تەنها هەشت(٨) کەس لەڕەگەزی پیاو خاوەنی سامانێکن لە جیهاندا هاوتایە لەگەڵ دەرامەدی نیوەی هەژارترین دانیشتوانی جیهان! ئەو ڕێکخراوە باس لەوە دەکا کە قەڵشتی نایەکسانی لە سامان و دەرامەتدا زیاتر لە جاران فراوان بووە و داتاکانی چین و هیندستان ئاماژە بەوە دەکەن کە نیوەی هەژارترین دانیشتوانی جیهان خاوەنی کەمترین داهاتن لەوەی پێشتر خەملێنراوبوو، و ئەوەی تەنها نۆ (٩) کەس لە جیهاندا خاوەنداریێتی دەکەن هاوتایە لەگەڵ ئەوەی (٣،٦) ملیار کەس کە بەدەستی دەهێنن، ئەوش نیوەی هەژارترین مرۆڤەکانی جیهان پێکدێنن.

وەک دەڵێن، جامەکە لەسەریەوە ڕژاوە و لافاوەکە گەیشتووەتە سەرلوتکەی چیاکان، هەژاری و نەداری هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە، هەژار کاتێک برسی دەبێ کە دەوڵەمەند لەتێریدا ورگی هەڵامسێ، ئەم ئامارە ترسناکانەش ئاماژەن بەوەی تەقینەوە بەڕێوەیە، بەڵام ئەم تەقینەوەیە حەتمیەتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو پێویستی بە کاری ئاگاهانە و هوشیاری و ڕێکخستن هەیە و وەک مارکس دەڵێت: (هەژاری شۆڕش دروست ناکات، بەڵکو ئەوە هۆشیاری ئاگا بوونە بە هەژاری کە شۆڕش دروست دەکات، ئەرکی ستەمکار ئەوەیە هەژارو نەدارت بکا و ئەرکی قەشە و مەلای ستەمکارانیش ئەوەیە کە هۆشیاریەکەت و نبکا) واتە تەنیا بوونی هەژاری بەبێ هەستکردن بە ستەم و ناداپەروەری شۆڕشێک دروست ناکات، ئەگەرچی لەوانەیە ببێتە هۆی تەقینەوەیەکی جەماوەری کە لەڕێگەیەوە توڕەیی و تۆڵەسەندنەوە و ڕقی پەنگخواردوو بتەقێنێتەوە، وەک ئەوەی لە ڕوداوەکانی (١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١) لەکوردستان و ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە ناوەڕاست و خواروی عێراق دا ڕوویدا، بەڵام نەیتوانی هیچ ئاڵوگۆڕەکی ڕیشەیی بەدیبهێنێ.

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا، بەگوێرەی ئەو داتایانەی سەرەوە، دێتە ئاراوە ئەوەیە: ڕێگای بنبڕکردنی یەکجارەکی و تەواوەتی هەژاری چییە؟ بەدڵنیاییەوە ئەوە نییە کە ڕۆژێک بۆهەژاری و وەبیرهێنانەوەی دەردەکانی لە جیهاندا دابنرێ، هەرچەندە خەبات بۆ سەپاندنی چاکسازی و باشترکردنی ژیان و دابینکردنی هەلومەرجی گوزەرانی گونجاو پرسێکە لە ڕەوتی ململانێ لەگەڵ بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەدارییەکەیدا نابێ دەستی لێهەڵگیرێ.

بەڵام بەدیهێنانی جیهانێکی خاڵی لە هەژاری، جیهانێکی ئازاد و یەکسان تەنها لە ڕێگەی شۆڕشی سۆسیالیستیەوەیە، ئەو شۆڕشەی کە چینی کرێکار وەک چینێکی ڕێکخراو و یەکگرتوو لەگەڵ هەموو توێژە زەحمەتکێش و هەژاران و ژنانی ستەملێکراودا ئەنجامی دەدەن.

٢٠٢٤-١٠-٢٥

# ئاسۆ کمال: بەبێ گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدار و چینی چەوساوەی نارێکخراودا ناتوانین نەخشەی سیاسی کوردستان و سیستمی سیاسی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی بگۆڕین.

### دیمانەی ڕەوت لەگەڵ ئاسۆ کەمال



**ڕەوت: ئایا بەڕاستی خەڵک دەنگی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی و نەوەی نوێ دایەوە بۆ دەسەڵاتدارەتیان؟ ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

ئاسۆ کمال: لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا دەبینین بەشێکی ئەم خەڵکە نارازییە کەوتنە دوای بانگەشەی یەکێتی و پارتی و دەنگیان دایەوە بەم حزبانە. ئەم خەڵکە مامەڵە لەگەڵ واقعێکدا دەکەن کە تیایدا دەژین و دەیانەوێ هەر ڕێگایەک تاقی بکەنەوە کە بەو هیوایەن دەنگدان بەم حزبانە بە قازانجیان بێت. هەرچەند باوەڕیشیان بەو حزبانە نەبێت یان خۆشخەیاڵ بن بە وەعدەکانیان. ئەمە نیشانەی ئاستی لاوازی سیاسی ئاسۆی ئەم خەڵکە نارازییە بۆ گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، وە لەمەش زیاتر ئاکامی نەبونی ڕیز و هێزی سەربەخۆ و نارێکخراوی ئەم خەڵکە نارازییەیە، کە نەیانتوانیوە تا ئێستا لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتەوە ئەم دەسەڵاتە بگۆڕن.

ئەم دوو حزبە لە ٣٣ ساڵی دەسەڵاتیاندا خەڵکی کوردستانیان بە دەوری خۆیاندا ڕێکخستوە لە چین و توێژی جیاجیادا. چینی دەسەڵاتدار بریتیە لە بنەماڵە سیاسیەکانی یەکێتی و پارتی کە خاوەنی هێزی چەکدار و دەزگای حکومی و کۆمپانیای نەوت و بازگانی و داهاتی کوردستان و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ناوچەیین. بە دەوری ئەم بنەماڵە سیاسیانەدا لە هەرەمی دەسەڵاتدا، چینی ناوەندی کاربەدەستان و خاوەن پۆستە باڵاکان و سەرمایەدارە حزبیەکان تەوەرەی بەستوە کە بڕبڕە پشتی دەزگای بەڕێوەبردنی بیرۆکراتی و سەربازی و ئابوری ئەم دوو حزبە پێک دەهێنێت. بەشێکیش لەم چینە سەرمایەدارە مام ناوەندیە کە نارازیە لە بەشی خۆی لە هێزی سیاسی وەک گۆڕان و نەوەی نوێ و ئیسلامیەکاندا خۆیان ڕێکخستوە و لەگەڵ دوو حزبی دەسەڵاتداردا ململانێی سیاسی و پەرلەمانی دەکەن لەسەر دابەشکردنی داهاتی کوردستان. هەرچی باقی خەڵکی کوردستان و زۆرینەکەیەتی چینی کرێکار و فەرمانبەر و مامۆستا و کاسبکار و هەژاری کۆمەڵگەیە، کە بەشێکیان ئەندامانی ئەم دوو حزبە و سەرباز و پێشمەرگەی ئەم دو حزبەن. هەر بۆیە سەرەڕای بونی نارەزایەتی چینی هەژاری خوارەوەی کۆمەڵگە بەڵام ئەم چینە لەچاو ئەو دوو چینەی سەرەوەدا نە ڕێکخراوە و نە هێزێکی سەربەخۆ و ئاسۆیەکی سیاسی جیاوازی هەیە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوازێکی تر. هەربۆیە لە هەڵبژاردن و دەنگدانەکانی هەموو ئەم ٣٣ ساڵەدا ئەو حزبە دەسەڵاتدارانە توانیویانە هێزی چینی کرێکار و فەرمانبەر و هەژاری کۆمەڵگە بەرنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و ڕەوایەتی بدەنەوە بەو دەسەڵاتە میلیشیایی و سەرکوتگەرە بورژوازییەی هەیانە.

بەبێ گۆڕان لەم ڕیزبەندیە چیانیەتیە و گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدار و چینی چەوساوەی نارێکخراودا ناتوانین بە تەبلیغات و هاندانی دژی گەندەڵی دەسەڵاتداران نەخشەی سیاسی کوردستان و سیستمی سیاسی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی بگۆڕین.

**ڕەوت: پێش هەڵبژاردن، پارتی پێداگری دەکرد لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم، یەکێتی یش دەیووت بەبێ من (مودیر عامێکیش) ناتوانێت دابنێت، ئایا پێت وایە دەورەیەکی تری کێشمەکیش لەسەر پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکان بەڕێوەیە؟ ئایا ئەمە چی بەقازانجی خەڵکی هەژاری کوردستانە؟**

ئاسۆ کمال: بێگومان دابەشکردنەوەی پۆستەکانی حکومەتی هەرێم بەهەر شێوەیەک بێت هیچی بەپێی قازانج و بەرژەوەندی خەڵک نییە و شەڕی ئەم دوو لایەنە لەسەر پۆستەکان لە پێناو حزبەکانی خۆیاندایە، کە هەر کامەیان لە سنوری سەوزدا بێت یان زەرد خەریکی کەڵەکەی سەرمایە و سەرکوتی دەنگی نارازییە و لەم بارەوە هیچ جیاوازیەکیان نییە.

شەڕی دوای هەڵبژاردن وەک پێش هەڵبژاردن بەردەوام دەبێ و هەڵبژاردن هاوسەنگی هێزی نەگۆڕیوە و هیچ کام لە یەکێتی و پارتی ناتوانن حکومەتی هەرێم بێ یەکتر دروست بکەن، چونکە حکومەتی واقعی هەرێم هەمان دوو ئیدارە و دوو حکومەتی ئێستا و ٣٣ ساڵی ڕابردووی سەوز و زەردە.

لە ڕاستیدا کورسیەکانی پەرلەمان و پۆستەکانی حکومەت هەرچۆنێک ڕێکی بخەنەوە ئەم کەشتیەی دەسەڵاتی تێکشکاوی سیاسی و ئابوری هەرێمیان بەرەو پێشەوە پێ ئاراستە ناکرێ. لەو کاتەوە کە "کاپتن ئەمریکا" دەستی بەرداوە لەم ئەزمونی "فیدراڵی"یەی یەکێتی و پارتی، ئیتر ئەم کەشتیەی دەسەڵاتیان کەوتۆتە گێژاوێکەوە کە بە هیچ شێوەیەک خۆی ناگرێتەوە. نەبونی ئەم ستراتیژیە بۆ ئیدارەیەکی هاوبەشیان، کە بۆ ماوەیەک بە ڕێکەوتنی ستراتیژی ١٠ ساڵەیان بە ڕێیان کرد ، ئیتر ئێستا باڵانسی هێزی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا تێک داوە. پارتی دەیەوێ باڵادەستی خۆی بپارێزی لە کۆنترۆڵی داهات بەپێی زۆنەکان و یەکێتیش داوای یەکسانی بونی بەشی زۆنی سەوز لەگەڵ زەردا دەکا.

هەر دوو لا دوای هەڵبژاردن درێژە بە هەمان سیاسەت و کار دەدەن کە دەتوانێ باڵانسی هێزیان بەرامبەر بە یەکتر بگۆڕێ. جا یەکێتی لەگەڵ ئێران و حکومەتی شیعەدا بۆ فشار خستنە سەر پارتی کارتی کورسیەکانی پەرلەمانی بەکار دەهێنێ و ڕێگا نادەن پارتی نەوت و گاز بفرۆشێ و پارتیش لەگەڵ تورکیا و لایەنەکانی تری حکومەتی عێراقدا یەکێتی لە قەیرانی موچە و بودجەدا دەهێڵێتەوە و چاوەڕێی هەر فرسەتێک لە عێراق و ناوچەکدا دەکا بۆ شکست پێدانی یەکێتی و ئیدارەکەی. هەڵبژاردنی عێراقیش دیسان دەبێتەوە بە خاڵێکی تر بۆ بردنە پێشەوەی ئەم کێشمەکێشەی یەکیتی و پارتی لەسەر پۆستە سیادیەکانی عێراق و گەڕان بە شوێن هاوپەیمانی عێراقی شیعە و سونەدا دژی یەکتر و لەوانەیە تێکەڵاو بکرێتەوە بە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە کوردستاندا.

ئەمانە ناکۆکی دوو هێزە کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا هەیە وەک سەرچاوەی هاوبەشی داهات و دەسەڵاتی میلیشیاییان و بەم ناکۆکیانەشیانەوە درێژە بە دەسەڵاتە هاوبەشەکەیان دەدەن.

**ڕەوت: بۆ ئەوەی کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی کوردستان، ماف و داواکانیان بەسەر حکومەتی ئایندەدا بسەپێنن، چی پێویستە لەسەر بزووتنەوەکانیان و هەڵسوڕاوە جەماوەرییەکانیان؟**

ئاسۆ کمال: ئەوەی دەتوانێ ئەم دۆخەی کوردستان بگۆڕێ گەشەکردنی ئەو بزووتنەوە نارەزایتییەی چینە کرێکار و فەرمانبەر و هەژارەکانی کوردستانە بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراو کە لەهەر شار و ناوەندێکدا لەبەرامبەر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا خۆی بە شێوازێکی سەربەخۆ ڕێکخراو و یەکگرتوو بکا و داوای سیاسی و ئابوری خۆی بەسەر ئەم دوو حزبەدا بسەپێنێ.

یەکەم؛ توێژی ڕۆشنبیری نێو نارەزایەتییەکان دەتوانن ئاستی سیاسی و هۆشیاری دژ بەم دەسەڵاتە بەرز بکەنەوە و لەگەڵ هەر سەرکەوتنێک لە داخوازی موچە و خواستە خزمەتگوزاریەکاندا هۆشیاری گشتی خەڵکی نارازی بەرەو بە خواستی بەرزتر بۆ گۆڕانکاری سیاسی و لابردنی ئەم سیستمە میلیشیا و گەندەڵە سەرمایەداریەی بەرن . لە ئاستی سیاسی و نوخبەی ڕۆشنبیری چینی کرێکار و هەژاری کوردستاندا پێویستە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی ڕوبدا و بزوتنەوەی سیاسی چەپ و کۆمۆنیستی نوێ بێتە ئاراوە کە تێکەڵاو بێت لەگەڵ ڕیزی نارەزایەتییەکانی جەماوەری زەحمەتکێشدا. بێگومان ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە نێو کۆمۆنیست و چەپەکانی کوردستاندا پێویستە تا بتوانن لە نارەزاتییەکاندا دەوری کاریگەر ببینن، ئەویش بەوەی کە لە پەراوێزی و سیکتاریزمی تا ئێستایان ڕزگار بن.

دووەم ئاستی هەڵسوراوانی نارەزایەتیەکانە. ئەم هەڵسوڕاوانە پێویستە ببن بە ڕێکخەری ئەم بزوتنەوەیە جەماوەریە بە شێوەی جۆراوجۆری تۆڕ و ریکخراوی جەماوەری و کۆمەڵایەتی. پێویستە گۆڕانکاری لە شێوازی ڕیکخراوبونی نارەزایەتیەکان و سەرتاسەری بونەوەیان و دروستبونی تۆڕی نارەزایتیەکاندا بێتە ئارا.

کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

# گۆڕانێک ڕووی نەداوە، بەڵام گەڕانەوەش نییە بۆ وەزعی پێش هەڵبژاردن!

## جەمال کۆشش

بۆ چینی بۆرژوازی کوردستان؛ بەوانەی لەسەر کارگە و چەند دۆنم زەوییەک و کڕینی سەرکردەیەکیان، دەست بۆ ژەهر خوردنی یەکتریش دەبەن، بەو سەرمایەدارانە کە شەو تەلەفۆن بۆ سەرۆکی حزبی دەسەڵاتی زۆنەکانیان نەکەن، خەو زڕ دەبن! بەئۆپۆزسیۆنە گوماناوییەکانیان، بەڵێ بۆ ئەوانە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، مانۆڕێکی مەدەنی کۆمەڵایەتی و چینایەتی یەکجار گرنگە، نمایشی هێزی ڕێکخراوی ئامادە بۆ دەسەڵاتدارەتی داهاتوو لە دەرکەوتەی کەرناڤاڵی و پۆلبەندی جەماوەریدا، کەمپینێکی میدیایی بە داگیرکردنی فکر و فەزای کۆمەڵگا.

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، چڕترین وێنەی بەرجەستەی ئەم تابلۆیە بوو. تابلۆی هەژموندارەتی بەرنامە و سیاسەتی بۆرژوازی. خود پێناسەکردنەوەی باڵادەستی سیاسی ئەم حزبانە لە بەرامبەر چینە هەژارەکاندا و هەوڵدان بۆ ڕەوایەتیدان بە کار و کردەوەکانیان وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی زۆرینە. لەبەرئەوەی ململانێکانیان لەسەر بەها (قییەم) و شکۆی هاوڵاتیانی هەرێم نەبوو، ناوچەی سەوز تۆختر و دەڤەری بادینان، زەردتر و زەردتر بوونەوە.

جێگەوڕێگەی سیاسی حزبەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنیشدا بەدەر نییە لە ناکۆکی و کێشمەکێشی چینایەتی. لەهەر هەڵسوکەوتێکی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا، بەر لەوەی حزبەکان بچنە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتردا، مانای واقعی لەبەرامبەر چینی کرێکاردایە و ئاراستەی ئەوان دەکرێت و دەیانکەن بە موڵکی خۆیان و بەکارییان دەهێنن بۆ ئەجنداکانیان. چینی بۆرژوازی کوردستان، نە لە حزبی کەمە، نە لە بەرنامە، نە لە کەسایەتی، نە لە ڕۆشنبیر، نە لە هیچ شتێک. لە هەمووی زیاتر پارە و سەرمایەی هەیە بێ شومار. پرۆلیتاریای کوردستان نە حزب، نە بەرنامە، نە سیاسەت، نەڕۆشنبیر و نەڕێکخراوەی چینایەتی هەیە.

حکومەت و پەرلەمانی دوای هەڵبژاردن، یاسای وەبەرهێنان و ناردنە دەرەوە، یاساکانی کار و کرێ و موڵکدارەتی، دارایی و بانکەکان، کەرتی گاز و نەوت، کەرتی پیشەسازی، ڕێگاوبان، کشتوکاڵ، تەندروستی، بازرگانی، سازمان دەداتەوە و یاسایان بۆ دەردەکات و هەوڵدەدات لانی زۆری قازانج بۆ کۆمپانیاکان و سەرمایەداران مسۆگەر و دابین بکات. هەموو ئەو یاسا و ڕێکارانەی کە لە کەرتی ووزە، گومرگ، باجدا دەرهاتوون و گیراونەتەبەر لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی پێشوودا، لە ڕوانگەی پەیوەندی سەرمایەداری و قازانج پەرستییەوە دەرکراون. پەرلەمان و حکومەتەکەی هەرێم واتا کابینەی دەیەمی دوای ئەم هەڵبژاردنەش، وەزیرەکانی (گۆڕان) بن، یان (پارتی). سەرۆکی هەرێم (پارتی) بێ و جێگرەکەی (یەکگرتوو)، یان (یەکێتی)، .... هەموویان لە بەرژەوەندی سەرمایەدار و ملیۆنێرەکانی خۆیانە. دیارترین نمونە سیاسەتی ئۆربانیکردنی شارەکانە. شارەکان زۆر بە سادەیی ڕیزبەندی چینەکان نیشاندەداتەوە.

لەبەرامبەر ئەم سیاسەتانەدا، پێویستە حزبی کرێکاران و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان، ئەڵتەرناتیڤیان هەبێت، لە یاساکانی کار، کرێ، بیمە و سۆشیالەکان، مافە کۆمەڵایەتیەکان و ئازادییەکان، خانە نشینی و بێکاری، ئازادییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان. خستنەگەڕی دەستکەوتە زانستی و تەندروستییەکان بۆ خۆشگوزەرانی گشتی و بەختەوەری لاوان و دابینکردنی دواڕۆژێکی یەکسان بۆ هەموو دانشتوان بەدەر لە توانای ئابوری و پلەی زیرەکییان.

خەڵکی کوردستان، بەتایبەت چینی کرێکار و بەهەژارکراویان، چاویان لەسەر خەباتی خۆیان بێت، شەڕی حزبەکان، شەڕە لەسەر پۆست و پارە و سەرۆک و جێگر و بەڕیوەبەرایەتیەکانیان، و پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا و تورکیا، ئێوە لە یارییەکە تێوە نەگلێن. پەردەی هەڵبژاردن دادرایەوە، دەورەیەکی نوێ لە پێکهاتە سیاسییەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم بەڕێوەیە، ئەمە ڕێکخستنەوەی جومگەکەنی دەسەڵاتە لە نێو فەڵەمڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هەرگیز قۆناخی گۆڕان و وەرچەرخان نییە، بەڵام ئەمەش قۆناخی گۆڕان و وەرچەرخان نییە و ڕووکەشە. ئاڵوگۆڕی گرنگ لە پۆستەکانی حکومەت پێشبینی دەکرێت، بەڵام دیزاینەکە بەشی ئێوەی لەخۆیدا نەگونجاندووە.



هەرچۆن بێت، ئەمجارە نابێت ڕێگا بدەن لەسەر هیچ حکومەتێک، مووچە و قوتی منداڵەکانتان ببڕێت. سەرە گێژە بەدیار چارەسەرەکانی ئەوانەوە نەخۆن، ئێستا نۆرەی ئێوەیە، بێنەوە نێو گۆڕەپانی سیاسی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسی کە ئاڵتەرناتیڤی پێیە بۆ ئایندەی کۆمەڵگا و ئاڵوگۆڕی مەزن.

کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

ژمارە ٣٢ نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# مارکسیستەکان و هەڵوێست لەبەرامبەرشەڕی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە چوارچێوەی دوایین پێشهاتەکانی شەڕی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فڕۆکەکانی ئیسرائیل ڕۆژی شەممە (٢٦)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) هێرشی ئاسمانییان بۆ سەر شوێنە سەربازییەکانی ناوخۆی ئێران ئەنجامدا، کە ئیسرائیل بە وەڵامدانەوەی ئەو هێرشە مووشەکییانەی لەقەڵەمدا کە ئێران پێشتر کردبوویە سەر ئیسرائیل لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵدا. بەم شێوەیە خولی دووەمی بۆردومانی ئاسمانی و مووشەکی نێوان هەردوو ڕژێم لە ئیسرائیل و ئێران کۆتایی هات. بەڵام لە (٢)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤) بەرپرسانی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران هەڕەشەکانی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل ڕاگەیاند، و بە گوێرەی هەندێک ڕاپۆرت، هێرشەکان بۆ سەر ئیسرائیل لە ناوخۆی عێراقەوە و لە لایەن میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامییەوە ئاراستە دەکرێن، ئەمەش ئەگەری زۆرە ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بکێشێتە ناو شەڕەکەوە.

بەم شێوەیە، وا دیارە، هێشتا ئەو ئەگەرانە هەر لە ئارادان بۆ پەرەسەندنی ئەم شەڕە ناوچەییەی ئێستا بۆ پانتاییەکی بەرفراوانتر، ئەمە جگە لە درێژەی شەڕی جینۆساید دژی فەلەستینییەکان لە کەرتی غەززە، و ئەو کۆمەڵکوژییانەی ئیسرائیل کە لە کەرتی ڕۆژئاوا بەرامبەریان ئەنجامی دەدا، و هەروەها بەردەوامی داگیرکردنی هەرچی زیاتری زەوییەکانیان، و دامەزراندنی شارۆچکەی جوونیشین (مستوطنات اسرائیلیة)، و بەردەوامبوونی هێرشی سەربازی ئیسرائیل و هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر باشووری لوبنان، و لێدانی ئامانجە سەربازییەکانی لە سوریادا. سەرجەم ئەم تاوانە تیرۆریستیانەی دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتی ناتانیاهۆ، شەڕێکی فراوانخوازانە پێکدەهێنن کە نوقمی تاوانکارییە و درێژەپێدەری سیاسەت و ستراتیژی ئیسرائیلە، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا، بۆ کێشانی نەخشەیەکی سیاسی نوێ بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەموو ئەو کارەساتە مرۆییە نوێیانەشەوە کە لەم پرۆسەیەدا دای دەسەپێنێت بەسەر فەلەستینییەکان و جەماوەری ناوچەکەدا.

ئیسرائیل زیاتر لە ساڵێکە ئەم سیاسەتە فراوانخوازییەی جێبەجێ کردووە و هەر بەردەوامیشە لەسەری، لە ڕێگەی شەڕی جینۆساید لە غەززە، وێرانکردنی سیستماتیکی باڵەخانە و خانووبەرە و نەخۆشخانە و کەرتی خزمەتگوزارییەکان، سەپاندنی بێ ماڵوحاڵی و ئاوارەیی بەردەوام بەسەر فەلەستینییەکاندا، و پراکتیزەکردنی سیاسەتی برسیکردن لە دژیان، و ڕێگریکردن لە هاتنی یارمەتیی مرۆییەکان، و کوشتنی کرێکاران و کارمەندانی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەم یارمەتییە پێشکەش دەکەن، تەنانەت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئیسرائیل ڕێگریی لە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان (ئونوروا-UNRWA)ش کردووە کە یارمەتی فەلەستینییەکان دەدات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی ئەلجەزیرە لە (٣١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، "لە ماوەی (٣٩٠) ڕۆژ شەڕی سەر غەززە، هێزە داگیرکەرەکان (٣،٧٥٩) کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە"، کە بووەتە هۆی کوشتنی "٤٣،١٦٣ فەلەستینی، لەنێویاندا زیاتر لە (١٧) هەزار منداڵ ... جگە لە بریندارکردنی (١٠١) هەزار و (٥١٠) کەسی دیکە". وە بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، هێزەکانی ئیسرائیل "زیاتر لە (٨٥) هەزار تۆن تەقەمەنییان دابارانووە بەسەر ئەم کەرتەدا، و لەم ڕێگەیەوە (١٥٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونیان بە تەواوی لەناوبردووە، هەروەها زیاتر لە (٢٠٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی تریشیان تا ڕادەیەک خاپوورکردووە، و (٣٤) نەخۆشخانەیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەکار خستووە". ئەم ژمارانە تا ئێستا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەر لە زیادبووندان.

هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (ئەشرق ئەلئەوسەت) لە (٣١)ی تشرینی یەکەم، کە لە وەزارەتی تەندروستی لوبنانەوە وەریگرتووە، "کۆی گشتی ژمارەی کوژراوان لە لوبنان گەیشتۆتە دوو هەزار و (٥٩٣) کەس"، ئەمە جگە لە ئاوارەبوونی زیاتر لە ملیۆنێک لوبنانی کە شوێنەکانی خۆیانیان چۆڵکردووە. هەروەک دەزانین کە داگیرکارییە سەربازییە زەمینیەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل بۆ باشووری لوبنان لە (٣٠)ی ئەیلولەوە دەستیپێکردووە و هێرشە ئاسمانییەکانی ئەم دواییەی نیمچە ڕۆژانەی ئیسرائیل بۆ سەر باشوور و ڕۆژهەڵات و (بەیرووت)ی پایتەختی لوبنان لە (٢٣)ی هەمان مانگەوە بەردەوامە.

ئەمڕۆ ڕژێمی زایۆنیستی لە ئیسرائیل و حکومەتی نەتانیاهۆ ئەو دەستکەوتە سەربازییانەی کە بەدەستییان هێناوە لەدژی هەردوو ڕێکخراوی (حەماس) و (حزبوڵای لوبنان)، "دەسکەوتێک" کە بە ڕشتنی دەریایەک لە خوێنی فەلەستینییەکان بەدەستییان هێناوە، وەک هەلێک دەیقۆزنەوە بۆ هەنگاونان بەرەو گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییە فراوانخوازیەکانییان، بە پشتیوانی تەواوی ئیدارە یەک لە دوای یەکەکانی دەستەی دەسەڵاتدار لە ئەمریکا. وە ئەگەر هەر دانوستانێک یان ئاگربەستێکیش لەم ڕێڕەوەدا قبوڵ بکەن، ئەوە تەنها تاکتیکێکی سیاسی کاتییە لەناو ئەم ستراتیژە سیاسییە تاوانکارییەدا.

## هەڵوێستی مارکسیستەکان لەسەر شەڕی ئێستا

گومانی تێدا نییە کە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران و بازووەکانی لە ناوچەکەدا؛ لە لوبنان، سوریا، عێراق، و حوسییەکان لە یەمەن، لە ژێر ناوی "جەمسەری بەرنگاری" کە (حەماس)یش دەگرێتەوە، لایەنێکە لە شەڕی ئێستای ناوچەکەدا. ، و ئەم جەمسەرە شتێک نییە جگە لە ڕژێم و هێزە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکانی دژ بە جەماوەری ناوچەکە، کە چینی کرێکار و ژنان و جەماوەری ئارزوومەندی ژیانێکی ئاسوودە و ئازاد خەبات دەکەن بۆ ئازادبوون لە چنگیان. ئەم جەمسەرە جگە لە تیرۆر و کۆنەپەرستی سیاسی و سەپاندنی پاشەکشەی ماددی و مەعنەوی هیچی دیکە پێشکەش بە کۆمەڵگاکانی ناوچەکە ناکات، و شەڕەکەی لە دژی ئیسرائیل یان ئەمریکا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە خەباتی دادپەروەرانەی جەماوەری چەوساوەی فەلەستین و ناوچەکە لە دژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی، و تاوانکارییەکانی هەردوکیان بە دژیان. ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە خۆی لەگەڵ ئەم جەمسەرەدا هاوخەبات بکات، جگە لە ئیسلامی یان ناسیۆنالیست هیچی تر نییە، تەنانەت ئەگەر بانگەشەی مارکسی یان سۆسیالیستیش بکات.

لە هەمان کاتدا ناکرێ گرتنەبەری هەڵوێستی مارکسیستی هەر لە بینین و ژماردنی تایبەتمەندییە سیاسییە کۆنەپەرست و تیرۆریستییەکانی جەمسەری ئیسلامیی بەشداربوو لەم شەڕەدا سنوردار بکرێتەوە، بەڵکو گرتنەبەری هەڵوێستی مارکسیستی لەسەر شەڕی ئێستا بە گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشەی ئەم شەڕە، و هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی، و پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی پشتییەوە دەتوانرێ بگیرێتەبەر. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەکردنی سروشتی خودی دەوڵەتی ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی وەک دەوڵەتێکی داگیرکەری ڕەگەزپەرستی ناسیۆنالیستی و ئایینی لە ناوچەکەدا کە ستراتیژێکی فراوانخوازانەی گرتۆتەبەر و هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەم ستراتیژەی لەسەر حیسابی داگیرکردنی سەرزەمینی فەلەستینییەکان و وڵاتانی دراوسێی ئەنجام بدات، لەڕێگەی کۆمەڵکوژی و وێرانکاری و شەڕ و بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشەوە بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی سەرمایەداریی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بۆ پراکتیزەکردنی هەژموونی خۆیان و درێژکردنەوەی کاریگەرییەکانیان بەسەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، و بۆ بەرژەوەندی ململانێیان لە دژی نەیارەکانیان لە جەمسەرە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکانی تر، و دژایەتیکردنیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و هەر ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ناوچەکە.

مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و ڕێکخراوە سۆشیالیستیەکان و ئازادیخوازەکان و سەدان ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا نارەزایەتی دەردەبڕن و خەبات دەکەن بۆ ئەوەی دەستبەجێ ئەم شەڕەی ئیسرائیل و ئەم وێرانکارییە و ئەم کۆمەڵکوژییانە ڕابگرن کە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە فەلەستین و لوبنان و سوریا ئەنجامیانیداوە، و لە خەباتدان بۆ دوورخستنەوەی ناوچەکە لە شەڕ و لە کەشوهەوای شەڕ. ئەوان ئەم خەباتە نێونەتەوییەیان گرتۆتەبەر، و ناخلیسکێنە ناو ڕیزەکانی بۆرژوازی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی و ڕەوتە سیاسی و فیکرییەکانی، وەک چۆن چەپی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبیدا هەڵخلیسکاون، هەروەها ئەوان پشتیوانی شەڕ و ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ئیسرائیلیش ناکەن لە ناوچەکە، و کارەساتەکانی پشتگوێ ناخەن، وەک هەندێک لە "کۆمۆنیستەکان" لە ئێراندا دەریدەبڕن.

ئەگەر تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم کۆمەڵکوژییانە و شەڕی ئێستای ئیسرائیل جیاناکرێنەوە لەوەی کە عێراق و ناوچەکە بۆ زیاتر لە سێ دەیەیە پێیدا تێدەپەڕێت، لە تاوانە جەنگییەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی (١٩٩١)، و گەمارۆدانی ئابووری وڵاتەکە، و داگیرکردنی لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣)، و لە هەڵگیرسانی شەڕی تایفەگەری، و سەرهەڵدانی تیرۆریستان لە گرووپە ئیسلامییەکانی وەک (ئەلقاعیدە) و (داعش)، و گەشەسەندنی هێزی میلیشیایی، و دامەزراندن و چەسپاندنی ڕژێمی سیاسی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی سەرکوتگەر لەم وڵاتەدا و زیادبوونی هێژمۆنی ناوچەیی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران. ئەمە جگە لەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیانەی کە داگیرکردنی باشووری لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی (١٩٨٢)دا لەسەر سەرهەڵدانی (حزبوڵای لوبنان) هەیبوو، هەروەها ئەو ڕۆڵەی ئیسرائیل گێڕای لە پشتیوانیکردنی (حەماس) و بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ لێدانی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و پووچەڵکردنەوەی بنیاتنانی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینییەکان.

ئیسرائیل، وەک دەوڵەتێکی فاشیستی، کە تا ئێسک پڕچەک و تەیار کراوە بە نوێترین چەکی وێرانکاری و تەکنەلۆجیای جەنگی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا، نوکی ڕمی ئەم زلهێزە ئیمپریالیستیانە پێکدەهێنێت لە ناوچەکەدا، لە بەرامبەر نەیارەکانیان لە وڵاتانی ئیمپریالیستی و زلهێزە ناوچەییەکان و هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی کاریگەری و نفوزی خۆیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ستراتیژی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە نە شتێکی نوێیە و نە شتێکی ئێستاتیک، و فۆڕمی کۆتایی وەرناگرێت بەڵکو ئەوە شەڕ و کاولکارییە کە بە درێژایی هێڵەکە بەردەوامە، و چڕبوونەوەی بێکۆتایی ململانێکانە، لانیکەم، لە داهاتوویەکی بەرچاودا.

پەرەسەندنی قەیرانی سەرمایەداریی جیهانی ئێستا، زیادبوونی هەرچی بەرفراوانتری خۆ پڕچەک کردن (التسلح) و چڕبوونەوەی ململانێکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، هەر لە شەڕی ئۆکرانیا تا ناکۆکی لەسەر تایوان و هاوپەیمانی و هاوکاری سەربازی ئەم دواییەی کۆریای باکوور و ڕووسیا، هەموو لە دەرکەوتەکانی ململانێی بەردەوامی نێوان ئەمریکا و زلهێزەکانی ڕۆژئاوان لە لایەک، و چین و ڕووسیا لە لایەکی دیکەوە. شەڕی جینۆسایدی ئیسرائیل کە لە دژی فەلەستینییەکان و جەماوەری ناوچەکە ئەنجامی دەدا، لە پێوەند بەم قەیرانە و ئەم مەیلە لە سیستەمی بۆرژوازی جیهانیدا بەرەو زیاتربوونی قەیران و ململانێی سەربازی و شەڕ ڕوودەدات.

هەڵوێستی دروستی مارکسیستی، کە سۆسیالیستەکان و پرۆلیتاریا سۆشالیستەکان لەهەر شوێنێک بن دەیگرنەبەر، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ململانێ سەربازییانە و ئەم چەکدارکردنە ترسناکەی وڵاتانی ئیمپریالیستی و ناوچەیی و ئەم شەڕە ئیمپریالیستیانەیە، و هەروەها خەباتکردنە لە دژی ئەو سیاسەتانەی کە جەنگەکان درێژکراوەیانن، وە یەکخستنی خەباتی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا و جەماوەری ئازادیخوازە، بۆ ئەوەی ئەو شەڕانەش بوەستێنێرێن کە ئێستا لە ئارادان. ئەم هەڵوێستە بەتەواوی بەسەر هەمان ئەو شەڕە جینۆسایدە کە ئیسرائیل لە ئێستادا بەرامبەر فەلەستینییەکان و جەماوەری ناوچەکە بەڕێوەی دەبات، ڕێک دێتەوە. شەڕەکان و دروستکردنی کەشوهەوای شەڕ، نەک هەر کۆمەڵکوژی و ماڵوێرانی و کارەسات بۆ جەماوەر دەهێنن، بەڵکو سەختییەکی یەکجار زۆر بۆ پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی سۆسیالیستی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا دروست دەکەن، و بەربەستی گەورەش دادەنێن لەبەردەم پەرەسەندنی هێزەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینە و چەوساوەکان لە بەرامبەر سەرمایە و سەرمایەداری و سیستەمە سیاسییەکەیدا.

ئومێد بەستن بە شەڕی ئیمپریالیستی و فراوانخوازی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە وڵاتانی ناوچەکە و ڕووخاندنی ڕژێمە ستەمکارەکانیان، یان دانانی ئەم شەڕە، وەک بەشێک لە چەپەکان لە ئێران بانگەشەی بۆ دەکەن، بە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ خێراکردنی هەوڵەکانی جەماوەری دژ بە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، کە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەیان لە ئامانجدایە، هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی مارکسیستییەوە نییە بەرامبەر بە شەڕی ئێستا و ئامانجە کۆیلەبارەکانی و پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوەی. واقیعی ئەوەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیووە لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەمەریکا و ڕووخاندنی ڕژێمەکە، بە شێوەیەکی بێئەملاولا (قاطع) ئەم تیۆرە سیاسییە بۆرژوازییە پووچەڵ دەکاتەوە کە لای هەندێک لە چەپەکان باوە. ئەم هەڵوێستە نەک هەر دەرئەنجامی سەرقاڵبوونی ئەم چەپانە نییە بە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا دژ بە سەرمایە و ڕژێمە سیاسییەکەی لە ئێران و وڵاتانی دیکە، بەڵکو دەرەنجامی سەرقاڵبونیانە بە هێنانەدی گۆڕانکارییەکی سیاسی ڕووکەش لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی بورژوازی و لە چوارچێوە سیاسییەکانیدا کە خنکێنەری ئیرادەی سیاسی چینایەتی سەربەخۆی جەماوەری کرێکار و چەوساوە و هەژارانن.

## شۆڕشی کۆمەڵایەتی و هەڵوێست لەسەر شەڕ

ئیسرائیل و ئەمریکا لە شەڕی ئێستایاندا ئەوەندە بەدوا ڕووخاندنی ڕژێمەکانەوە نین، ئەوەندەی بەدوای ملکەچکردنی وڵاتانی ناوچەکەوەن بۆ ژێر نفوزی خۆیان و لەم ڕەوەندەشدا تێکدانی پەیکەرەی مەدەنی و ئابوری ئەو کۆمەڵگایانە، و سەپاندنی پاشەکشە بەسەریاندا لەناو کایەی ململانێ ناوچەییەکانیاندا، وە لەوەش گرنگتر بە دوای ئەوەوەن کە لێدانە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و سەپاندنی پاشەکشەی بەردەوام بەسەریاندا.

ئەوە ئاشکرایە کە گرتنەبەری هەڵوێستی سیاسی بەرامبەر بە شەڕ بۆ مارکسیستەکان و کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان شتێک نییە کە لە بۆشاییدا هەڵواسراپێت، بەڵکو لە سەرووی هەموو شتێکەوە هەڵوێستێکی چینایەتییە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بەرژەوەندی چینی کرێکار، و بەرژەوەندییەکانی پێشڕەویی خەباتە چینایەتیکەی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریاوە هەیە.

هەرکەسێک ئەمڕۆ ئەرکی پەرەپێدان و ڕێکخستنی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاری سەربەخۆ و بەرژەوەندییەکانی پێشخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی، لە هەلومەرجی پێش شەڕ و لە کاتی ڕوودانیدا، لە حیساباتە سیاسییەکانیدا دەردەکات، هەمان ئەم ئەرکە و ئەم بەرژەوەندییانەش، لە هەلومەرجی دوای ڕووخانی ئەو دەسەڵاتەی کە باسی لێوە دەکرێت و ئەو وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەگەڵیدا دێنەئاراوە لە حیساباتی خۆی دەکاتە دەرەوە.

مارکسیستەکان لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ شەڕ و لە گرتنەبەری هەڵوێست بەرامبەری، لە پێگەی چینی کرێکار و بەرژەوەندی خەباتی سۆسیالیستییەوە دەست پێدەکەن، و ئەم پێگە و دیدگا چینایەتییە پرۆلیتارییە بێگومان لە هەڵوێستەکە جیاناکرێتەوە لەسەر شەڕ، چونکە لیکهەلپێکراون. ئەو کۆمۆنیستەی کە لە هەلومەرجی ئارامی (الامنة) کۆمەڵگادا بە پەیگیرییەوە درێژە بە خەباتی سۆسیالیستی خۆی دەدات، و بەرگری لە بەرژەوەندی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکات، و تێدەکۆشێ بۆ زامنکردنی ئەم هەلومەرجانە لە پیناوی ئەم پێشکەوتنەدا، و بەم شێوەیە هەڵوێستی دژە شەڕ دەگرێتەبەر، هەر ئەو کۆمۆنیستەشە کە سیاسەتی بەرەوپێشبردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دەگرێتەبەر لە ئەگەری ڕووخانی ڕژێم، لە ئەنجامی شەڕەکەدا، و هەمان سیاسەت و ڕێبازیش دەگرێتەبەر کە هەر ئێستا گرتویەتەبەر سەبارەت بە پرۆسەی پەرەپێدانی توخمەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە هەلومەرجی پێش جەنگدا، وە ئەو کات پەیگیرانە خەبات دەکات دژی ئەوانەی خۆیان فڕێ دەدەنە باوەشی بۆرژوازی و وەهمە سیاسییە پۆپۆلیستییە چەپەکانەوە، کە دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم کریستاڵایزەبوونی ڕیزی سەربەخۆی سیاسی چینایەتی پرۆلیتاریا و پێشڕەوییەکانی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەی.

هەرکەسێک لە خەمی ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردایە، نە ڕادەکێشرێتە ناو سیاسەتی سەروو چینایەتی و ڕادیکالیزمی سیاسی بۆرژوازییەوە، و نە ئومێد دەبەستێ بە ئیسرائیل و زلهێزە ئیمپریالیستەکان و شەڕەکەیان، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکات بۆ ئەنجامدانی ئەرکی خەباتی جەماوەر بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ڕژێمەکانی ئیسلامی سیاسیی، چونکە بە پێچەوانەی ئەم خۆشباوەڕیانە، ئەوەی کە ئەم تیۆرە و ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە لە شەڕ و پەیوەندییەکەی بە ڕووخاندنی ڕژێمەکانی لە لایەن جەماوەرەوە فەراهەمی دەهێنێ ئاسانکارییە بۆ خلیسکان بۆ ناو ئۆردوگای بۆرژوازی و ئۆردوگای دەستەڕاستییەکانی کۆمەڵگا و سیاسەتەکانی.

بەم پێیە هەرکەسێک کە بیر لە ڕووخاندنی دەسەڵات بکاتەوە وەک ئامانجێک لە خۆیدا، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی سیاسی چینایەتی ئەوەی کە دێتەئاراوە لە ئاکامی پرۆسەکە و چۆنیەتی ڕووخاندنەکە دیاری بکات، کە جەماوەر ماوەیەکی زۆرە بۆ بەدەستهێنانی خەبات دەکات، ئەوە نیشان دەدات کە ئەو بیر لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا و ڕزگاربوون لە سیستەمی سیاسی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندە سیاسییەکانی خۆی و ڕادیکالیزمە سیاسییە بەرتەسکەکەیەوە بیر لە پرۆسەی ڕووخاندن دەکاتەوە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان گرێدراوە بە بورژوازی و ڕەوتە سیاسییەکانییەوە.

ئێمە وەک مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان پابەندین بە تیۆری خەباتی چینایەتی بۆ ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا و کۆمەڵگا لە چنگی سەرمایە و سەرمایەداری و لە دەوڵەت و سیستەم و ڕەوتە سیاسی و فیکری و ئایینی و ناسیۆنالیستی و نیولیبراڵەکانی و شەڕ و ململانێکانی و کارەساتەکانی، ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ئەرک و چەڵێنجی گەورەین. پێویستە لەسەرمان خەبات ڕێکبخەین و هەوڵی مارکسیستەکان و ڕیزەکانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ یەکبخەین، نەک تەنها لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی سیاسی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی لە بەرامبەرشەڕی ئێستادا، کە تەوەرەییەبەستێ لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی ئێستا و بەرگریکردن لە گەشەپێدانی خەباتی سۆسیالیستی سەربەخۆی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سیاسییان لە هەموو قۆناغ و وەرچەرخانە سیاسی و سەربازییەکاندا کە لە ئەنجامی ئەم بارودۆخانە و پێشهاتەکانی دواتریانەوە دێتە ئاراوە.

٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤



موئەیەد ئەحمەد

ئومێد بەستن بە شەڕی ئیمپریالیستی و فراوانخوازی ئیسرائیل و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە وڵاتانی ناوچەکە و ڕووخاندنی ڕژێمە ستەمکارەکانیان، یان دانانی ئەم شەڕە، وەک بەشێک لە چەپەکان لە ئێران بانگەشەی بۆ دەکەن، بە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ خێراکردنی هەوڵەکانی جەماوەری دژ بە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، کە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەیان لە ئامانجدایە، هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی مارکسیستییەوە نییە بەرامبەر بە شەڕی ئێستا و ئامانجە کۆیلەبارەکانی و پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوەی. واقیعی ئەوەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیووە لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەمەریکا و ڕووخاندنی ڕژێمەکە، بە شێوەیەکی بێئەملاولا (قاطع) ئەم تیۆرە سیاسییە بۆرژوازییە پووچەڵ دەکاتەوە کە لای هەندێک لە چەپەکان باوە. ئەم هەڵوێستە نەک هەر دەرئەنجامی سەرقاڵبوونی ئەم چەپانە نییە بە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا دژ بە سەرمایە و ڕژێمە سیاسییەکەی لە ئێران و وڵاتانی دیکە، بەڵکو دەرەنجامی سەرقاڵبونیانە بە هێنانەدی گۆڕانکارییەکی سیاسی ڕووکەش لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی بورژوازی و لە چوارچێوە سیاسییەکانیدا کە خنکێنەری ئیرادەی سیاسی چینایەتی سەربەخۆی جەماوەری کرێکار و چەوساوە و هەژارانن.

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ئاکامەکانی هەڵبژاردن، لێکدانەوەی ماتریالیستی و هەڵوێستی کۆمۆنیستی



نادر عەبدولحەمید

بەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی (پەرلەمانی هەرێمی کوردستان)، لە (٢٠-١٠-٢٠٢٤)دا، (کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق) ڕایگەیاند لەسەدا حەفتا و دوو (٧٢%) بەشداریان کردووە. ئەم ڕێژەیە قابیلی مشتومڕە (جەدەلە) و لەواقعدا زۆر لەوە کەمترە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ڕێژەی بەشدار بووانی ئەم خولە لەچاو دوو خولی پێش خۆی نکۆڵی لێ ناکرێت کە زیاترە، سەرەتای ئەم باسەشمان لێکدانەوەیەکە لە ڕوانگەیەکی ماتریالیستیانەی چینایەتییەوە بۆ بەرزی ڕێژەی دەنگدان لەم خولەدا.

بەدڵنیاییەوە، هەم فشارەکانی هەردوو حزبی دەسەڵات و ئیمتیاز پێدان و کڕینی دەنگ، وە هەم هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی خۆی بینیوە لە ڕێژەی زۆری بەشداربووندا، بەڵام هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە بۆچی جەماوەری ئەم هەرێمە لەگەڵ ئەم فاکتانەشدا لە دوو هەڵبژاردنی پێشووتردا (٢٠١٨ و ٢٠٢١) بایکۆتیان کرد، کەچی لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری؟ کەواتە دەبێ بەدوای ئەو هاندەرە دیاریکراوە بابەتییەدا بگەڕێین بۆ رووهێنانی جەماوەر لەم هەڵبژاردنەدا بۆ سندوقەکانی دەنگدان.

## خاڵی هەرەسەرەکی ئەم هەڵبژاردنە

ئەگەر وەک کۆمەڵناسێک لە ڕوانگەی ماتریالیستی مێژووییەوە سەیر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین لە دە (١٠) ساڵی ڕابردوودا، لە (٢٠١٤) بەدواوە، دوای قەیرانی ماڵی حکومەت و قەیرانی ئابووری گشت کۆمەڵگە، خۆپێشاندان و مانگرتنەکان وەک بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ناوەڕۆکی چینایەتی و خواستەکانیانەوە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی تەواوی بەسەردا هاتووە، و جیاواز بووە لە بزووتنەوەکەی (سەردەشت عوسمان ٢٠١٠) و بزووتنەوەکەی (١٧ شوباتی ٢٠١١) و ئەوانەی پێشووتریش.

ئەم بزووتنەوە چینایەتییە تازەیەی دە (١٠) ساڵی ڕابردوو، پێ بە پێ و قۆناغ بە قۆناغ لە شەپۆلی خۆپێشاندانەکانی ئۆکتۆبەری (٢٠١٥) و سێپتێمبەری (٢٠١٦) و دیسێمبەری (٢٠١٧ - تا مارسی ٢٠١٨)دا بە خێرایی گەشەی کردووە و خۆشباوەڕی نەماوە بەو چاکسازییانەی کە هەردوو حزبی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی قەومی و ئیسلامی (گۆڕان و حزبە ئیسلامییەکان لەو کاتەدا) بانگەشەیان بۆدەکرد، ئەمەش لە هەڵبژاردنی (٢٠١٨ و ٢٠٢١)دا بە ئاشکرا خۆی لە بایکۆتێکی بەرفراوانی جەماوەری و ڕێژەیەکی کەم لە بەشداری دەنگدان نیشاندا، بەڵام بۆچی ئەم تەوژمە چینایەتییە دژ بە دەسەڵاتی بورژوازی لۆکاڵ لە هەرێمی کوردستان، نەیتوانی لە بایکۆت زیاتر واوەتر بڕوات و لێرەدا وەستا؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لە ئارادا نەبوونی حزبێکی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی خاوەن ئیتۆرێتە و چەکدار بە ئاسۆیەکی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵ و ئینتەرناسیوناڵ. با ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان ئەگەر حزبی بەلشەفی لە (١٩١٧)دا لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەو کاتەی ڕووسیادا لە ئارادا نەبوایە، هەموو گیانفیداکاری چینی کرێکار و شوراکانیان نەیدەتوانی شۆڕشێکی سەرکەوتووی سیاسی-کۆمەڵایەتی وەک (شۆڕشی ئۆکتۆبەر) ئەنجام بدات.

جا لەم هەلە زێڕینە مێژووییە لە هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢١) کە هاوکاتی (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)ی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بوو، ئەو تەوژمە لە خەباتی چینایەتی توێژە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار، لە سەراسەری عێراقدا بە هەرێمی کوردستانەکەشیەوە کە وەک لافاوێک ڕووەو ڕامالینی دەسەڵاتی بورژوازی ناوەندی بەغدا و دەسەڵاتدارەتی لە هەرێمی کوردستانەکەیدا سەری هەڵدابوو، وە ئیمکانی گرێدانەوەیان هەبوو بەیەکترییەوە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەڵام لە غیابی حزبێکی پێشڕەوی لینینیدا ئەم ئیمکانییەتە نەهاتەدی و بورژوازی عێراق توانی بە هەڵبژاردنی (٢٠٢١) خۆی قوتار بکات و لە هەرێمی کوردستانیشدا لە (٢٠٢١) بەدواوە ئەم لافاوە لە تووڕەیی و بێزاری جەماوەری زەحمەتکێش هەوڵیداوە دەرچەیەک بۆ ڕزگاربوون لەم پەنگخواردووییە پەیدا بکات، کە ئەم دەرچەیەی لەم هەڵبژاردنەدا بینییەوە!

لە خولی پێنجەمی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمەوە، تا خولی شەشەمی هەڵبژاردنی (٢٠٢٤) جەماوەری زەحمەتکێش، ژنانی ستەملێکراو، ئەو کچ و کوڕانەی کە زۆرێکیان خوێندنیان تەواو کردووە و بێکاری و هەژارییان بەسەردا سەپێنراوە و لە بێ خزمەتگوزاریدا ڕاگیراون و پەراوێز خراون، هەرگیز خۆشباوەڕیان نەگەڕاندۆتەوە بۆ ئەم ڕژێم و دەسەڵاتە و حزبە فەرمانڕەواکانی، تا ئەمە نهێنی بەشدار بوونە زۆرەکەیان بێت، بە پێچەوانەوە ئەو جەماوەرە لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمجارە لەم هەڵبژاردنەدا ئیمکانی ئاڵوگۆڕێک هەیە، هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا کەمتر خواست و داواکاری خستەڕوو، وە چاوەڕێی ئەوە بوو کە گۆڕانەکە بێتەدی، ئەمەش لە بەرنامە و کەمپینی هەڵبژاردنی لیستە جیاوازەکانیشدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو کە کەمترین وادە و بەڵێن دەدرا و پێداگری بوو لەسەر "دەیگۆڕین" و "وەڵای دەنێین"، "ڕێڕەوی دەسەڵات ڕاست دەکەینەوە" و "خۆسەپێنییەکەی ناهێڵین"، ... هتد.

## دۆڕاوی ئۆپۆزسیۆن بە هێنانی دەنگی زۆرەوە

جگە لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) هەر هەموو حزبەکان هەتا بە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) یشەوە وەک ئۆپۆزسیۆنی ئەم حزبە بەشداریان لەم شانۆگەرییەی هەڵبژاردندا کرد بە ئامانجی شکاندنی قۆرخکاری (پارتی) بۆ جومگەکانی دەسەڵاتدارەتی لەم هەرێمە. [(یەکێتی) لە (١٩٩١)ەوە بە واقعی یەکێک لە دوو حزبی دەسەڵات بووە و لە کاتی هەڵبژاردن و لە ئێستای دوای هەڵبژاردنیشدا هەر ئەوەیە، بەڵام لەسەر شانۆی هەڵبژاردنەکە ڕۆڵی ئەکتەرێکی ئۆپۆزسیۆنی دەبینی بۆ گردکردنەوەی جەماوەر بەدەوری خۆیدا]، ئەمەش تەشخیسێکی دروست بوو بۆ مەزاجی جەماوەر. تەنانەت (گۆڕان) یش تەنها پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بەسەر بچێت لە کابینەی نۆهەمی حکومەتی هەرێم کشایەوە و خۆ وەک ئۆپۆزسیۆن ڕاگەیاند.

وە ئاکامەکانیش ئەوە نیشان دەدەن، کە زۆرینەی جەماوەر دەنگیان بەو "بەرە"یە داوە لە ئۆپۆزسیۆنێکی نایەکگرتوو دژی حزبی ئۆکتۆپووسی (-Octo pus-ئەختەبووتی) دەسەڵات کە (پارتی)یە. ئەگەر پێنج (٥) کورسی کۆتای پێکهاتەکان هەژمار نەکەین ئەوا لە کۆی (٩٥) کورسیی پەرلەمان؛ پارتی (٣٩) و هەموو حزبەکانی تر لە لایەکی ترەوە وەک ئۆپۆزسیۆنی نەیار بەو حزبە (بەجیا لە نایەکگرتوویی و ناکۆکی ناوخۆیان)، (٥٦) کورسیان بەدەستهێناوە.

ئەگەر هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان وەک هەڵبژاردنی (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لە نێوان دوو جەمسەردا بووایە، کە هەرجەمسەرە بۆخۆی لە جۆرەها فراکسیۆنی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگی ناکۆک بەیەک پێکهاتووە کە وەک بەرەیەکی یەکگرتوو وایە نەک وەک حزبێکی سەنتراڵ، ئەوا جەمسەری ئۆپۆزسیۆنەکە لەم هەڵبژاردنەدا لە هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی لە دەست (پارتی) دەرهێنابوو. جەماوەر دەنگی داوە بە ئۆپۆزسیۆنی دژ بە حزبی قۆرخکاری دەسەڵات لە هەرێمەکە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن یەکگرتوو نییە و ناشتوانێت یەکگرتوو بێت تا دەسەڵات لە دەستی (پارتی) دەربهێنێ.

ئەم حاڵەتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم ڕێک لە حاڵەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بریتانیا دەچێت کە لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا (٢٠٢٤) بەڕێوە چوو. کۆی ئەو دەنگانەی کە هەردوو (حزبی پارێزگاران) و (حزبی ڕیفۆرم) بە دەستیان هێنا لە (٣٨%) بوو، وە (٤%)ی زیاتر بوو لە دەنگی (حزبی کرێکاران) کە لە (٣٤%)ی بەدەستهێنا بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە ئەو دوو حزبە هاوپەیمانی یەکتری نەبوون، بۆیە (حزبی کرێکاران) بەڕێژەیەکی کەمتر لە کۆی ڕێژەکەی ئەوان، وەک براوەی یەکەم حکومەتی بریتانیای گرتە دەست.

(پارتی)ش لە هەرێم وەک حزبی کەمایەتی واقعی، (نەک هەر کەمایەتی لە ڕێژەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵکو هەتا کەمایەتی لەو ڕێژەیەش کە دەنگیداوە) جارێکی تر لەڕێگەی ئەم شانۆیەوە شەرعییەت بە فەرمانڕەوایەتی خۆی دەداتەوە و دەسەڵاتی خۆی قایم دەکاتەوە بەسەر جومگەکانی حوکمڕانی و بەسەر چارەنوسی چەند ملیۆن ئینسان لەم هەرێمەدا، وە لافی ئەوەش لێدەدات کە خەڵکی کوردستان هەڵیبژاردووە!

هەڵبژاردنی سەراسەری (٢٠٢١)ی عێراق کە تیایدا (ڕەوتی سەدر) لیستی براوەی هەڵبژاردنەکە بوو، بەدوای قەیرانی پێکهێنانی حکومەتدا خۆی کشاندەوە لە پەرلەمان و (چوارچێوەی هەماهەنگی) کە لیستی کەمینە بوو، دەسەڵاتی گرتەدەست وەک دژە شۆڕشێکی دژە (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)، (ڕەوتی سەدر)یش بەو شێوازە خزمەتە چینایەتییەکانی خۆی بەدژی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە ئەنجامدا. ئەمەی لە کوردستانیش دەگوزرێت لەم هەڵبژاردنەدا لە ناوەڕۆکدا هەمان مەسەلەیە، بەڵام لە شکڵ و میکانیزمەکانی هاتنەدیدا جیاوازن، (پارتی) وەک کەمینەکەی (چوارچێوەی هەماهەنگی) دەسەڵات دەگرێتەدەست و ئۆپۆزسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامی کوردستانیش دروست وەک (ڕەوتی سەدر) خزمەتکارییە چینایەتییەکانی خۆی دژی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ئەنجامدا.

## زەمینە ماددییەکانی خۆشباوەڕی جەماوەر بە گۆڕانکاری پەرلەمانی

بەر لەوەی بڵێین جەماوەر خۆشباوەڕ بووە بە ئۆپۆزسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامی، پێویستە سەرەتا ئاماژە بەو زەمینە مادییە سیاسییانە بکەین کە بە موشەخەسی وایان کردووە جەماوەرێک ئاسۆی ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی لە خەیاڵیاندا ببێتە ڕێگەیەکی عەمەلی و واقعی بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە ناهەموارەی ژیانیان؟

شکستی یەک لە دوای یەکی پڕۆژە سیاسی و ئابوورییەکانی حکومەت (ی پارتی)، وەک شکستی ئابووری سەربەخۆ و ڕیفڕاندۆم، نەتوانینی دابینکردنی مووچە، تێکچوونی پەیوەندی هەردوو حزبی دەسەڵات، سەرباری ئەوانەش لە ڕێگەی (دادگای باڵا)وە دۆسیەی نەوتی لێ سەندرایەوە، پەرلەمانەکەی هەڵوەشێندرایەوە و پابەند کرا بە پێدانی موچە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، جا کۆی ئەمانە نەک هەر جێگەوڕێگەی هەرێمە فیدراڵییەکە و حکومەتی هەرێم و حزبە فەرمانڕەواکانی لە بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتی ناوەندی عێراقدا بچووک کردەوە، بەڵکو لەبەرچاوی جەماوەری خەڵکی هەرێمەکەشی خستن.

پێ بە پێ لە ماوەی ئەم دە (١٠) ساڵەی ڕابردوودا ئەم حکومەت و دەسەڵاتە هیچ شکۆیەک و پیرۆزییەکی نەما لای جەماوەر و ئەو هێز و دەسەڵاتەی جارانیشی نەما، وە لەناوخۆشیدا یەک دەست و یەکگرتوو نەمایەوە (جێگری سەرەک وەزیران شەش مانگ بایکۆتی حکومەتی کرد)، بەم پێیە پارسەنگی هێز لە نێوان دەسەڵاتدارەتی هەرێم و بزووتنەوەی نارەزایەتی توێژە جیاجیاکانی چینی کرێکار گۆڕانکاری بەسەردا هات، جا ئەم بارودۆخە مێژووییە سیاسییە زەمینەی ئەو خۆشباوەڕییانەی ڕەخساند کە دەسەڵاتێکی ئاوا ڕیسوا کە نەک هەر کێشەکانی هەرێم و ناوەندی پێ چارەسەر نەکراوە، بەڵکو خۆی بۆتە گەورەترین کێشەی ژیان و گوزەرانی خەڵکی، وە لە ئێستاشدا ناکۆکە لەناوخۆیدا و لە بێهێزترین و بێ سومعەترین قۆناغی خۆیدایە، ئیتر ئیمکان هەیە لەم هەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا گۆشەگیر بکرێت و چۆکی پێ دابدرێت و دەسەڵاتیش لە دەستی دەربهێنرێت.

## بوون بە پارسەنگ و ڕۆڵی بورژوا ئۆپۆزسیۆن

لە کاتێکدا لەناو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا زەمینەی مادی و بابەتی فەراهەم هاتووە بۆ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، وە جەماوەریش ئامادەی دەخالەتی سیاسییە، ئامادەبوونی بەدیلێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ لە چرکە ساتێکی ئاوادا و لە مەیدانەکەدا، بۆی هەبوو ئاڵوگۆڕی سیاسی لە هەرێمەکەدا، زۆر واوەتر بەرێت لە ئاڵوگۆڕێکی شکڵی و سەرەوەیی و دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات.

بەڵام لە غیابی ئەو بەدیلەدا جەماوەر ناچاربوو فشارەکانی خۆی چڕ بکاتەوە و کاریگەری دابنێ لەسەر کێشمەکێشی دووبەرەی بورژوازی دژ بەیەک؛ تا کێشمەکێشی نێوانیان توندوتیژتر بێتەوە بەو هیوایەوە کە لەم کێشمەکێشەدا ناچار بن سازش لەسەر دابینکردنی هەندێ خواست و پێداویستییە سەرەتاییەکانی بکەن، بە کورتی ڕیفۆرمێک لە بەرژەوەندی ئەو (جەماوەر) بەدەستبێت. بەم پێیە جەماوەر "گەمژەی سیاسی" نییە و فریووی نەخواردووە و هەڵنەخەڵەتاوە، بەڵکو لە غیابی بژاردەیەکی کۆمۆنیستیدا، جوڵەیەکی سیاسیی بە هوشیارییەکی دیاریکراوەوە ئەنجام داوە. جا لێرەوەیە کە ئەو جەماوەرە دەبێتە پارسەنگ بۆ ڕەوت و هێز و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی تا دەستاودەستی دەسەڵات لەنێوانیاندا ئەنجام بدرێت.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بارودۆخەکە زۆر لەباربوو بۆ بانگەشە و هاتوهاواری ئۆپۆزسیۆن، چونکە جەماوەر ئەزموونی بایکۆتی کردبوو پێشووتر و هیچی لە ژیانی نەگۆڕی بوو، وە لە ئێستاشدا دەبینێ دەسەڵاتی هەرێمەکە لەوپەری ڕیسوایی و بێ توانابیدایە و ئەگەر ئەمجارە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن ئەزموون بکات، ئەگەرێک هەیە گۆڕانێک لە ژیانیدا بێتەدی!، جا لەم ئاووهەوا لەبارەدا و لە حاڵەتێکیشدا کە جەماوەر بژاردەیەکی تری لەبەردەستدا نییە لەدەرەوەی ئەو بژاردە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگانەی قەومی و ئیسلامی، ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەم بارودۆخە لەبارەدایە کە ڕۆڵی کارای خۆی دەگێڕێ بۆ کێشکردنی هەرچی زیاتری جەماوەری ناڕازی بۆ بەشداری ئەم شانۆسازییە.

بەم شێوەیە جارێکی تر ئەم ئۆپۆزسیۆنە لە (٢٠٢٤)دا، هەمان ڕۆڵی (٢٠٠٩ و ٢٠١٣)ی ئۆپۆزسیۆنی (بزووتنەوەی گۆڕان) و حزبە ئیسلامییەکانیان بە جەماوەرێکی ناڕازی دووبارە کردەوە، کە ئەویش شەرعیەتدانەوە بوو بە هەمان دەسەڵات و وەک (نەوشیرەوان مستەفا) ئاوێکی ساردیشیان کرد بەسەر سەری خەڵکێکدا کە بەگەرموگوڕی هاتبوونە مەیدان بۆ گۆڕانکاری، کە ئەمەش بەدوای خۆیدا بێ ئومێدی و دیپرێشن و بە نەعلەتکردنی سیاسەت و تەسلیم بوون بە ئەمری واقع دێنێتە ئاراوە، و کاری شۆڕشگێڕانە و چالاکی کۆمۆنیستی و ڕێکخستنی سیاسی خەبات و نارەزایەتییەکان قورستر دەکات بۆ هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئەمە ڕۆڵی چینایەتی بورژوا ئۆپۆزسیۆنە لە خەباتی چینایەتی دژ بە چینی کرێکاردا.

وە ئەمە جەوهەری هاوکێشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانییە لە هەموو جیهاندا کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، ژنانی چەوساوە و توێژە بێ بەش و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە لە بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراودا، هاوڕای هاشوهوشی کەمپینی هەڵبژاردن دێنە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان ڕەوت و لایەنە بورژوازییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاڵوگۆڕییەکی سیاسی شکڵی و دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات، بەو هیوایەی کە بارودۆخی سەختی ژیانیان سوک بێت، بەڵام لەوسەرەوە بەدەستی بەتاڵەوە دەنێردرێنە ماڵەوە.

بەڵێ لە غیابی حزبێکی پێشڕەوی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵدا کە لە کێشمەکێشە سیاسی و فکرییەکانی کۆمەڵگەدا وەک ڕکەبەرێکی جدی بە دژی تەواوی بەرەی بورژوازی هاتبێتە مەیدانی جەنگ لە پێناو دەسەڵاتدا، ئەو جەماوەرە بژاردەیەکی تریان لەبەردەمدا نییە جگە لە بایکۆت یان بەشداری، بۆیە هەر چوار ساڵ جارێک یان بایکۆت تاقی دەکەنەوە یان بەشداریکردن، کە لە ڕێگەی بەشداریکردنیشەوە دەبنە پارسەنگی ئەم لایەن و ئەو ڕەوتی بورژوازی بۆ ئاڵوگۆڕییەکی ڕووکەشی سیاسی، کە لە واقعدا جگە لەوەی بەگشتی سیستمە سیاسییەکەی چینی بورژوازی شەرعییەتی پێوەر دەگرێتەوە، لە زۆر حاڵەتیشدا هەمان دەسەڵاتی فەرمانڕەوا شەرعییەت بەخۆی دەداتەوە، هەروەک لەم هەڵبژاردنەی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمدا دەیبینین.

بۆیە هەردوو ئەم ئەکتە سیاسییەی بایکۆت یا بەشداری هیچ لە جەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێت، وە ئەمە تەنگەنایەکی (مەئزەقە) مێژوویی و گرێ کوێرەکەیە و کۆمۆنیزم ڕووبەڕووی بۆتەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا، نەک هەر لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەڵکو لە تەواوی کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان لەسەراسەری جیهان و لە ژێر دەسەڵاتدارەتی بورژوازیدا.

## ئەڵقەی داخراوی بایکۆت یا بەشداری

هەزار و یەک بەڵگە لە ئارادایە، زووربەشیان ڕاست و دروستن، کە ئەم هەڵبژاردنەی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت بەپێی ستاندارده جیهانییەکانی بورژوازی هەڵبژاردنێکی کارتۆنییە، واقعی و دادپەروەرانە نییە.

ئەم بەڵگانە لەگەڵ هەموو ڕاستی و دروستییەکیشیاندا هێشتا لە ڕوانگەیەکی کۆمۆنیستییەوە پاکانە نیین بۆ بەشداری نەکردن، چونکە بنەمای بایکۆت کردنی کۆمۆنیستەکان لەسەر بێ خەوشی و پاکی هەڵبژاردنەکە نەوەستاوە، بەڵکو لەسەر ئەوە وەستاوە ئایە بەشداری یان بایکۆت وەک تاکتیکێکی موشەخەس لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا کامیان کۆمەگ بە بردنە پێشەوەی خەباتی چینایەتی بەگشتی و بە تایبەتیش یارمەتی پەرەپێدانی چالاکی پرۆلیتاریای سۆشیالیست دەدات لە دەرونی چینەکەی خۆیدا.

بەڵام ئەمە هێشتا هەر قسەیەکی گشتیی و تیۆرییە، پێویستە بە موشەخەسی بزانین ئەو فاکتە چییە کە پێویستە هەڵوێستی بایکۆت یا بەشداری لەسەر دیاری بکرێت لەم هەلومەرجە دیاریکراوە سیاسییەی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراقدا و لەم هەڵبژاردنەی خولی شەشەمی (٢٠٢٤)دا؟

پێشتر لەژێر ناونیشانی (خاڵی هەرە سەرەکی ئەم هەڵبژاردنە)دا باسمان لە بزووتنەوەیەکی چینایەتی کرد لە دە (١٠) ساڵی ڕابردوودا، کە چۆن لە پرۆسەیەکی خەباتکارانەی ڕۆژانەدا، وە بە ئەزموونی خۆی، خۆی جیاکردۆتەوە نەک هەر لە حزبەکانی دەسەڵات، بەڵکو لە ئۆپۆزسیۆنەکەشی و ئەمەش لە بایکۆتی جەماوەری بەرفراوانی هەردوو هەڵبژاردنی (٢٠١٨)ی هەرێم و (٢٠٢١)ی سەراسەری عێراقدا خۆی نیشاندا، وەک ڕەتکردنەوەی تەواوی ئەو سیستمە بە دەسەڵاتدار و بە بەدیلی ئۆپۆزسیۆنەکەیەوە، جا مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە دەبێ ڕێگە بگیرێت لەوەی کە ئەو ئاگاهییە بەرزە سیاسی و چینایەتییەی کەتا ساڵی (٢٠٢١) بەدەستهاتووە لەدوای ئەو ساڵە نەهێتەخوارەوە، بەڵکو پەرەدار بکرێ و بەرز بکرێتەوە بۆ ئەو ئاستە کە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستییەوە بێتەمەیدان و وەک هەنگاوی یەکەم نەک هەر ئەم حکومەت و دەسەڵاتە دیاریکراوەی هەرێم، بەڵکو سیستمە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکەشی تێکبشکێنێ و خۆی لێکهەڵبپێکێت بە بزووتنەوەی هاوچینەکانی لە گشت عێراقدا، وە کوردستان بکاتە مەڵبەندێک بۆ گەشەی خەباتی چینایەتی لەسەراسەری عێراقدا دژی دەسەڵاتی بورژوازی لە ناوەند و بۆ بەدیهێنانی شۆڕشێکی سۆشیالیستی سەراسەری و هەمە لایەنە.

واتا دەخالەتکردنێکی کۆمۆنیستی جدی فکری و سیاسی بۆ ڕێگری لەو هەوڵ و کۆششە فکری و سیاسییانەی کە ئەنجام دەدرا لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی قەومی ئیسلامی و ڕیفۆرمخوازانی دەرونی سیستمە سیاسییەکە، بۆ کێشکردنی ئەم جەماوەرە و هێنانەخوارەوەی لەو ئاستە بەرزە لە هەڵوێستی سیاسی ڕەتکردنەوەی سەراپای سیستمە سیاسییەکە (بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنییەوە) بۆ ئاستێکی نزم کە ببێتە بەشێک لە کێشمەکێشەکانیان و پارسەنگی ئەم یان ئەو حزب و ڕەوت و لایەنی بورژوازی لە هەڵبژاردندا.

جا ئەگەر بایکۆتەکە ئاکامی نەک هەر لێکدانەوەیەکی ماتریالیستی ئاوا، بەڵکو ئاکامی کارێکی کۆمۆنیستی پایەیی لەو چەشنە و پێشوەختی بەر لە هەڵبژاردنەکە نەبووبێت، ئەوا دەبێتە بایکۆتێک لە ڕووانگەی ڕادیکالیزمەی سەرووچینایەتی وردە بورژوازییەوە، کە لەڕووی عەمەلییەوە؛ یا ڕاگرتنی چینی کرێکارە لەو ئاستە لە هۆشیاریی ڕەتکردنەوەی سیستمەکە، کە ئەمەش مەحاڵە چونکە ناتوانێت لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە بە وەستاوی، بۆیە جارێکی تر دێتە خوارەوە و لێرەوە ئەرکی ئەم ڕادیکالیزمە وردە بورژوازیە ئەوە دەبێت کە هەوڵبدات هەمدیسان بەرزی بکاتەوە تا دەورێکی تر، بەم شێوەیە لە ئەڵقەیەکی بۆشدا دەسوڕێتەوە.

ئەگەری دووەم ئەوەیە کە ڕادیکالیزمەی وردەبورژوازی پاڵدەنێت بەو جەماوەرەوە و هانیان دەدات بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش بەبێ ئەوەی کە ئاسۆی سۆشیالیستی و ڕێکخراوبوونی ڕیزەکانی بەو ئاسۆیەوە بە ئەندازەی کافی لەئارادا بێت، کە لەوسەرەوە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش هەرچەندە گوڕزیش لە پەیکەرەی دەسەڵاتدارەتی بورژوازی بدەن و تێکیبشکێنن، بەڵام ناتوانن دەسەڵاتدارەتی چینایەتی خۆیان (واتا دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەو تەعبیرەی کە بورژوازی دزێوی کردووە و زەندەقی لێ چووە) دابمەزرێنن و جارێکی تر حزب و ڕەوتگەلێکی تری بورژوازی سەروسامان دەدەنەوە بە دەسەڵات و ئەڵقە داخراوەکە بۆ ڕادیکالیزمەی سەروو چینایەتی وردەبورژوازی سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە.

بۆیە لە غیابی کارێکی پایەیی کۆمۆنیستیدا بەشداری یا بایکۆت بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش و توێژە بێ بەش و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە گۆڕانکارییەکی مانابەخش ناهێنێتەدی.

## کۆمۆنیزمی جەماوەری

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و لەناو ئەو بزووتنەوەیەی کە ناسراوە بە (بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق) ئەم ناوەڕۆکی ڕادیکالیزمە سەروو چینایەتییە بەناوی کۆمۆنیزم و کرێکارەوە ڕەواجی پێدەدرێت. کێشەکە ئەوە نییە کە هەڵوێستی بایکۆت و دژایەتی سەراپای سیستمە سیاسییەکە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەیەوە شتێکی باش نەبێت، کە دیارە ئەمە شتێکی باش و ئەرێنی (ئیجابی)یە، کێشەکە لەوەدایە کە پێشوەخت، پێش هەڵبژاردن ناوەڕۆکی کۆمۆنیزمەکەی ئەو ڕەوت و حزبانە، ئەم ڕادیکالیزمە جەماوەرییەیە و لەم هەڵبژاردنەشدا هەر ئەمە ڕەنگ پێ دەدەنەوە.

لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا، چەند ساڵێکە تەوەرە و ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان، وەک ئاسۆیەک بۆ دەرچوون لە بارودۆخی "گێژاوی سیاسی" کوردستان، بێ ئەوەی بە دۆکیومێنتی ڕەسمی ڕەتکرابێتەوە، لە لایەن ئەو حزبەوە کە هەڵگریەتی بێدەنگەی لێکراوە، گەرچی هەندێ جار وەک نیگەرانی (لکاندنی هەرێم بە حکومەتی عێراقەوە کارەساتە!) گوزارشێک لە خۆی دەکات، بەڵام چەقی قورسایی خستنەڕووی ئاسۆی دەرچوون لەم دۆخەی هەرێم، لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا و بەتایبەت لە ڕێگەی ئەم حزبەوە، شفتی کردووە و چۆتەسەر شکڵپێدان و وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی سەروو چینایەتی ڕادیکاڵ و پۆپۆلیستی بۆ بەدەستهێنانی "ئازادی" و "گۆڕانکاری"، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی توێژە جیاجیاکانی زەحمەتکێشان و چینی کرێکار، وە لەم دواییانەدا ڕێکخراوی (کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری-مؤتمر الحرية والتغيير) پێکهێناوە بۆی، وەک پرۆژەیەکی هاوبەش لەگەڵ حزبی دەستەخوشکی لەسەر ئاستی عێراق، تا بزووتنەوەیەکی سەروو چینایەتی ڕادیکاڵ و پۆپۆلیستی لە هەرێمی کوردستاندا لە پەیوەندیدا بە هاوشێوەیەکی لەم چەشنە لە عێراقدا شکڵ پێبگرن.

ئەم دوو حزبە لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەی (کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری)یەوە، نارەزایەتیی توێژە جیاجیاکانی چینی کرێکار و بەشە (فئة) ستەملێکراو و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە کۆدەکەنەوە دژی حکومەت و دەسەڵات، هەوڵدەدەن ڕێکخراو و ڕابەرایەتییان بکەن و ئاسۆیەکی ڕادیکاڵیان پێ ببەخشن لە بزووتنەوەیەکی جەماوەری عموم خەڵکیدا. وە لە ئەدەبیاتی نوسراو و بیستراو و بینراویشیاندا باس لە بورژوازی و کرێکار و شۆڕش و کۆمۆنیزم دەکەن، وەک پەردەیەکی ڕازاوە بەسەر ئەو پراتیکە سیاسی و عەمەلی و واقعییە عموم خەڵکییەدا.

ئەم ڕەوتە لەم هەڵبژاردنەشدا هەر ئەو ناوەڕۆکە دیموکراتخوازە لە ڕادیکالیزمەی پۆپۆلیستی ڕەنگ پێدەداتەوە، بە زمان و چەمک و وشەی ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی. واتا لەم هەڵبژاردنەدا هەر ئەم کۆمۆنیزمە جەماوەرییەی ڕەنگپێداوەتەوە کە پێش هەڵبژاردنەکە خەریکی پیادەگردنی بووە.

هەروەها لەناو ئەم بزووتنەوە چەپ و کۆمۆنیستییەی هەرێمەکە، هەشە کە ناوی (کۆمۆنیست)ی هەر پێوە ماوە، بەڵام هیچ بانگەشەیەکی (ئیدیعایەکی) کۆمۆنیستی و کرێکاری نییە، و ڕەواج پێدەری هەمان ڕادیکالیزمەی سەرووچینایەتی پۆپۆلیستانەیە، دوور لە بەکارهێنانی چەمک و زاراوەی چینایەتی و سۆشیالیستی، وە بە ناوەڕۆکێکی ڕووتوقوتی دیموکراتخوازی و تاموبۆیەکی ناسیونالیزمی چەپ، وە هەر ئەوەشی ڕەنگ پێداوەتەوە لەم هەڵبژاردنەدا.

لەم نێوەدا (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، لە چەند ساڵی ڕابردوویدا لە هەرێمی کوردستان، لە ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتەکانیدا پێچەوانەی ئەو ڕەوتانەی، کە کار لەسەر کۆکردنەوەی و ڕێکخستن و

بڕوانە ل١١

# پرسەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری

ئامادەکردنی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

پرسەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری، هەرجارەی لەسەر بابەتێک چەند نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرێک دێنێتە گۆ. بانیژەی ئەدەب و کلتوور لە ڕۆژنامەی ڕەوت لەڕێگەی ئەم لاپەڕەیەوە دەیەوێت پەنجە بخاتە سەر گیروگرفتەکانی کایەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیی و ورووژاندنی پرسیاری جیددی. لەم ژمارەیەدا بانیژەی ئەدەب و کلتوور پرسی پەیوەندی نێوان دەق خوێنەر دەورووژێنێت.

پرسی ئەم ژمارەیە : پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر، پەیوەندییەکی داینامیکی و لێکهەڵپێکراوە بەجۆرێک کە نەک هەر دەق بە بێ خوێنەر ناتوانێت بژێت، بەڵکوو خوێنەریش دیوێکی تری پرۆسەی نووسینی دەقە. لێرەدا دەپرسین خوێنەری کورد تا چەند لەگەڵ دەقی کوردیدا چووەتە پەیوەندییەکی هارمۆنییەوە؟ ئایا پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق لەئاستە جیاوازەکانی زمان و مەعریفەدا توانیویەتی گرفتەکانی خوێندنەوە چارەسەر بکات؟

## عەبدولموتەلیب عەبدوڵا :

**خوێندنەوە جۆراوجۆرو فرە ڕەهەندە، خوێندنەوە جیاوازییەکان هەڵدەنێ و بیرکردنەوە تایبەتەکان دەنووسێتەوە... خوێندنەوە تەنها لە بوونی ڕەوانبێژی دەق و مەعریفە و ئاگایی خۆی نانوێنێ، ئەوەی لە خوێندنەوەدا گرنگە خەیاڵی داهێنەرانەیە.**



خوێندنەوە ئەو هێزەیە کە وادەکات پەیوەندییەکی داهێنەرانە یان مانا و دەلالەتی تایبەت بەرهەم بهێنێتەوە، خەیاڵێکی داهێنەرانە بونیاد بنێ، نەک پەیوەندییەکی هارمۆنی... بەو مانایەش پەیوەندی دەقنووس بە تێکست یان ئەو کەلەپورەی تێکستی بەرهەمهێناوە، پەیوەندییەکە وەک (پۆل ریکۆر) دەڵێت، لە سەر پارادۆکس هەڵچنراوە. بەو مانایەش خوێندنەوە جۆراوجۆرو فرە ڕەهەندە، خوێندنەوە جیاوازییەکان هەڵدەنێ و بیرکردنەوە تایبەتەکان دەنووسێتەوە... خوێندنەوە تەنها لە بوونی ڕەوانبێژی دەق و مەعریفە و ئاگایی خۆی نانوێنێ، ئەوەی لە خوێندنەوەدا گرنگە خەیاڵی داهێنەرانەیە، نەک هارمۆنییەت، لەو ڕووەوە کتێب هیچ پێشنیارێکی هارمۆنی نییە، کتێب بەس خۆیەتی لە پەیوەندی بە تاقمە جیاوازەکانی تر و بە گوێرەی جەستە بێ ئەندامەکانی تر، هەرگیز پرسیاری ئەوە ناکەین خوێندنەوە لە پێگەی دال یان مەدلول مانای چییە... ئەوەی بوونی هەیە ئەو خوێنەرەیە کە ڕوو لە دەرەوەیە، نەک ئەو خوێنەرەی کە ڕووی لە سندووقی کتێب و مەستی مانا و دەلالەتەکانە... بە کورتی کتێب، تێکست ماشێنێکی بچووکە و کورت نابێتەوە بۆ کۆمەڵێ ئاماژەی دیاریکراو یان تێگەیشتنێکی دیاریکراو.... بەڵکو پێویستە خوێنەر دووبارە خۆی بەرهەمبهێنێتەوە.

هەموو منێکی خوێنەر کە دەخوێنێتەوە دووبارە خودی خۆی دەخوێنێتەوە، چونکە هەموو (منێکی خوێندنەوە) هەڵگری بەرهەم هێنانەوەی خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیەتی، بەڵام هیچ منێکی نووسینەوە و منێکی خوێندنەوە، منێکی کامڵ نییە، پاشان ئەوەی کە منی نووسینەوە و منی خوێندنەوە داوای دەکات، جگە لە داهێنان و بەرهەمهێنانەوەی داهێنان و سەیرورە شتێکی دیکە نییە، بۆیە منی خوێندنەوە هەمیشە نوێنەرایەتی جۆرێک لە سەیرورە (یان نیارگەری داهێنەرانەی بەردەوام) دەکات، یان نوێنەرایەتی ئەو جێگیرنەبوونە دەکات، کە تەواوی ئەزموونگەرییەکانی داهێنان و سەیرورەی لەخۆ گرتووە. کەواتە کردەی خوێندنەوە بەردەوام (منی داهێنەرانە)ی سەیرورە نوێ دروست دەکاتەوە. پۆل ریکۆر لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەڵێ کاتێک دەخوێنمەوە (من)ی خۆم ڕووت دەکەمەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای خوێندنەوەوە بگەمە خودێکی دیکەی داهێنەرانەی نوێ. بەو مانایەش منی خوێنەر لە ڕێگای داهێنانەوە لە ڕێگای سەیرورەی داهێنانەوە بوونی خۆی و پرۆسەی جێگیربوونی تێگەیشتن و سەیرورەی بەردەوام فەراهەم دەکات، چونکە بوونی زاتیانەی (خوێنەر/وەرگر) چرکەیەکە لە چرکەکانی بوونی ڕاستەقینەی داهێنان و کاری داهێنانیش چرکەیەکی وجودییە و هەر کاتێکیش هەر دوو چرکەکە بە یەکگەیشتن ئیدی دیالۆگ لە سەر بنەمای (بەبیرهێنانەوە) و (تێبینیکردن) و (سەیرورە) دروست دەبێت، لەوێشەوە پرسی بەردەوام و وەڵامی بەردەوام دێنە دی، کە بە هۆیانەوە ڕووە جێگرەکانی حەقیقەتی بوون ئاشکرا دەبێت، هەر لەوێشەوە بەردەوام ئەزموونی وجودییانەمان لە نێو جیهاندا گەشە دەکات.

بەڵام ئەوەی بەردەوام لە خوێنەر و کلتووری خوێندنەوەی کوردی بەرچاومان دەکەوێ، ئەوەیە کە خوێنەری کوردی هەمیشە خوێندنەوە وەک سندوقێکی داخراو ڕوو لە ناوەوە دەبینێ، خوێنەری کوردی هەمیشە هەوڵدەدا هەموو گرژی و بەرکەوتن و دژایەتیەکانی نووسەر بگوازێتەوە، هەموو سەرسامی و کاریگەرییەکانی نووسەر لە خۆیدا بڕوێنێ، هەرگیز خوێندنەوە وەک کاڵایەکی خاوی داهێنان و سەیرورە نابینێ، هەرگیز خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی لە خوێندنەوەدا پرۆسیسە ناکات، گرفتی خوێنەری کوردی ئەوەیە، کە دەکەوێتە ژێر چالاکییەکانی نووسەرەوە و گرفتی خوێنەری کوردی ملکەچبوونە، هەرگیز ئەکتیڤبوونی خۆی نابینێ.


هەولێر / یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤

## شاخەوان سدیق

**لە هاوکێشەی (نووسەر، دەق، خوێنەر)دا، سەنتەربوون نامێنێت بۆ یەکێک لەوانە، بەڵکو کرداری تێکەڵبوون و تێکهەڵکشان جێگەیان دەگرێتەوە و هیچکام لەوانە ناتوانن بەبێ بوونی ئەوی دیکە گرنگ و واتادار بن.**

بێگومان لەنێوان دەق و خوێنەردا پەیوەندییەکی پتەوی دینامیکی هەیە،چونکە دەق بەبێ بوونی خوێنەر هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە و خوێنەریش بۆ ئەوەی هۆشیار بێت و ڕوانینەکانی بۆ خۆی و بوون بگۆڕێت پێویستی بە خوێندنەوەی دەقە، ڕاستە سەرەتا وشە هەبوو. بەڵام وشە و دەق، بەبێ بوونی خوێنەر جگە لەوێنەی چەند پیتێکی کێشراوی بێ گیان زیاتر هیچیتر نین. هیچ دەقێک، زیندوو و کاریگەر نییە و هەموو دەقەکان مردوو بێ ڕۆحن، ئەوە خوێنەرەکانن، بەتایبەت ( خوێنەری جددی) دێن و ڕۆحیان بەبەردا دەکەن و مەعنایان پێدەبەخشن، بۆیە لە هاوکێشەی (نووسەر، دەق، خوێنەر)دا، سەنتەربوون نامێنێت بۆ یەکێک لەوانە، بەڵکو کرداری تێکەڵبوون و تێکهەڵکشان جێگەیان دەگرێتەوە و هیچکام لەوانە ناتوانن بەبێ بوونی ئەوی دیکە گرنگ و واتادار بن، کارلۆس ڕوزی زافۆن، لە ڕۆمانی "یاریی فریشتەکە" دا دەڵێت" هەموو کتێبێک بەردەوام چەند ڕۆحێک تێیدا دەژی، ڕۆحی نووسەرێک کە کتێبەکەی نووسیوە، ڕۆحی خوێنەرانێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کتێبە دەخوێننەوە"

بێگومان ئەم ڕوانینە بەگشتی بۆ هەموو خوێنەرێک ڕاستە، جا خوێنەرەکە کورد بێت یان لەهەرشوێنێکی تری ئەم دونیایەدا بێت، جا دەقەکە کوردی بێت، یان بیانی و بەهەر زمانێک نووسرا بێت، لەئێستادا دەقی کوردی، یان بابڵێین نووسینی نووسەرانی کورد، لەئاستێکی فراواندا خوێنەری خۆیان هەیە و جیا لەمەش پەیوەندی و بەرکەوتەی نێوان نووسەر و خوێنەر لەسەر خوانی دەق لەئاستێکی باشدایە، بەڵام مەسەلەی تێگەیشتن لە دەق و دروستکردنی هارمۆنی، بابەتێکە زیاتر پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی تاکی خوێنەرەوە هەیە، چونکە خوێنەر وەک زۆرێک لەبوارەکانی دیکە ئاست و ستێپی خۆی هەیە و فیگۆرەکانی زۆر و جیاوازن، ئێستا نووسین و بەرهەمی کوردی لەئاستێکی باشدایە و دەکرێت، دەقی کوردی بە گرنگییەوە لەسەری بوەستین و بیخوێنینەوە، ئەم تێڕوانینە لەدەرەوەی سەرنجەکانە لەسەر زمان و شێوازەکانی دەربڕین و گێڕانەوە،



بەکێشە و گرفت و تێڕوانە ڕێزمانییەکانەوە، چونکە ئەمانە بابەتی جیاوازن و لە وردەکاریدا قسەی زۆر هەڵدەگرن. من پێموانییە ئێمە لەئێستادا و لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا، کێشەیەکمان هەبێت بەناوی کێشەی خوێنەر،بەڵام ڕەنگە بابەتێکمان هەبێت بەناوی کێشەی نەبوونی دەقی باش و نووسەری ڕۆشنبیر و خەیاڵفراوان، ئەوەی بەناوی نەمان و نەبوونی خوێنەرەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، هیچ نییە جگەلە تێنەگەیشتن لەسەردەمەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی کەبەسەر فۆرم و شێوازی خوێندنەوەدا هاتن و وایان کردوە فیگۆری جیاواز جیاواز بۆ خوێنەر دروست بێت، دەبێت ئیتر لەوە تێبگەین خوێنەر بەتەنها خوێنەری کتێب و کاغەز نییە و ئۆپشن وپلاتفۆرمەکان بۆ بەدەستخستنی زانیاری ئێجگار زۆر و کراوەن، ئێستا خوێنەر و خوێندنەوە وەک زۆر بابەتی تر لەپرۆسە و کردارێکی گشتییەوە بۆ نوخبە و تاک هەنگاو دەنێت و لەڕووی مەعریفەشەوە لە زانیاری گشتییەوە بۆ زانیاری تایبەت و تایبەتمەند دەگوازرێتەوە، ئەم پرۆسەیە گۆڕانکارییەکی جیهانییە و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، کە ڕوونکردنەوەیان زۆری دەوێت، بەڵام لەفۆرم و وێنەگشتییەکەیدا و بۆ دووبارە تێگەیشتنەوە لەپەیوەندی و بەهاکانی دەق و خوێنەر، دەبێت بیر لەجۆرێکی دی لەڕوانین لەم بابەتە بکەینەوە. (سوهراب) واتەنی " دەبێت چاوەکانمان بشۆین و جۆرێکی دیکە دونیا ببینین"

## عەلی شێخ عومەر

**خوێنەر کە دەقێک وەردەگرێت بەشێوەیەکی جیاواز وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت، ئاسۆی چاوەڕوانی لەڕێگای لێکدانەوەی ڕۆڵی خوێنەر، هێڵە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی دەق دیاری دەکات، بەکارتێکردن ئاوێتەی دەق دەبێ، دواندنی لەتەکدا دەکات، تا دەگاتە ئاستێ، دەتوانێ زمانی ڕۆژانە لە زمانی جوانناسی جیاکاتەوە، لەنێو شارەزابوونیدا ئاسۆی پێوەر و پێوانەیەک بۆ بەرهەمەکە دروست دەکات.**

تیۆری وەرگرتن "تلقی" ئەم چەمکە لە ڕەخنەی ئەڵمانییدا، بڵاوبووەوە، تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر لەئەمریکادا سەریهەڵدا و بڵاوبووەوە. ئەوەی نەمری بەدەق دەبەخشێت، خودی دەقەکە خۆیەتی، خوێنەر زیندووی دەکاتەوە، تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەر، لەسەردەستی وڵفگانگ ئایزەر و ڕۆبرت یاوس چەکەرەی کرد، بەهای ئەدەب لەبەرامبەر داهێناندا، یان نووسینی ئەدەبیدا وەردەگیرێت، ئەمەش بەخوێنەرەوە بەندە، کارتێکردن بە خودی دەقەکەوە، پشت بەچەندین سەرچاوە دەبەستێ، وەک فۆرمالیستی ڕووسی شکلۆفسکی، بونیادگەری براگ، دیاردەگەرایی ئینگاردن، هیرمۆنتیکای هانز جۆرج گادامیر، کە مامۆستای یاوس بووە، لەتیۆری وەرگرتندا، لەسۆنگەی ئەوەی چەندین جۆری خوێنەر هەیە، وەک خوێنەری شارەزا، نەشارەزا، ڕەخنەگر، بۆیە تێڕوانینی خوێنەرەکان بۆ دەقی ئەدەبی ناتوانێ یەکسان بێ، هەندێ سەرچاوە کاریگەریان لەسەر وەسیلەخوازی جۆن دیوی، بوونخوازی چۆمسکی دامەزراندووە، هەڵبەت تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر، بە ناوی جیاوازەوە لەچوارچێوەی وردەکاریی خوێنەردا، بە چەندین تیۆرەوە پۆلێندە کراوە، نموونەی تیۆری"توانستی ئەدەبی جۆناسان کیلر، ناسنامەی دەق نۆرمان هۆلاند، کاریگەری دەروونی دیڤید بلیش، ڕۆڵی نیشانە ڕیڤایتر"، ئێمە لەئاستانەی کورت بڕییەوە، ئاماژە بەو چوار چەمکە دەکەین کە تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەری لەسەر بنیادنراوە. یەکەم کۆگای دەق : ئەو شوێنەیە دەق و خوێنەر بەیەک دەگەیەنێ، ئاوێتەبوونی ئەدەبەکانی پێشووتر و پێوەرە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەق پەیرەو دەکەن، سنوورەکانی کارلێکردن و دواندنی نێوان دەق و خوێنەر دیاری دەکات. دووەم ستراتیژی دەق : تێگەیشتنی خوێنەرە، لەلایەن دەقەوە بەرپرسی ڕێکخستنی توخمەکانی نێو کۆگای دەقە، لەنێو توێژەکانی دەق ئەو هێڵە سوورانەی دەق دەگرێتەوە تا خوێنەر بەواتای دەق بگەیەنێ، دەبێ بەسەریدا بڕوات، بێ ئەمە ناتوانێ کۆدەکانی دەق شی بکاتەوە، سێیەم کلێنەکانی نێو دەق : ئەو بۆشاییانەیە خوێنەرڕێی دەکاتەوە، پەیوەندی لەگەڵ دەقدا دادەمەزرێنێ، ئەم بۆشاییانە بەو مەرجە شێوازی خەیاڵ کردنەوەی دەق ئاراستە دەکەن، کە دەق ڕێکیخستووە، لەهەمانکاتدا وەڵامدانەوەی خوێنەرەکان ڕێک دەخەن، کلێنەکان جگەلەوەی بزوێنەری خەیاڵە، ئاوێتەبوونی خوێنەر و دەقە، شوێنی بۆشایی لەنێوان دوو تێڕوانینە، بەدیوێک پاژەکانی دەق بەیەکەوە گرێ دەدات، مەودا بەخوێنەر دەبەخشێت، بەچەندین شێوە لێکدانەوە بۆ واتای دەق بکات، بەدیوێکی دیکە بەرامبەر بەپارەکانی تری، ئاماژە بەهەڵوەشاندنەوەی دەقەکە دەدات، چوارەم ڕوانینی گەڕۆک : بە چەند قۆناغێک پشت بە لۆژیک و تاقیکردنەوە دەبەستێ، بۆ ئەوەی خوێنەر بەتەواوی بەواتاکەی بگات، هەر قۆناغە و شتێکمان پێشکەش دەکات، لەکۆتاییدا تێکرا پێکهاتەکانی دەق لەسەر بنەمای نەرێنی دەق بنیاد دەنرێت، توانای گەیاندنی ئەزموونی نوێ و نەناسراوی هەیە، لەسایەی ئەم چەمکەشەوە لەسەر پێوەرەکانی فاکت و ئەزموونە باوەکانی دەق،کە وەرگر لێی تێنەگەیشتووە، لادان فەراهەم دەکات.

چەمکەکانی یاوس و ئێستێتیکای وەرگرتن / لەئاریشەی دەستەی وەرگرەوە نەبێ،لەژیاندا کاری ئەدەبی بەردەوام نابێ، چونکە مێژووی ئەدەب، بریتییە لەمێژووی وەرگرتنی دەستەیەک خوێنەری یەک بەدوایەکەکانی دەق، لەمێژووی ئێستێتیکادا، یاوس پشتی بەزانستی ڕاڤەکردن بەست، بۆیە باس لەو بابەتانە دەکات کەپەیوەندی بەسروشتی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە هەیە،ڕەخنە لەمیتۆدی پەسن، لەڕەنگدانەوەی مارکسی، بەتایبەتی جۆرج لۆکاچ و لوسیان گۆڵدمان و چەمکی هونەر بۆ هونەری فۆرمالیستەکان دەگرێت، چەمکی وەرگرتن لای یاوس دوو لایەن دەگرێتەوە، یەکەم بکەر"فاعل"، دووەم کارلێکراو "منفعل" پرۆسەکە دوو ڕووی هەیە،ڕوویەکیان ئەو کاریگەرییە بەرهەم دەیخاتە سەر وەرگر، ڕووەکەی دیکە خوێنەر چۆن پێشوازی لە بەرهەمەکە دەکات یان چۆنییەتی وەڵامدانەوەیەتی، چونکە جەماوەر یان بۆنێردراو بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری، تەمەن،ئەزموون و ڕەگەز، کۆمەڵێ وەڵامدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ دەقە ئەدەبییەکە دەبێ، لەوانە خوێندنەوە بۆ بەسەربردنی کات، ڕەخنەگرتن، ڕەتکردنەوە، بەدڵبوون، چێژوەرگرتن لەفۆرم و لێکدانەوەی نوێ بۆ ناوەرۆک، دیارە دانەری دەق هەمیشە وەرگرە، بەردەوام واتای نوێ بۆ بەرهەمی ئەدەبی فەراهەم دەکات، ئەمەش بە کۆمەکی دوو توخم دەستەبەر دەبێ، توخمی ئاسۆی پێشبینی یان"چاوەڕوانی" کە بریتییە لەو ڕەهەندانەی کارەکە گریمانە دەکات، توخمی ئەزموون، وەرگر بەپێی ئەزموونی خۆی تەواوی دەکات.

ئاسۆی پێشبینی یان چاوەڕوانی / لەڕێچکەی ستراتیژی دەقەوە، کۆمەڵێک گریمانەی هاوبەش دەدرێتە پاڵ خوێنەری نەوەیەکی دیاریکراو، گومانی ئەدەبی پێشبینییەکانی خوێنەر دووپات دەکاتەوە، دەیگۆڕێت، یان چاکی دەکاتەوە، بەم پێوەرانەش بێ، دەکرێ مەودای ئێستێتیکی بۆ بەرهەمی نوێ دیاری بکرێ، پێوەری خوێنەر لەوەرگرتنی دەقدا،چێژ لێوەرگرتن بەئەزموونی ئێستێتیکی هەژمار دەکات، هەڵبەت ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە،بەپێی باوەڕی ئاینی،ڕەگەز، و ئاستی ڕۆشنبیری..تاد،گۆڕانکاری بەسەردا دێت.




خوێنەر کە دەقێک وەردەگرێت بەشێوەیەکی جیاواز وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت، ئاسۆی چاوەڕوانی لەڕێگای لێکدانەوەی ڕۆڵی خوێنەر، هێڵە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی دەق دیاری دەکات، بەکارتێکردن ئاوێتەی دەق دەبێ، دواندنی لەتەکدا دەکات، تا دەگاتە ئاستێ، دەتوانێ زمانی ڕۆژانە لە زمانی جوانناسی جیاکاتەوە، لەنێو شارەزابوونیدا ئاسۆی پێوەر و پێوانەیەک بۆ بەرهەمەکە دروست دەکات، گەر ئەو بەرهەمە لەتەک ئاسۆکەیدا تەبا بوو، ئەوا بەرهەمەکە ناگۆڕێت، هەر دەقێ ئاسۆی چاوەڕوانی بگۆڕێ، ئەوە ئەو دەقە سەرکەوتوو دەبێت، لەتەک شێوازە باوەکانی پێشتردا، هەڵگری تۆیەکی نوێ دەبێت، لادان دروست دەکات، پرسیاری نوێ دەورووژێنێ، لەکۆتاییدا تیۆری وەرگرتن، چەق دەخاتە سەر وەرگری دەق، بەم شێوەیەش خەسڵەتی نووسەر و دەق کاڵ دەبنەوە، پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق دیارتر دەبێت، ڕۆڵی نووسەر پشت گوێ دەخرێت، ڕۆلان پارت بە لەدایکبوونی خوێنەر بانگەشەی مەرگی نووسەری ڕاگەیاند، بەمەش لەسێکووچکەی نووسەر، دەق و خوێنەر گۆڕانێکی بنەڕەتی هێنایە کایەوە، پەیوەندییەکە لەنێوان دەق و نووسەر، گوێزرایەوە بۆ دەق و خوێنەر، کەواتە دەق بوونی خۆی لە نووسەرەکەیەوە وەرناگرێ،بەڵکو خوێنەرەکەیە بوونی پێدەبەخشێت، واتای دەق چالاکی خوێنەرەکەیە، ئەزموون لەتەک دەقدا دەکات، چ کاتێ چالاکی پەیوەندی خوێنەر بە دەقەوە گەیشتە پلەی سەد،ڕۆڵی نووسەر بە سفر یەکسان دەبێت.

کەرکوک گەڵاڕێزانی ٢٠٢٤

## کاروان عومەر کاکە سور

**دەخاتە دەقەوە و بەردەوامیی پێ دەدات. واتە دەقی کراوە لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، کە دەکرێت بە شیعریەتی دامەزراندن و شیعریەتی ڕاڤە ناویان بنێین. یەکەمیان هیی نووسەر و دووەمیان هیی خوێنەرە. کاتێ دەق ئەوە نمایش ناکات، کە هەیە، بەڵکوو ئەوە دەردەبڕێت، نەناسراوە، ئەوە خوێنەرێکی ڕاڤەکەر دەخوازێت، تا لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەربڕاوەکانی بکات.**

هەر کاتێ دەق لە ئاستی گوتراوەوە، یان وردتر بگوترێت لە ئاستی نەبینراوەوە دەگاتە ئاستی بینراو و شێوەی نووسین (Graphic Shape) وەردەگرێت، ئەوە پێوەندیی نێوان خۆی و خوێنەر دادەمەزرێنێت، کە پێوەندییەکە لەسەر پرۆبلەماتیکی گەورە دامەزراوە. دەق دەبێتە مەڵبەندی بەریەککەوتنی دوو هۆشیاریی جیاواز، هۆشیاریی نووسەر و هۆشیاریی خوێنەر. ئایا ئەو دەقە چەند توخمەکانی دایەلۆگی لە خۆی گرتووە، بەو مانایەی ئایا توانای هەیە لە بەرانبەر دەرەوەدا خۆی بکاتەوە، تا جیاوازییەکانی بخاتە ڕوو؟ جیاوازی بە چ مانایەک؟ بەو مانایەی ئایا ئەو دەقە لە ڕێی شتە زانراوەکانەوە خۆی دامەزراندووە، یان ڕووی لە نەزانراوە و ئاستی شاراوەی ئەو شتانەی



پێشان داوە؟ تا ئەو دەقە کراوەتر بێت، پتر زەوینە بۆ دەرکەوتنی چالاکیی خوێنەر خۆش دەکات. لێرەدا کردەی ڕاڤە دێتە پێشەوە، کە هەر ئەوەیشە جووڵە دەخاتە دەقەوە و بەردەوامیی پێ دەدات. واتە دەقی کراوە لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، کە دەکرێت بە شیعریەتی دامەزراندن و شیعریەتی ڕاڤە ناویان بنێین. یەکەمیان هیی نووسەر و دووەمیان هیی خوێنەرە. کاتێ دەق ئەوە نمایش ناکات، کە هەیە، بەڵکوو ئەوە دەردەبڕێت، نەناسراوە، ئەوە خوێنەرێکی ڕاڤەکەر دەخوازێت، تا لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەربڕاوەکانی بکات. دەقی باو بەوەدا کلێشە و پێوەرە باوەکان لە بەرچاو دەگرێت، ئەوە جەخت لە بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) دەکاتەوە و لە ڕێی هەمان شێوازی باوەوە خۆی دەردەخاتەوە، کە لێرەدا بۆشایی نییە، تا تێیدا خوێنەری ڕاڤەکەر چالاکی بنوێنێت، بەڵکوو شتەکان بە ڕەهایی هاتوون و لێکدانەوە هەڵناگرن. دەکرێت بگوترێت دەقی باو دوو دەرگەی هەن، کە نووسەرەکەی خوێنەر ناچار دەکات بەمیاندا بچێتە ژووری و بەویاندا بێتە دەرێ. لێرەدا نووسەر نەک هەر پێشتر بڕیاری داوە چۆن دەق دابڕێژێت، بەڵکوو خوێنەریشی ناچار کردووە، بەو ئەنجامە بکات، وا خۆی پێی گەیشتووە. کاتێ لە دەقی کراوەدا بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) تێک دەشکێت، ئەوە سەرتاپێی بونیادەکەی دەگۆڕێت، بەو مانایەی ئەو دوو دەرگەیە هەڵدەگیرێن، کە بۆ هاتنەناوەوە و چوونەدەرەوەی خوێنەر کراون، بەڵکوو لە هەر خاڵێکدا بێژمار دەرگە دەکرێنەوە. وەک پارادۆکسێک دەقی کراوە بێدەرگەیە، بەوەی بوونی دەرگە ئاماژەیە بۆ هەبوونی دیوار و مانای وایە شتەکان سنووردارن. ئینجا مادام هیچ دەقێک تەواو نەبووە، ئەوە چالاکیی خوێنەر لێرەدا بایەخی هەیە. (ڕۆلان بارت) لە گوتاری (دەقی فرەئاراستە) دا پێی وایە ئەو (من)ـەی لە دەق نزیک دەبێتەوە، هەر خۆی پێشتر بریتییە لە کۆمەڵێک دەقی تر و کۆدی بێکۆتایی، یان بە دیاریکراوی کۆمەڵێک کۆدی ونبووە، بەو مانایەی بنەچەیان نادۆزینەوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین دەقی کراوە نە بۆ خوێنەرێکی دیاریکراو نووسراوە و نە لە پێناوی گەیاندنی تاکە مانایەکیشدا، بەڵکوو لە ڕێی ئاماژە بێسنوورەکانیەوە ڕێی خوێنەر دەدات بە دوای مانا شاراوەکانیدا بگەڕێت، بۆیە خوێندنەوە و ڕاڤە لە بەرهەمهێنانی مانادا هاوشانی یەکن، بگرە خوێندنەوە خۆی بریتییە لە ڕاڤە. دەقی کراوە و فرەئاڕاستە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی جیاوازدا، بە شێوەی جیاواز لە هیی پێشووی خۆی دادەڕێژێتەوە، بێ ئەوەی دۆخێکی چەسپاو بە خۆیەوە بگرێت، بەڵکوو توانای هەیە بەردەوام بچێتە دۆخی دیکەی جیاوازەوە.

## سابیر ڕەشید

**مەبەستم خوێنەری ئێستایە کەلەم سەردەمەی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا و زۆری سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەروا دوورەپەرێز نابێت لەگەڵ دەقدا، بەڵکوو پێوەندییەکی گیانی لەگەڵدا دادەمەزرێنێت و خۆی دەکات بە بەشدارێکی تری دەقەکە و خۆیشی بەنامۆ نازانێ لەدەقدا.**



بۆ ئەوەی بەتەواوی لەهاوکێشەی "نووسەر — دەق — خوێنەر" بگەین، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم پێوەندییە لە تیۆری وەرگرتندا هەر لە مێژووەوە تا ئێستاکە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیووە. یەکەمیان: کە لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا هەبووە و لەم میتۆدە ڕەخنەییانەدا لەم هاوکێشەی سەرەوە کە باسمان کرد. یەکەمیان " نووسەرە"، هەڵگێڕەوەی هاوکێشەکە بووە و بەلای ئەویشدا شکاوەتەوەو ئەم پەیڕەوە لای نووسەر و توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەم سەردەمەدا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە و لەسەری ڕۆیشتوون.

بۆ ل٧

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# چەند هەناسە شیعرێک



شیعری : هێدی گەلاڵی

ئەو هەناسە شیعرانە ؛ زادەی بیرکردنەوەو دروستکردنی خشتی وشە و بنیاتنانی دیواری ڕستە و لە کۆتادا تەواوکردنی تەلاری شیعری لێکەوتووەتەوە. بە زمانی دڵ و بە بینینی چاوی هەست و بارگاوی بە سۆزی دەروون نووسراون. گرتەی قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنن ؛ مەرج نییە هەموو ئەو هەناسە و پۆستەرە شیعرانە گوزارشت لەخۆم بکات ؛ دەشێ هەر یەکە لەخوێنەران و هاوڕێیان بەجۆرێ لە جۆرەکان خۆی تێدا ببینێتەوە!!.

*وێنە*

دوو کەوانەی ڕەش و باریک
دەوری مانگی گۆنای داوە
دوو دەریای مەنگی زۆر هێمن
وێنەی جوانیی لەناو خۆیان حەشار داوە.

*خاڵ*

کە سەیری دەنکە هەنارێک دەکەم...
خەیاڵ دەڕوات
چون خاڵی سووری کوڵمەی تۆم دێنێتە یاد!

*ئیمرالی*

سە یر نییە هە ست و سۆزی ناخ ئاوایە
دڵێک لە ئیمرالی لێدەدات
لە هەر کوێ بم
گوێم لە ترپەکانی دەبێ!!

*تابلۆ*

دەستێک وەک لۆکە نەرم و سپی!
لێوێکی تەنک ناسک و سوور!
چاوێکی هێمن شینی ئاسمانی!
شێتی کردم!
تابلۆی ڕەنگەکان لە تۆدا ؛
ڕەنگرێژ بووە!

*شەیتان*

لە ناخمدا یەک شەیتان هەس
دابەشم دەکات بەسەر دوو ڕەگەز
یەکیان میهرەبان و
ئەویتریان شەڕانگێز!!

**هێما**

خودای عیشقت
سیزیف ئاسا سزای داوم
کە بوومەتە هێمای بێهودەیی
لە کێوی خۆشەویستیت.

# عەلی بەگ



نووسینی : هاینریش هاینە(*)
وەرگێڕانی : گۆران عەبدوڵڵا

عەلی بەگ، پاڵەوانی باوەڕی ڕاستەقینە،
بە خۆشی لە باوەشی کچاندا ڕاکشاوە؛
خودا لێرە لەسەر زەوی پێشچێژی
چێژی بەهەشتی پێ بەخشیوە.
کەنیزەکان، جوان وەک حۆرییەکان،
وەک ئاسک لەجووڵەدان
کاتێک یەکەمیان ڕیشی بۆ لوول دەکات،
دووەمیان نێوچاوانی ب وڕێک دەخات.
سێیەمیان عوود لێدەدات،
گۆرانی دەڵێت،سەما دەکات، پێدەکەنێ و
ماچی دەکات،
لەوێ بلێسەی شادی دەگەشێتەوە.
بەڵام لەپڕ دەنگی کەڕەناکان، بەیەکدادانی شمشێرەکان
لە دەرەوە بەرز دەبێتەوە،
هاوار بۆ چەک،
تەقەی تفەنگ دێت
خودایە، فەرەنگییەکان هاتنە سەرمان!
پاڵەوان سواری ئەسپی شەڕ دەبێت،
دەچێتە ناو شەڕ، بەڵام هێشتا وا دیارە خەون دەبینێت؛
چونکە وا هەست دەکات لە باوەشی
کچان داڕاکشاوە وەکو پێشتر.

لە کاتێکدا سەری دەیان داگیرکەر دەپەڕێنێت،
وەک دڵدارێک پێدەکەنێت،
بەڵێ، بە نەرمی و نیانی پێدەکەنێت.

(*) هاینریش هاینەی شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانیا هاوسەردەم و هاوڕێی کارڵ مارکس لەساڵی ١٧٩٧ لەدایک بووە و لەساڵی ١٨٥٦ کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە :

The Pomes of Heinrich Heine
Complete
Translated into the original metres with a sketch of his life
By Edgar Alfred Bowring, C.B
London, George Bell and Sons, ١٩٠٨, page ١٤٨.

# گوڵدان



شیعری : ستار ئەحمەد

ژنێک خۆی دەنووسێتەوە،
پیاوێک دوایین وشەیەتی.
مناڵێک دێڕی سەرەتاو،
دایکێکی پیر ناونیشانی،
خەندەی لێوان پەراوێزی.
ژنێک هەر لەشیعر دەچێ،
لەژێر ساباتی پەیڤێکا،
نووسین ئاوەژوو دەکات،
پێنووس دەبێتە ئازیزی.
ئەو لەڕستەدا خۆی دادەکەنێ.
ژنێک لەسونبوولی پیتا نەبێ،
ناتوانێت نیگاری جوانی،
لەسەر ڕوومەتی هەڵکەنێ.
ژنێکە، تریفە لەمانگ دەدزێ.
چرۆ لەتیشکی بنەوشەیی،
تین لەخۆر، باران لەهەوردا ڕادێرێ.
فرمێسک بەچاو دەناسێنێ.
خەندە لەلێو دەنەخشێنێ.
خۆی دەکات بەفریشتەی شەو،
بۆ جەژنەزای کۆرپەی دێڕێ.
ژنێک تینوو.. بەگوڵشەنی پرشنگی ڕۆژ،
ڕاهاتوو بەگریە و ئەدگار.
ڕانانێکە بۆ تاری شەو،
چڵ دەروێنێ لەقەدی دار.
ژنێک گوڵشەنی پەڕتووکە،
سەرە داوی گرێی ژانە.
ژنێک وەک من.. ژیلەی شیعرە،
گوڵدانێکی بێ گوڵدانە.

# وێنەی کرێکار لە شیعری (کرێکارین)ی عەبدوڵا پەشێودا

نووسینی : سەدیق سەعید ڕەواندزی

یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی سیستەمی سەرمایەداری، کە ئەمڕۆ وەک تاکە سیستەم دنیا ئاراستە دەکات ئەوەیە، کە مرۆڤ تەنها لە کارکردن و هێزی دەستی کار دەبینێتەوە. واتا شوناسی مرۆڤ لەوەدا کورت دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤە چەندە وەک ئامێرێک کار دەکات و دەجوڵێتەوە و بەرهەمی لە پێناو کۆمپانیا و دنیای سەرمایەداری هەیە. لەو سیستەمەدا، مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بژیت و بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت شوێنێک لە دنیا و ژیان بگرێت، ئەوا دەبێ بەردەوام کار بکات و بجوڵێتەوە. بۆیە بە لامانەوە سەیر نییە کاتێ دەبینینن تاکێکی خۆرئاوایی، لە دەستدانی کارەکەی، زۆر بەلاوە لە مەرگ و مردنی فیزیکییانەی خۆی سەختتر و بە ئازارترە. لێرەوەش گەر سەرنج بدەین دەبینین، هیچ بوارێک بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان نەماوتەوە و بەڵکو هەریەکەیان ڕۆبۆت ئاسا، بە پێی ئەو کار و کاتەی هەیەتی لە جوڵە و بەردەوامی دایە، کە لە ڕاستیدا شێوازێکی نوێی کۆیلایەتییە نەک کارکردن، چونکە هیچ کاتێک نابێ کارکردن بکرێتە هۆکارێک بۆ داماڵینی مرۆڤ لە هەموو ئەو هەست و چێژە ڕوحی و دەروونییانەی کە دەشێ لە میانەی پشوودانێکدا وەریبگرێت و بیبینێت. کارکردن لە پێناو ژیانە، کاتێ ژیان دەبێتە فاکتەرێک لە پێناو کارکردن و مرۆڤەکان ئەو بڕوایەیان لادروست دەبێت کە ئەگەر کار نەکەن هیچ نین، بێگومان ئەو کات ئێمە لە بەردەم مرۆڤێکداین کە تەنها وەک ئامێرێک لە خزمەت ئەوانیترە. کارکردن بەشێکە لە سرووشتی ژیان و هەموو جوڵەیەکیش پەیوەندە بە کار کردنەوە، بەڵام کار بە مانای بە کۆیلەکردن و بە خاوەنکردنی مرۆڤ نا، بەڵکو وەک هۆیەک بۆ بونیادنان و داهێنان و هەموو نوێگەرییەک. لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەداریی وەک یەکێک لە قۆناغەکانی گەشەی ژیاریی و کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی ڕەوتی ژیان لە قۆناغەکانی پێشووترەوە، ئیدی چەوسانەوەی مرۆڤ و کورتکردنەوەی مرۆڤیش لە کارکردندا، دەبێتە سیمایەکی دیاریی ئەو سیستەمە. بۆیە سەرمایەداری جەوهەری مرۆڤ لە کارکردن دەبینێت و مرۆڤ تەنێ لە قازانج و هێز و دەسکەوتی زۆرتر دەبینێتەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە، کرێکاران و چینی چەوساوە، لەو چینەن کە مافیان لە پەراوێزی کارەوە پێشێل دەکرێت و هەندێ جار خۆیان وەک ئامێرێک دەبینن، کە ئەمەش سەرەتای بە نامۆبوونی

مرۆڤ و گۆڕینییەتی لە بوونەوەرێکی مرۆیی و پڕ لە هەست و سۆز، بۆ بکەرێک کە تەنێ کار و کارکردن دەبنە پیشەی ژیانی. کرێکاران لەو توێژەن، کە لە چوارچێوەی چینی پرۆلیتاریاو چەوساوەدا، لەگەڵ هاتنی دنیای سەرمایەداری، وەک مرۆڤ مافیان پێشێل دەکرێت و لە پلەیەکی نزمی ژیان دەژین. ئەوان ناچارن لە پێناو ژیان و گوزەرانی خۆیاندا کار بکەن و هەندێ جار لە پەراوێزی ئەو کارکردنەشدا، هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک و بێ مافییەک قبووڵ بکەن، تەنێ بۆ ئەوەی کارەکەیان کە سەرچاوەی بژێوی ژیانییانە

لەدەست نەدەن. بۆیە کرێکاران لە هەر سووچێکی ئەو دنیایە بن، یەک خەم و یەک ستەم و بێدادیان هەیە. واتا خەم و خەونی کرێکاران، خەم و خەونێکی هاوبەشە، بێگومان کرێکاران نەبن، هیچ کارێکیش بوونی نابێت و هیچ بەرهەمێکیش بوونی نابێت. وێنەی کرێکار لای ئێمە، وێنەی مرۆڤێکی بەشخوراو، ماندوو، بێ ماف و چەوساوەیە، ڕەنگە هەندێ جار لە پەراوێزی ئەو کارانەی دەیکات، بەر توانجی کۆمەلایەتیش بکەوێت، بەڵام کرێکاران شکۆمەندن، بەرز و دیارن، چونکە سەربەرزییە مرۆڤ بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆی بژیت و کۆیلەی هیچ کەسێک نەبێت. پەشێو لە شیعری (کرێکارین) باسی دۆخی ژیانی کرێکاران لە ژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداری دەکات، کە چۆن مرۆڤ بە کالاو ئامێر دەکات و تەنێ لە ڕوانگەی قازانج و سەرمایە دەیبینێت و بوونی پەیوەست بەو کاتژمێرەی کار دەکات کە دەیکات. ئەگەرچی هەموو پێشکەوتن و بیناکردن و بە بەرهەمکردنی کاڵاو کەرستە سرووشتییەکان لە سەر دەستی ئەو چینە چەوساوەیە دەکرێن و دێنە بەرهەم، بەڵام خۆیان لە بەرانبەر ئەو هەموو ڕەنج و ماندووبوونەدا، ژیانێکی شایستە و مرۆیانەی وەهایان نییە کە بارتەقای ماندووەتی خۆیان بێت، بەڵکوو هەمیشە لە چینە نەدار و چەوساوە و بێ مافەکانن. ئەوان ژین و ژیان دەبەخشن لە پێناو ئەوەی بژین و کۆمەڵگە بێ هێز و بازووی ئەوان نە پێشدەکەوێت، نەدەبووژێتەوە. ئەو چینە، ڕۆڵێکی گەورە و بنەڕەتی لە گەشەی ژیاریی و زانستی و مرۆیی ژیان هەیە، هیچ کەرستە و ئامراز و پێداویستییەک بێ دەستی ئەوان بەرهەم نایەت. ئازار و ڕەنجی زۆر دەبینن و کەس درک بەو هێزە شاراوەیە ناکات، کە چۆن لە پەراوێزی کاتژمێرەکانی کاردا، کار دەکەن بۆ ئەوەی بازار بەو پێداویستییانە پڕ بکەنەوە کە ئێمە پێویستیمان پێیانە. بێگومان هەموو ئەم کارانەش، بێ بەخشینی وزەی جەستەیی و ماندووبوونی جەستە و هێز و بازوو ناکرێن، هەر وەک پەشێو دەڵێت:

کرێکارین کرێکارین
پەروەردەی ئێش و ئازارین
کۆڵەکەی ژینین بەکارین

وێرای ئەوەی کرێکاران ئارەق دەڕێژن و کۆڵەکەی ژینن، بەڵام هەموو ئەو ڕەنج و ماندووبوونەیان جگە لە ژیانێکی مەمرەو مەژە، هیچی تر نییە. تووشی سەرسوڕمان دەبن لەوەی کە بەرهەمی ئەو هەموو ڕەنج و ماندووبوونەی خۆیان، بۆ ئەوان نییە و دەچێتە خزمەت چینێکی مشەخۆری دیکە کە چینی سەرمایەدارییە. لە بەرانبەر کار و هێزی دەستی کرێکاراندا، پاداشتێکی ئەوتۆیان پێ نادرێت، بگرە زۆرجار لە سادەترین مافی ژیانیش بێ بەش دەبن و هەمیشە هەڕەشەی دەرکردن و لە سەر کارلادانیان لە سەرە و ناچارن لە پێناو قووتی ژیاندا، بە دەیان هەڵومەرجی سەخت و نامرۆییانەی ژیان ڕازی بن. تەنانەت کرێکارانێک هەن، ڕەنگە بە درێژایی ژیانیان، هەر لە کارگە و کۆمپانیا و شوێنێکی بازرگانی هەر کرێکار بن و تەمەنی خۆیان لە کاردا بەسەر بەرن، وەک سەرچاوەی دابینکردنی ژیانی کەسی و خێزانییان،

بەتایبەتیش لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا. کاتێ تەمەن و هێزی فیزیکی و جەستەیی لەشیشیان توانای کارکردنی نامێنێت، ئیدی ڕەنگە بە مووچەیەکی کەم، یان بێ هیچ ماف و بەخششێک خانەنشین بکرێن، بۆیە هەموو ئەو ڕەنج و ماندووبوونەیان بە فیڕۆ دەڕوات، هەر وەک شاعیر دەڵێت:

بۆ کێ دەچێ ڕەنجی بازوو
جگە لە نان چەند لەتێک نان
ماکی ژیان
ئەمەش بۆچی؟

پەشێو پرسیار دەکات، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە، بەدەربڕینێکی تر، ئەگەر کرێکاران لە ژیانێکی سەخت و ناهەموار دابن، بێ ماف و چەوساوە بن، ڕەنجی بازوویان بۆ یەکێکی دیکە بڕوات، لە بەرانبەر ئەو هەموو

ماندووبوونەدا، تەنها لەتێک نانیان دەست بکەوێت، دەبێ هۆکارێک هەبێت، بۆیە ئەمجارەیان هۆکارەکەی دیاری دەکات و و داوا لە کرێکاران دەکات کە بێ ڕاز و بێ قرەقر نەبن و لە هەنبەر ژیانی سەخت و کولەمەرگی خۆیاندا، هەڵوێست و کرداریان هەبێت. بە بڕوای شاعیر، کرێکاران ڕازیان نییە بۆیە ڕەنجەکەیان بۆ چینی سەرمایەدار دەچێت. ڕاز لێرەدا، بە مانای قسە و هەڵوێست دێت، بە مانای هاتنەوە بە گژ جیاوازی چینایەتی و نا یەکسانی دێت، بەو مانایەی ئەگەر ئەو چینە هاو هەڵوێست و هاوبازوو هاودەنگ و بیر بن، دەتوانن گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیان بکەن. دەتوانن کۆتایی بەو چەوسانەوەو ستەمی کارەبێنن، کە لێیان دەکرێت، هەر وەک شاعیر دەڵێت:

تا بێینە گەڕ وەکو ئامراز
بێ قرەقڕ نەمان بێ ڕاز
جگە لە ڕەنج جگە لە کار
بۆ گیرفانی سەرمایەدار

دیارە سەرمایەداری، وەکو ئامراز مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و کرێکاران دەکات. بە لایانەوە ئاسایە مرۆڤ جگە لە ئامراز و کەرستەیەک کە هەمیشە وەک ئامێرێک کار دەکات، هیچی تر نەبێت. کاتێ مرۆڤیش لەو هەست و هوشیاریی و تێگەیشتنە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە دادەبڕێت کە لە ژیان هەیەتی، ئیدی دەبێتە ئامێر و

بزوێنەرێک و تەنێ کارکردن و سووڕانەوە دەبێتە ئامانجی سەرەکی و کۆتایی ژیانی. پەشێو دەیەوێت ئەو چینە هوشیار ببێتەوە و ڕازێکییان هەبێت و وەک ئامێریان لێ نەیەت، کە سەرەنجام ئەوەی تیا دەچێت، ئەوان خۆیانن و ئەووشی قازانج دەکات بازرگان و خاوەن سەرمایەکانن. لە ڕاستیدا، بە کرداریی و لە زەمینەی واقیعیشدا ئەوە سەلمێنراوە، کە ئەگەر کرێکاران یەک دەنگ و هاو



هەڵوێست و هاوبازوو بن، دەتوانن گۆڕانکاری گەورە بێننە ئاراوە. مەگەر شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر بە هێز و هەڵوێستی ئەوان بەرپا نەبوو؟ کە تیایدا کۆتایی بە دەسەڵاتێک هێنا کە چەوسانەوە و نادادپەروەریی لە سیما دیارەکانی بوو. هەمیشە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، هەستان و وەستانەوە بە گژ دەسەڵات و چینی ستەمکار، لە سەر دەست و پشتی چینی کرێکار و چەوساوە کراوە و دەکرێت، بەڵام بە مەرجێک، ئەویش ئەوەیە، پەشێو وتەنی ڕازێکییان هەبێت و بێ قرە قڕ نەبن.

# فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە ڤانکۆڤەر بەڕێوە چوو




بە بەشداری یانزە فیلمی کوردی، یەکەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە ڤانکۆڤەر بەڕێوە چوو. لە خولی یەکەمی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی ڤانکۆڤەر لە ١٢ و ١٣ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ لە ڤانکۆڤەری کەنەدا یانزە فیلمی کوردی پیشاندران. چوار فیلمی درێژ، دوو فیلمی دیکۆمێنتاری و پێنج کورتە فیلمی فیلمسازانی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاڤا، باکوور، باشوور و هەروەها کوردانی تاراوگەی لەخۆ گرتبوو. بینەرانێکی زۆری کورد و بیانی، بە شۆڕ و شەوقەوە پێشوازییان لە فێستیڤاڵەکە کرد. بڕیارە ئەم فێستیڤاڵە وەک نەریتێکی ساڵانە لە شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا بەردەوام بێت. ئاراستەی فیکریی و پەیوەندی فیلمەکان بەدۆخی ئەمڕۆی ئینسانی کورد بەجۆرێک بوو کە یەکەم؛ فیلمەکان لە سەرتاسەری کوردستانەوە نێردرابوون. دووەم؛ فیلمەکان نوێ بوون و هەندێکیان پێشتر هەر نیشان نەدرابوون. سێیەم؛ بە پێچەوانەی نەریتی ئەو فیلمانەی کە کورد وەک قوربانی نیشان دەدەن، ئەم فیلمانە زیاتر باسیان لە کارەکتەری کورد دەکرد وەک کارەکتەرێکی چالاک لەدەرەوەی بازنەی بەزەیی و دەستەپاچەیی. شایانی وتنە بڕیارە ئەم فێستیڤاڵە ساڵانە لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا خولی تری بەدوادا بێت و بەردەوام بێت.

# هەموو دارێکم خۆشدەوێ

شیعری : سروە ساڵەیی



ئەو دارانەی سێبەریان دەڕوا دوورە ڕێ
ئەو دارانەی دەبنە پرد لەنێوان گەیاندنی دوو لادێ
ئەو دارانەی دەکرێنە خانوو
ئەو دارانەی گیانفدان بۆ گەرمکردنەوەی بوونەوەر و
تواندنەوەی سەرما لە گەرووی کوانوو
مەڵێن کەواتە هەموو دارەکان نا
ئەو دارانەم خۆشناوێ کە دەبنە باسکی تەور
کە دەبنە دەنکە شقارتە
کە دەبنە کۆڵەکەی سێدارە
کە دەبنە کوتک بۆ دارکاری بێدەسەلات و چەوساوە
ئەو دارەی دەیکەنە تیروکەوان دژ بە بوون و ژیان
هەندێک دارم زۆر خۆش دەوێ وەک ئەو دارەی کە دەبێتە کەمانجە،
ئەو دارەی دەبێتە تەختەڕەشە و پیتەکانی کوردی لەسەردەنووسرێ،
ئەو دارەی ئاڵای پێوەدەلکێ ناسک و تەنک خۆی دەلەرێنتەوە
تا ئاڵا پڕ شکۆ بشنێتەوە و دەرکەوێ.
بونیادەم باڵی نییە وەلێ ڕۆژێ چەندەهاجار دەفڕێ ،
کاتێ دولبەر دەبینێ
کاتێ شادییەک ،هیوایەک لە ناخەوە ڕایدەچڵەکێنێ،
من چەندجار وەکو عەباسی کوڕی فەڕناس (*) هەوڵمدایە بفڕم
کاتێ شیعرێک دەنووسم لە ئاسمانی ئەندێشەبوون باڵی وشە دەگرم
هەمووجارێک کە چاوم بە چاوی تۆ دەکەوێ
نیگاکانت تا دەگەنە لام سەدەها ساتمە دەکەن لە ترسی بەدکاران
لێرەو لەوێ منیش بێباکانە دڵم بۆلات دەفڕێ
ئەو مشتە سووتماکەم کە لە دووریت ڕۆژێ سەدەهاجار دەبمە خاک وخۆڵ و ون دەبم،
بە ناوهێنانت دووبارە لەسەر شێوەی بونیادەم هەڵدەکەوم لەجاران بەهێزتر دەردەکەوم.
گەرووم ژەنگی هەڵهێناوە،
لێوەکانم بیابانێکی کاکی بەکاکی و ئاقارێکی وشکهەڵگەڕاوە
جەستەم زەرد، چاوەکانم لە نەهاتنت سوورهەڵگەڕاون
کەی دێتەوە وەکو بەهار سەوز بمەوە دووبارە
خەڵکی خۆیان زۆر سەرقاڵکردووە بە تەنیایم،
ئەوان نازانن ئاوێزانبوونت دوورگەیەکی پڕە لە ژیان و
سەدەها سەربووردەی پەنهانیم
هیچ کەس خۆی لە قەرەی شیعرەکانم نادا
ئاخر، ئەوان بینیویانە چۆن لە لکان و چاڵوچۆڵی نێوان دوودێر
لەتۆ زیاتر وشە خۆی لەهەموویان لادەدا.

(*) لەساڵی (٨٦٠)ی کۆچی عەباسی کوڕی فەڕناس خەونی بە فڕینەوە بینیوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو لەشی خۆی بەپەڕی باڵندەکان داپۆشیوە و باڵیشی لێ دروستکردوە، بۆ بەدیهێنانی خەونەکەشی چوەتە سەرشاخێکی بەرز و خۆی بە باڵە دەستکردەکانەوە هەڵداوەتە خوارەوە، بەڵام بە خێراییەکی زۆر کەوتووەتە خوارەوە و نەیتوانیوە بفڕێت هەر بەهۆی ئەم ڕووداوەوە بڕبڕەکانی پشتی شکاوە و خەونەکەشی بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێهێشتووە

# شار برینێکە زمان دەیدوورێتەوە

شیعری : ئیمان یادەوەر



ڕۆژگارێکە ئاسمانیش جێگەی بێئۆقرەیی ئێمەی تێدا نابێتەوە
فڕین کە شوێنێک نەبوو بتگرێتە خۆی، وێڵبوونە .
سرووشت مۆزەخانەیەکە بە چاوی ئێستە بیبینیت، زەرد دەچێتەوە.
بەم ڕوانینەوە گوڵ شکۆفە ناکات
سەدەیەک تابلۆیەکی سەوزمان بۆنمایش ناکات.
دەبینی باڵای دارچنارێک حەرفێکی یادەوەریی پێوە نییە!
کەس نابینی بۆ ژوانێک ڕۆحی لە بەرزیدا بشنێتەوە
کەس نابینی بەرماڵی نزای ڕاخستبێت ڕووەو دڵی
هەمووان نوێژ بۆ چاوەکانیان دەکەن.
چی لەوە ترسناکترە مرۆڤ چاوی بڕیوەتە ئاسمان؟
کێ ناڵێت ڕۆژێک هەورێک لەنێو کۆتا هاواریدا ژیان بگەڕێنێتەوە سەرەتا !
تۆبڵێی جارێکی تر ئەشکەوتەکان پەنامان بدەن؟
چ نەخۆشییەکە ژیان!
زەوی لەجێی دڵم، وەک تۆپەڵێکی خڕ لەناو جەستەمدا لێدەدات
ئەڵێی هەر من گوێم لە هاوارییەتی و کەس گوێی پێنادات.
بە شەقامەکاندا دەڕۆم و خەندەیەک ڕێگەم ئاوەدان ناکاتەوە.
شەقامەکانی ئێرە تەڕ بە فرمێسکی دەرۆزەکەران دەڕۆم و
ئەو گۆرانییانە کۆدەکەمەوە لە دەمی سەرخۆشان دەڕژێت.
کاتێک بەسەرخۆشی[ سەرە-خۆشی]لە تەمەنی ونبوویان دەکەن.
شاری ئێمە سەری ئەوانەی سپی کرد دەیانویست شار دڵی ڕەش نەبێتەوە.
ئەی خودای من بۆچی ملوانکەی پەلکەزێڕینەیەکت نانێری
بۆ گەردنی ئەم شەقامە ڕەشانەی شاری خامۆشی ئێمە؟
ئەی خودای من، هەسارەیەکم بدەرێ با شاعیران ئاوەدانی بکەنەوە
زمانێکم بدەرێ کەس نەتوانێ ناوی تۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی شەڕ
چرایەکم بدەرێ لە نووری خۆت، با شار لە تاریکیدا ون نەبێت.
ئەی خودای من، یادگەیەکم بدەرێ، با شار یادەوەری خۆی بیرنەچێتەوە .
تاوەکو چیتر شار نە لەتۆ بترسێت و
نە شەیتان فریوی بدات و نە شاعیرانی بکوژێت

# پاشماوەی ........ پرسەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری

ئەم کاتی لەم هاوکێشەیەدا تەنیا نووسەر دیار بوو و دەق و خوێنەر تەنیا بەشدارێکی هاوکێشەکە بوون و ڕۆڵی سەرەکییان نەبوو. واتە دەقەکان بۆ خوێنەر بوو، تەنانەت وەریشدەگرت، بەڵام خوێنەر لەدەرەوەی دەق بوو تەنیا چێژی لێوەردەگرت و سوودی لێدەبینی. دووەمیان : ڕۆڵی :دەق بوو کە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، ئەوکاتەی بونیادگەری پەیدابوو و نووسەر و توێژەرانی وەکوو ڕۆلان بارت و جۆلیا کریستیڤا و تۆدۆرۆڤ بەیەخییان بە دەقدا لەم هاوکێشەی سەرەوە کە باسمان کرد بەتایبەتی ڕۆلان بارت کە چەمکی "مەرگی نووسەر"ی ڕاگەیاند و لەپلەی سفری نووسینی دەقدا، تەنیا دەق گرنگ بوو، نووسەر و خوێنەر لەدەرەوەی دەق بوون و خوێنەریش چێژوەرگر و شرۆڤەکار و وەرگرێکی دەق بوو، بەڵام ئەو ڕۆڵەی نەبوو وەکوو ئەوەی دەقەکە جێی بایەخی سەرەکی بوو. سێیەم : ڕۆڵی خوێنەر لەم هاوکێشەی سەرەتا باسمان کرد " نووسەر – دەق – خوێنەر"، ئەمەش لەقۆناغی دووەمی بونیادگەری و پاش بونیادگەری و تیۆری وەرگرتندا. واتە بایەخدانەکە لەنووسەر و دەقەوە دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر.

ئەم میتۆدە سنوورێکی بۆ پیرۆزی نووسەر و دەق دانا، بەتایبەتیش لەدەرکەوتنی میتۆدە ڕەخنەییەکانی دوای بونیادگەری وەکوو: هەڵوەشانەوەگەرایی، هێرمۆنیتیکا، سیمیۆلۆژیا و هیتر ئاڕاستەکەیان خستە ناو شیکردنەوە و لێکدانەوە و وەرگرتنی خوێنەر.تەنانەت لە بیردۆزی وەرگرتندا مافی وەرگرتن و لێکدانەوە و تەنانەت بەشداری کردنی لەدەقدا بۆ خوێنەر گەڕاندەوە، تەنانەت بۆ گوێگر و بینەریش لە هونەرەکانی تری جگە لە نووسیندا. لەم نوێکاریانەدا کە هاتنەدی لایەنی زمانی و زمانەوانی ڕستەیان بە دەق گۆڕییەوە و زمان بووە پردی گەیاندن بۆ خوێنەر. لەوکاتەدا کە دەق بەرەو و دەلالەتخوازی و شیفرە و کۆد و ئەودیوی دەق و تەمومژ و دەقی ڕۆشنبیری و گەمە شاردراوەکانی مانا و زمانەوانیش بەرەو هاوکێشەی " گادامێر"ی دەبرد کە بریتی بوو لە تێگەیشتن و تەئویلی و پراکتیزەکردن.


نووسینەکانی بارت و کریستیڤا و تۆدۆرۆڤ و دواییش نووسینەکانی سیمیۆلۆژیستەکانی وەکوو ئەمبرتۆ ئیکۆ و بنەماکانی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسریڵ و هایدگەر و گادامێر کە ڕۆڵی وەرگر لە توانا و نوسینی دەقدا بەرز دەنرخێنن و لای ئەوان مانا بایەخی دەق دیاری دەکات و کارلێکی دەق و خوێنەر ئاوێتەی یەکتر دەبن.

لەدەقی نوێدا بەتایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا خوێنەر دێتە ناو دەق و نووسەرەکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا دەدوێ و پرسیاریان پێدەکات و خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و باسی بیرۆکەی دەقەکەی دەکات وەکوو ئەوەی لەدوای بونیادگەریدا میتۆد، یان شێوازێکی نوێ پەیدا بوو کە ناویان لێناوە میتاگێڕانەوە، لەچیرۆک و گێڕانەوەدا، لەڕۆمانیشدا وەکوو "میتاڕۆمان"ی پێدەڵێن. لای خۆمان ڕۆماننووسانی وەکوو عەبدوڵڵا سەراج و عەتا نەهایی و عەتا محەمەد پەیڕەوی ئەم جۆرە نووسینەیان کردووە، لە چیرۆکیشدا ڕەئوف بیگەرد و ڕەئوف حەسەن و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و هی تریش ئەم جۆرە دەقانە بە بەشداری خوێنەر دەنووسن. هەروەها لەدەقی نوێشدا بەتایبەتی لەچیرۆک و ڕۆماندا بەچەندان شێواز و تەکنیکی نوێ دەنووسرێ، بەتایبەتی دوای باو نەمانی سێیانەی مۆباسانی ( سەرەتا – گرێچن – کۆتایی)، لەکۆتایی کراوەدا ، چیرۆک یان ڕۆمان کۆتاییەکەی بۆ خوێنەر وەکوو بەشدارێکی دەقەکە خۆی چۆنی بوێ وەها کۆتایی بۆ دەقەکە دابنێ. من خۆم لە چیرۆک و ڕۆمانەکانمدا لەزۆربەیان داوا لە خوێنەر دەکەم و پێی دەڵێم: تۆش وەکوو بەشدارێکی تری دەقەکەم دەتوانی خۆت کۆتاییەک ، یان ئەنجامی دەقەکە دیاری بکەیت.

بۆ وەڵامی پرسیارەکانیش، ئەوا وەڵامەکەی من ئەوەیە خوێنەری کورد ئێستاکە ئەو خوێنەرە ساویلکە و ئاساییەی جاران نییە کە تەنیا دەقی ئەدەبی بۆ مەبەستی مانا و چێژ بخوێنێتەوە و لەدەرەوەی دەقدا بێت، بەڵکوو ئەو خوێنەرە، مەبەستم خوێنەری ئێستایە کەلەم سەردەمەی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا و زۆری سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەروا دوورەپەرێز نابێت لەگەڵ دەقدا، بەڵکوو پێوەندییەکی گیانی لەگەڵدا دادەمەزرێنێت و خۆی دەکات بە بەشدارێکی تری دەقەکە و خۆیشی بەنامۆ نازانێ لەدەقدا. لەئاستە جیاوازەکانی زمان و مەعریفەشدا گرفتەکانی خوێندنەوە ئاسانتر دەکات، چونکە خوینەری ئێستا خۆی ڕۆشنبیرە و ئاگادارە و خوێندەوارێکی سەرسەختی هەموو جۆرەکانی خوێندنەوەیە، واتە سەری لە زۆر ژانرە ئەدەبی و زانستییەکاندا دەردەچێ و تەکنەلۆژیای سەردەمیش نایەڵێ هیچی لێ بزر بێت، بەڵکوو ئینتەرنێت و گووگڵ و سایتە جۆراو جۆر و فەیسبووک و هۆکارەکانی تریش پاڵپشتن بۆ زانین و چاوکراوەیی، بۆیە خوێندنەوەش نابێتە گرفت و لای ئاسانە و دەتوانێ تێی بگات و بەگوێرەی ئاستی تێگەیشتنی خۆی بەشدارێکی تری کارامەی دەقە و هەر ئەمەش لە ئەدەبی نوێ و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا مەبەستە، خوێنەر چەقە گرنگەکەیە.

# كراسی دایكم

شیعری : خولیا حوسێن



چارۆگی گوڵ گوڵێت
تارای ئارامی سەر برینەکانی ڕۆحمە
یادی هەورییە خورماییەکەی سەرشانت
لە هەموو چوکلێتەکانی دنیا شیرینترە!
ئەمڕۆ بیرت دەکەم و
ئارەزوو دەکەم منداڵ ببمەوە وەکوو جاران
بچمە ناو کراسە بۆنخۆشە مۆزلینە، مۆرە گوڵ گوڵییەکەت و
خۆم لە هەموو نیگەرانییەکانی ژیان بشارمەوە
چەند بێ بەزەییە ئەم ژیانە؛ دایە گیان
هەتا چۆڕێک شادیمان دەداتێ بیخۆینەوە
دەبێت هەزاران پەرداخی پڕ پڕ لە نیگەرانییە تاڵەکانی بنۆشین.
تێبینی : کە منداڵ بووم دەچوومە ناو کراسی دایکم.

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# تێڕوانینی ماتریاڵیستی بۆ داهێنان لەئەدەب و هونەر

نووسینی : ئەحمەد مەرزووق

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە :
بانیژەی ئەدەب و کلتوور



ئەگەر بمانەوێت بەتێڕوانینی ماتریالیستییەوە باس لە داهێنانی ئەدەبیی و هونەریی بکەین، ئەوا پێویستە بە کورتی پێداچوونەوە بەو بابەتە سەرەکییەدا بکەین کە هۆشیاری مرۆڤ دیاری دەکات، ئەو بابەتەش واقیعە، کە نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگە و سەرخانە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرییەکان دەکات و تەربە پێی. هەروەها پێویستە لەسەرمان گەر بمانەوێت لە تێڕوانینی ماتریالیستی بۆ هونەر و ئەدەب تێبگەین، ئەوا دەبێت لە پێچەوانەکەی ئەم بۆچوون و تێگەیشتنە ماتریاڵیستییە تێبگەین کە ئەویش تێڕوانینی ئایدیالیستییە.

تێڕوانینی ئایدیالیستی، بە قوتابخانە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانییەوە، پێیوایە ئەوەی واقیعی هەر کۆمەڵگەیەک لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا دیاری دەکات، شێوازی هۆشیارییە لەو قۆناغەدا. واتە ئەوە هۆشیارییە کە واقیع دیاری دەکات. ئەم تێڕوانینە تا ئێستاش لای فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان بوونی هەیە. کارل مارکس و فرێدریک ئەنگڵس هاتن و لە بەرهەمەکانیاندا تێڕوانینێکی تریان بنیادنا کە ناکۆکە بە تێگەیشتنی ئایدیالیزم، مارکس وای دەبینێ کە ئەوە هۆشیاری مرۆڤەکان نییە کە بوونیان دیاری دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی کۆمەڵایەتییانە هۆشیارییان دیاری دەکات، ئەمەش بەو مانایەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای سروشتی پەیوەندییەکانیان و ئەوەی بەرهەمی دەهێنن لە چوارچێوەی شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، دامەزراوە. ئەمەجگە لە ململانێی نێوان دارا و نەدار، کە سروشتی ئەم هۆشیارییە دیاری دەکات.

هەورەها تێڕوانینی ئایدیالیستی بوونی بەها و پێوەر و میکانیزمە جێگیرەکان بەشێوەیەکی ڕەها و نامێژوویی بۆ ئەدەب و هونەر دەبینێت، ئەم ڕەوتە سەرنج دەخاتە سەر خودی هونەرمەند، دوور لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی، جا چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یان شێوازی بەرهەمەکەیەوە بێت. لە کاتێکدا تێڕوانینی ماتریالیستی پێی وایە کە بەهاکان و پێوەرەکان و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان دەربڕینی واقیعێکی کۆمەڵایەتین لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، ڕەنگدانەوەی بەرهەمی هونەرمەند یان نووسەر هەرچییەک بێت، لەڕاستیدا دەربڕینێکە بۆ بارودۆخە باوەکانی ناو کۆمەڵگە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ناهۆشیارانەش بێت.

ئەگەر کارە هونەرییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان وەربگرین کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی ئێجگار دوور، دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مرۆڤی پێش پەیدابوونی مێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەی خۆی بە شێوەی هونەری دەربڕیوە، چەشنی ئەو وێنانەی لەناو ئەشکەوتەکاندا دۆزراونەتەوە. وەک ئەشکەوتی تامیرا لە ئیسپانیادا و ئەشکەوتی سێ خوشک لە فەرەنسا. ئەم کارە هونەرییانە وێنەی مرۆڤگەلێکیان وێنا کردووە کە ئاژەڵ ڕاو دەکەن و پرۆسەی ڕاوکردنەکانیان بەرجەستە کردۆتەوە. هەروەها هەندێک لەو وێنانە؛ وێناکردنی مرۆڤەکانن کە لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکاندا لە زۆرانبازی دان و ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواستی مرۆڤی سەرەتایی بوو بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا لە ڕێوڕەسمێکی جادوو ییدا. لە ڕێگەی ئەم کارە هونەرییانەوە کە زۆرجار جۆرێک لە ڕێوڕەسمی جادوویی بووە کە کەسێکی ئەو سەردەمە بەپێی تێگەیشتنی خۆی پێیوابووە کە توانای شکستپێهێنانی نێچیرەکەی هەیە.

خۆ ئەگەر بچینە سەر ئەدەب و هونەری میزۆپۆتامیاش، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەربڕینە ئەدەبی و هونەرییەکان بەرهەمی سروشتی ئەو قۆناغەن و ئەو هونەرەی کە لە چیرۆک و داستان و شێوازەکانی هەڵکۆڵراوە هونەرییەکانی شوێنەوارەکاندا دەربڕدراون، بە پلەی یەکەم گوزارشت بوون لە نیگەرانییەکانی مرۆڤ لەو قۆناغەی میزۆپۆتانیا و هەورەها لە تێگەیشتن بۆ پەیوەندی لەگەڵ سروشت و ئەوانی دیکە و خوداوەندەکاندا. ئەو ئەدەب و هونەرە گوزارشت بوو لە پێگەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و خێڵەکیی لەو مێژووەدا و هەورەها بەو پێیەی دەسەڵاتی ئایینی ئەو بناغەیە بوو کە فەرمانڕەواکان لە سۆمەر، بابل، یان ئاشوور شەرعیەتی خۆیانیان لێوەی وەرگرتووە. بەرهەمە شیعری و گێڕانەوەکان زۆرجار دەربڕینی گەورەیی و پاڕانەوە بوونە لەخواوەندەکان. بە هەمان شێوە ململانێی مرۆڤ لەو قۆناغە مێژووییەدا لەگەڵ سروشت و ئەو دەرد و پەتا و نەخۆشییانەی کە دووچارییان دەبوو، لە داستان و شیعر و هونەری پەیکەرسازیدا بەرجەستە کراونەتەوە.

هەروەها بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان چەشنی تابلۆ قوڕینە نووسراوەکان و چیرۆک و پەندی پێشینان، وێنەی کشتوکاڵ و دروێنە و ڕاوکردن و شەڕیان گواستووەتەوە و دەقە سەرەکییەکانی ناو ئەفسانە و داستانەکان کۆشاون هەستکردن بە ئاسایش دەستەبەر بکەن و ئەو مەترسییانە لێکبدەنەوە کە مرۆڤ لەو کاتەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە وەکو لافاو وشکەساڵی و نەخۆشییەکان. بۆ نموونە داستانی گلگامش لە بەشێکیدا جەغد لەسەر بابەتی لافاو کردۆتەوە، ئەمەش گوزارشت لە بایەخی ئەم دیاردەیە (لافاو) دەکات لەسەر دانیشتوانی میزۆپۆتامیا، چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە توانای کۆنترۆڵکردنی لافاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتیان نەبووە. هەروەها هەمان شت بۆ گەلان و ناوچەکانی تریش کە بەدەست ئەم گرفتەوە ناڵاندوویانە ڕاستە. ئەمەش وایکردووە پرسی لافاو لە ئەدەب و هونەری ئەو سەردەمەدا باو بێت. واتە کاریگەری کارەساتە سروشتییەکان لەسەر مرۆڤی ئەو قۆناغە مێژووییە و هەوڵەکانی بۆ ڕازیکردنی خواوەندەکان لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەو سەردەمەدا باو بووە.

ئەوەی بەسەر شارستانییەت لە میزۆپۆتامیادا پەیڕەو کراوە، شارستانییەتەکانی میسری و یۆنانی و ڕۆمانی و هەروەها ڕۆژهەڵاتی هیند و چین و شارستانییەتە کۆنەکانی تریشی لێ بێبەری نەبووە و بەپێی ئەو گەشەسەندنەی کە هەریەکێک لەو شارستانییەتانە پێی گەیشتوون، ئەدەب و هونەر وێنای سروشتی ژیان و بەرهەمهێنان و ململانێ و گۆڕانکاری و تێڕوانینەکانی زاڵی ناو ئەم کۆمەڵگایانەی لەو قۆناغە مێژووییەدا، کردووە.


دەکرێت بوترێت کە لێکدانەوە ئایدیالیستییەکان بۆ بەرهەمی هونەری و ئەدەبیی؛ دێت ئەم بەرهەمە لە هەلومەرجە ماددییەکەی دادەبڕێت و دوور لە ژینگە و ئەو ململانێیانەی لەناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، لێکدەداتەوە. لە کاتێکدا تێڕوانینی ماتریالیستی پێی وایە ئەدەب و هونەر و سەرجەم بەرهەمە مرۆییەکانی تر ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویین لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و کاریگەریی دەسەڵات لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا.

شێوە و ناوەڕۆکی هونەر و ئەدەب لەگەڵ گۆڕانکاری پێکهاتەی ئابوری و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان، ئەویش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. ئەدەب و هونەر دوورترین بەرهەمی مرۆڤن لە سەقامگیری و چەقبەستوویی. ئەدەب و هونەر و ئەرکەکانیان لە کۆمەڵگەی چینایەتی تەژی لە ململانێ زۆر جیاوازترن لەو جۆرە ئەدەب و هونەرەی کە لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییدا پشتگیری لە جیاکاری چینایەتی ناکەن، وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی پێش کشتوکاڵێدا هەبوون. هەموو هونەرێک بەرهەمی سەردەمی خۆی و بەرهەمی کارلێککردنییەتی لەگەڵ چەندین هەلومەرج و گۆڕانکاری هەمەجۆردا.

ئایدیالیستەکان هەمیشە ماتریالیستەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە لەڕووی ئابوورییەوە هەوڵی لێکدانەوەی سەرجەم شتەکان دەدەن و ئەم بۆچوونەش تا ئاستێکی زۆر ڕووکەشانەیە. چونکە تێڕوانینی ماتریالیستی بە شێوەیەکی میکانیکی لە پەیوەندی نێوان ئابووری و هونەر ناڕوانێت، بەڵکو وای دەبینێت کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە کارلێکە، لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ڕوودەدات کە بنەما و بزاوتی لەسەر زەمینەی ململانێی نێوان چینی باڵادەست و چینی ژێردەستەدا دامەزراوە و ژێرخانی ئابووریش وەک ئامراز و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و سەرمایەش دەتوانێت سروشتی سەرخان وەک داب و نەریت و ئەخلاق و هونەر دیاری و ئاڕاستە بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە شیعر و پەیکەرسازی و ڕۆمان و چیرۆک و مۆسیقا و هونەر و ئەدەبیاتەکانی تر، شێوەیان بەپێی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بەپێی ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەم شێوازە بەرهەمهێنانەی پێیدا تێپەڕیوە و هەروەها تا چەند ململانێکە لەناو ئەم شێوازەدا پەرەی سەندووە، دیاری دەکرێت.

دەتوانرێت بە کورتی دیارترین هێزەکانی کاریگەر لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە هەر سەردەمێک لە سەردەمەکان ، بە واقیعی ئابووری و خەباتی چینایەتی بخرێنەڕوو، کە بەڕۆڵی خۆیان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و بنەماڵەیی و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ترن، کە هەمیشە هەوڵدەدەن فۆرخکاری یان کاریگەری لەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری بکەن بەجۆرێک کە ئەگەر کاریگەرییەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، لەڕێگەی بنیادنانی هونەر و ئەدەب و کلتووری دەسەڵات بە شێوازی جۆراوجۆر جا هۆشیارانە بێت یان ناهۆشیارانە. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان هەمیشە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە شێوە و ناوەڕۆکی ئەدەب و هونەر. بەو پێیەی هونەر و ئەدەبیاتی نوێ لەڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە دەسازدرێن، بەتایبەتیش لە کاتی تووندبوونەوەی ململانێ لە سەردەمی گواستنەوەدا بۆ نموونە لە قۆناغی کۆیلایەتییەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی ململانێکە تووندتر دەبێتەوە یان بە پێی بارودۆخی هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێک کورت یان درێژ دەبێتەوە. ئەدەب و هونەریش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردنەی کۆمەڵگەدا شانبەشان و هاوتەریب هەنگاو دەنێت، بەمەش زەمینەی ئەو گۆڕانکارییە و گوزارشت کردن لێی، بە شێوازی هونەری و گێڕانەوە و داستانیی دەردەبڕێت. هەر ڕێک وەکچۆن لە گۆڕانکاری شێوازی بەرهەمهێنانی فیۆداڵی بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەبینرێت.

ئەگەر بۆ نموونە شانۆنامەکانی شکسپیر وەربگرین، لە یەکێک لە لایەنەکانیاندا، گوزارشت بوون لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی بازرگانی و پێکهاتنی دەوڵەتەکان بە مانا مۆدێرنەکەی، کە دەوڵەتگەلێک بوون مەیلی ناوەندی ناسیونالیستییەکی ناوەندگەرایان هەبووە کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان یاوەری بوون و گرنگترینیان کەمبوونەوەی ڕۆڵی دەرەبەگایەتی بوو لە ئەوروپای ڕۆژئاوا. ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە پیشەسازییانەی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ڕوویاندا و هەوڵێک بوون بەرەو گۆڕانکاری بەئاڕاستەی کۆتایی سەردەمی فیۆداڵی. هەروەها ئەم شانۆنامانەی شەکسپیر دەربڕینێک بوون بۆ ئەو ئاڵۆزییەی کە یاوەری ژیانی کۆمەڵایەتی بوو لەو قۆناغەدا و ئەو سەردەمەش هەنگاونانی بەرەو تاکگەرایی بەخۆوە بینی. لە زۆربەی شانۆنامەکانی شکسپیردا ئەم ململانێ تاکەکەسییانە دەبینین کە هاملێت، ماکبێس، ئۆتێلۆ، لیر، یان پاڵەوانەکانی دیکەی شانۆنامەکانی ویلیام شکسپیر تووشی دەبن. باڵادەستی مەیلی تاکگەرایی عەلمانی و گۆڕینی مرۆڤ بۆ دروستکەر و بوون بەچەقی ڕووداوەکان، دوای ئەوەی کە کڵێسا هەژموونی بەسەر ژیانی ڕۆژانە و بیری تاکەکاندا دەستەبەر کردبوو. ئەمەش پێچەوانەی ئەو شانۆنامانەیە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپادا باو بوون کە لە ڕۆحێکی تاکگەرایی لاوازتر بەهرەمەند بوون. وەک چۆن کارەکتەرەکانی شانۆنامە و چیرۆکەکانی پێش شکسپیریش لە سەرەتاوە تا کۆتایی یەک کارەکتەری یەکجۆریی بوون، یان کارەکتەری باش بوون یانیش بەڕەهایی خراپ بوون. شانۆنامەکانی شکسپیر گوزارشت بوون لە قۆناغێکی نوێی واقیعی بابەتیی کە ئاڵۆزتر بوو لەو سەردەمانەی پێش خۆی. وەک گوزارشتکردن لە سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنان لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی کە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتبوو.




هەروەها دەتوانرێت سێرڤانتێس وەک نموونەیەکی دیکەی گواستنەوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە ببینرێت. ڕۆمانی مەزنی دۆنکیشۆت، ئەو ڕۆمانە گەورەیەیە کە بە ڕوونی و ڕەوانی کۆتایی سەردەمی سوارچاکی و ئاغایەتی و شکۆی داب و نەریتی فیۆداڵی کە تێیدا زاڵ بووە، دەرئەبڕێت. هەنگاونان بەرەو ژیانێکی نوێ کە سێرڤانتێس توانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرجەستەی بکات و هەروەها پاڵەوانی ڕۆمانەکەش گوزارشتی لە بێهودەیی و مردنی بیرۆکەکانی سوارچاکی لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵوەشاندنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی فیۆداڵی کە لە ئەوروپادا زاڵ بوو، دەکات . سەرهەڵدانی ڕۆمان لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا یەکێکە لە گرنگترین گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی. پاڵەوانی ڕۆمانەکان زۆربەی جار سەر بە چینی ناوەڕاستی بۆرژوازین، یان خەڵکی ئاسایین، لەبری ئەو دەرەبەگ و ئاغا و شازادانەی کە لە بەرهەمەکانی پێشوودا باو بوون. سەردەمی ڕۆشنگەری کە ئەوروپا پێش شۆڕشی فەرەنسی بەخۆوەی بینیبوو، گوزارشت بوو لە گۆڕانکاریی لە سەردەمی فیۆدالیزمەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بۆرژوازی. ئێمە لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵدا چەندین نووسەر و هونەرمەند و بیرمەند و فەیلەسوفی وەک مۆلیێر، ڤۆڵتێر، ژان ژاک ڕۆسۆ، هێلڤیسوس، دیدێرۆ و چەندانی ترمان بینی، کە بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بوون و فەلسەفەی ماتریالیستیش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەم گۆڕانکارییانە لە فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و ئایدۆلۆژیادا دەرئەنجامی گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی بوون و نەک هۆکارێک بن بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە. لە کاتێکدا ئایدیالیزم جەغد لەوە دەکاتەوە کە بەرهەمی ئەم نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوفانە لە پلەی یەکەمدا هۆکاری شۆڕشی فەرەنسا بوون! ماتریالیزم پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی چینێکی نوێی پیشەسازی و بازرگان بە پێشکەوتن و داهێنانە زانستییەکانەوە دەبەستێتەوە بە گەشەسەندن و داهێنانە زانستییەکان کە سروشتی ژیانیان گۆڕی و بوونە هۆی فراوانبوونەوەی شارەکان، ئەمە جگە لە دۆزینەوەی جوگرافییەکان کە هەلومەرجی تازەتری لێکەوتەوە. هەموو ئەم هۆکارە بابەتییانە پێکەوە بەشداربوون لە سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی ئەدەب و هونەر نەک بە پێچەوانەوە.

لێرەدا دەتوانین باسی هەریەک لە بەلزاکی فەرەنسی و تۆلستۆی ڕووسی بکەین، کە بە ڕوونی گوزارشتیان لە سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ کرد، کە ئەویش سەردەمی سەرمایەدارییە بە هەموو ئەو دژایەتییەی کە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەم دوو ڕۆماننووسە توانیان وێنای چەوسانەوە و کۆیلەکردنی ئینسان و هەروەها ڕۆڵی پارە لە دروستکردنی ململانێ لە نێوان خەڵکدا بکەن. هەورەها توانییان ڕادەی ئەو نامۆبوونەی کە بەهۆی ئەم شێوازە نوێیەی بەرهەمهێنانەوە دروست دەبێت چەندە و چۆن تەماح؛ موڵکدار و بازرگان و دەوڵەتەکان لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر دەداتەپێش تەنانەت ئەگەر بە شەڕیش بێت، گوزارشت لێبکەن. هەرچەند ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی ئەم دوو ڕۆماننووسە لەگەڵ سەرمایەداریدا بوون، بەڵام واقیعی فەرەنسا و ڕووسیا و ئەو ململانێیانەی لەو قۆناغەدا زاڵ بوون بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە وێنا کرد. هەرچەندە بەرهەمەکانی بەلزاک و تۆلستۆی شۆڕشگێرانە بوون، بەڵام چارەسەرەکانیان بۆ واقیع زیاتر چارەسەرێکی ئەخلاقییانە بوو.

ئەوەی بەسەر ڕۆمان و شانۆنامەدا پەیڕەو دەکرێت بۆ مۆسیقاش هەر بەو جۆرەیە. ئەم هونەرە لە ڕێگەی گەشەسەندنی درێژخایەنی خۆیەوە کە هەر لە سەرەتاوە هاوڕێی ژیانی مرۆڤ بووە، گوزارشتی لە خواستەکانی مرۆڤ کردووە و یەکێک بووە لەو ئامرازانەی کە لە ڕێوڕەسمی جادوویی و ئایینیدا لە سەرانسەری قۆناغ و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی جیاوازدا، بەکارهێنراوە. بۆیەش هەمیشە مۆسیقا و گۆرانی و سروود، یاوەری سرووتەکانی پەرستگا و کڵێسا و ڕێوڕەسمە بەکۆمەڵەکان بوون کە لەلایەن گروپەکانەوە ئەنجام دەدران بەو ئومێدەی لە خوداوەندەکان نزیک ببنەوە یان کارئاسانییەک بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە ئاسمان. مۆسیقا لە واقیعی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنیان بۆ جیهان لەسەردەمە جیاوازەکاندا جیا ناکرێتەوە هەروەک چۆن مۆسیقا لە سەردەمەکانی پێشوودا ڕۆڵی خۆی بینیوە، لە سەردەمی ئێمەشدا گوزارشتی لە واقیعی کۆمەڵگاکان و ئاسۆ و ململانێکانیان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەناو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ڕوودەدەن، کردووە.

دانانی بارودۆخێکی ئابوری و سیاسی دیاریکراو، کە لە سەرەتای هەژموونییەوە تا دارمان و نەمانی ئەم هەژموونە، وەک بەرهەمهێنانی ڕێبازێک یان قوتابخانەیەکی هونەری یان ئەدەبی، جۆرێکە لە بێهەڵوێستیی. چونکە لەناو ئەم یان ئەو شێوازەدا گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ هەن کە هاوتەریب لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان و توندی و لەسەرخۆبوونی شێوازی خەباتی چینایەتی هەنگاو دەنێن. بۆیە دەبینین کە شێواز و قوتابخانە هونەرییەکانی ناو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بۆ نموونە، قەیرانەکانی ئەم سیستەمە و گۆڕانکارییەکانی لە قوتابخانەکانی هونەر لە پێناو هونەردا و لەوێوە بۆ قوتابخانەی سوریالیستی تا دەگات بە قوتابخانەی دەروونناسی تا شێواز و قوتابخانەکانی تر، دەرکەوتنێکن کەشانبەشان ئەو گۆڕانکاری و شەڕانە بوون کە لەگەڵ جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا ڕوویاندا. بۆ نموونە هونەر و ئەدەبی بێهوودەیی لەو قۆناغەدا برەویان پەیدا کرد، دوای پرۆسە بەربڵاو و ترسناکەکانی تێکدانی شارەکان و کوشتنی خەڵک بۆ ئەوەی خزمەت بە ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکان بکەن. ئەم قوتابخانانە بۆ ئەوە دەرکەوتن تا نائومێدی مرۆڤ دەربڕن و دوودڵی و گومان لە توانای گۆڕینی ئەو واقیعە لای مرۆڤ بچێنن. لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتی و وێرانکارییانەشدا، زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندان بە شێوازی بێهوودەیی و بێمانا گوزارشتیان لە واقیع دەکرد. ڕێک بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی واقیعی شۆڕشگێڕانە کە هاندەری گۆڕانکاری و ڕزگاری بوو.


ئەگەر تەماشای سەرهەڵدانی سوریالیزم بکەین وەک قوتابخانەیەکی هونەری و ئەدەبیی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە پاریس سەریهەڵدا، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ڕێبازەش گوزارشتە لە کاریگەربوونی بە کۆمەڵێک لەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەشدارییان لە شکڵپێدانیدا کردووە. یەکەمینیان باڵادەستی قوتابخانەی شیکاری دەروونییە لە ئەوروپا وەک فەلسەفە و میتۆدێکی چارەسەری کە پشت بە لێکدانەوەی خەونەکان و نائاگایی و ململانێ سێکسییە سەرکوتکراوەکان دەبەستێت. ئەم هێزە وێرانکارە ناوخۆییانە مرۆڤ بەرەو لەناوچوون و شەڕ و مردن پاڵ دەنێت (غەریزەی شەڕانگێزی و مردن). ئەگەر ئەم تێڕوانینانە زاڵ بن بەسەر دەروونناسیدا، ئەوا زۆرێک لە زانستە مرۆییەکان و تەنانەت ئەو قوتابخانە فەلسەفیانەش کە لەسەر بنەمای ماتریالیزم دامەزراون وەک قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەمە سەرباری شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە ئەوروپا کە بە ملیۆنان کەس بوونە قوربانی، وایکرد ئەم ڕێبازە لە بیرکردنەوەی لۆژیکی هۆشیارانە و تەنانەت زانست و هونەریش بێتوانا بێت و ئیتر ئەم ڕێبازە هونەرییە بەرەو ناعەقڵانییەت و نائومێدی هەنگاوی نا.

## بنەمای ماددی بۆ داهێنان لە ئەدەب و هونەردا

زۆرێک لەو لێکدانەوە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە هەن باسیان لە بابەتەکانی داهێنان لە زانست و هونەر و ئەدەبدا کردووە. وەک باسکردن هۆشیاری بە هەموو جۆرەکانییەوە. لێرەدا دوو تێڕوانین لەئارادان سەبارەت بە بنچەی داهێنان لە هونەر و ئەدەبدا. یەکەمیان تێڕوانینی ئایدیالیستییە کە داهێنان لە ئەدەب و هونەر وەک حاڵەتێکی نەخۆشناسیی یان حاڵەتێکی ئیلهامبەخش و شتی تر سەیر دەکات. ئەو تێڕوانینانەی کە بەرهەمی کار لە دەوروبەر و بارودۆخی ماددی و مێژوویی جیا دەکاتەوە. ئەوی تر تێڕوانینی ماتریالیستییە کە داهێنان بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی دەبەستێتەوە، هەروەها ئەو دەرفەت و هەلومەرجانەی لەبەردەستی نووسەر یان هونەرمەندان کە پاڵی پێوە دەنێن بۆ خولقان و داهێنان. سەرەتا بەو تێڕوانینە ئایدیالیستییە دەست پێدەکەین کە زۆرێک لە ڕوانگە دەروون شیکارییەکان نوێنەرایەتی دەکەن. دیارترینی بۆچوونەکان کە لە بازنەی زانستی و ئەکادیمی و تەنانەت لە ئاستی جەماوەریشدا ناوبانگیان بەدەستهێناوە، بریتین لە:

یەکەم: ئەو تیۆریانەی کە داهێنان بە شێتی و نەخۆشییە دەروونییەکانەوە دەبەستنەوە و پێشەنگی ئەم ڕەوتە توێژەری ئیتاڵی لۆمبرۆسۆ و پزیشکی مەرەنسی بۆ نەخۆشییەکانی مێشک کریستجامەر بوون. پوختەی ئەوەی کە لۆمبرۆسۆ لە کتێبەکەیدا ( بلیمەتدار) جەغدی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە پەیوەندی لە نێوان شێتی و نەخۆشی دەروونی یان بلیمەتیدا هەیە و بلیمەتیش بە بۆچوونی لۆمبرۆسۆ؛ شێتییە. ئەو وای دەبینێت لەدەستدانی هاوسەنگی لە ڕوانگەیەکی ئەناتۆمییەوە لەناو مێشکی داهێنەردا ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ئاوسانی مێشک یان گرژبوونی چەند بەشێک لە مێشک. ئەم ناهاوسەنگییەش لە بلیمەتیدا داهێنان دەخولقێنێت. بەڵام کریستجامەر بلیمەتی یان داهێنان وەک لادانێکی نەخۆشی دەمارەیی و بۆماوەیی دەبینێت کە تایبەتمەندی هەندێک خێزان بێت، ئەو توێژینەوەی لەسەر هەندێک لەخێزانەکان وەک خێزانەکانی بیتهۆڤن، کۆتێ، باخ و مایکل ئەنجێلۆ کرد و گەیشت بەو ئەنجامەی کە خێزانەکانی ئەم داهێنەرانە هەڵگری لادان و نەخۆشییەکانی مێشک بوون. ئەم تێڕوانینە لەلایەن لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکانەوە پووچەڵ کراوەتەوە، بەڵام هێشتا بۆچوونێکی بەربڵاوە لە نێو هەندێک لە ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکان.

دووەم: هەرچی فرۆیدە بە پلەی یەکەم لێکۆڵینەوەی لە داهێنانی هەندێک لە هونەرمەند و نووسەرەکاندا کرد، لەسەرووی هەموشیانەوە لیۆناردۆ داڤینشی و دۆستۆیڤسکی، لێکدانەوەی فرۆید بۆ داهێنانی ئەم دوو داهێنەرە کە لە تیۆری گشتی دەروونشیکارییەکەیدا هاتووە،وای دەبینێت کە لە ئەدەب و هونەردا دۆخێک دێتە ئاراوە وەک ئەوەی



فرۆید بە میکانیزمی بەرگری ناوزەدی دەکات. لە نێو مرۆڤە داهێنەرەکانیشدا وەک میکانیزمی خوویەکی نزم و ناپەسند سەرهەڵدەدات، ئەمەش هۆکارێکە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی نائاگایی پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی بەسەر پاڵنەرە سێکسییە پێویستییەکانی زاڵ بێت و ئەویش لە ڕێگەی داهێنانی هونەری یان ئەدەبی یان تەنانەت بیرکاری یان زانستییەوە، خۆی لێ خاڵی دەکاتەوە. فرۆید پێیوایە هونەرمەند و نووسەرانی داهێنەر هەمیشە نێرگسین و ئارەزووی سێکسییان بۆ خودی خۆیان هەیە و داهێنانیش بەوجۆرە، حاڵەتێکی سێکسی بایۆلۆژییە. بۆیە هونەرمەندی داهێنەر بە تایبەت ناتوانێت ئارەزووە سێکسییەکانی خۆی لە ئەنجامی فشاری کۆمەڵایەتی و ئەو قەدەغەکردنانەی کە بەسەریدا دەسەپێنرێت، تێر بکات.

ئەمانە ئەو تیۆرییانە بوون کە هەوڵیاندەدا داهێنان وەک حاڵەتێکی نەخۆشی بایۆلۆژی ڕوون بکەنەوە. وەک ئاماژەشمان پێدا زانست پشتگیری ئەم بۆچوونانە ناکات سەباری ئەوەی کە بەسەر زاری زۆر کەسەوە دەوترێنەوە. داهێنەرانیش وەکو زۆربەی خەڵک ڕەنگە هەندێکیان بەدەست شڵەژان یان نەخۆشییە دەروونییەکانەوە بناڵێنن، بەڵام دانانی ناوی نەخۆشی دەروونی یان شێتی بۆ سەرجەم داهێنەران زۆر دوورە لە ڕاستییەوە و تەنانەت توێژینەوە دەروونی و نەخۆشییە دەمارییەکانیش بێپەروا پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە نەخۆشی دەروونی یان نەخۆشی مێشک لەزۆربەری بوارە زانستی هونەری و ئەدەبییەکاندا، ڕێگری لە داهێنان دەکەن.

سێیەم: تیۆرییەکی تر هەیە کە داهێنان نەک وەک حاڵەتێکی نەخۆشی، بەڵکو وەک حاڵەتێکی سروشتیی دەبینێت، بەڵام ئەمە بۆ هەموو مرۆڤەکان وکو یەک بەردەست نییە. کەسانێک هەن بەهرەمەندن یان بلیمەتن و کەسانی تر بەوجۆرە نین. ئەم تیۆرییە داهێنەر لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کە تێیدا گەورە بووە و ئەو بوارەی بۆی ڕەخساوە و ئەو دۆخەی پێیدا تێپەڕیووە، دادەبڕێت. زاناکانیش هەمیشە لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا بەوجۆرە دەڕواننە داهێنەران کە ئیلهام و چرکەساتی دەرکەوتنیان هەیە، لێکدانەوەشیان بۆ داهێنان، لێکدانەوەیەکی سۆفییانەیە. هەمیشە ساتی دەرکەوتن و هاتنی ئیلهام دەبەستنەوە بە بێ نەخشەیی و پلانیی و


بۆ ل١١


ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# وەستانێک لەئاست ڕۆمانی (خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا)ی

## واڵتەر گرینوود

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤






### شوێنکات لە ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا

ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاردا؛ ڕۆمانێکی ناوازەی ڕۆماننووسی سۆشیالیستی بەریتانیی واڵتەر گرینووده(١) کە لە ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە و ساڵی ١٩٣٣ بڵاوبووەتەوە. ئەم ڕۆمانە وەک وەڵامێکی ڕۆماننووس بۆ قەیرانی بێکاری کە لە ئاستی لۆکاڵیی و نێودەوڵەتیدا لەپەرەسەندندابوو، نووسراوە. شوێنکاتی ڕۆمانەکە بریتییە لە گەڕەکێکی هەژارنشینی کرێکاریی بەناوی هانکی پارک کە یەکێکە لە گەڕەکە کرێکارییەکانی شاری سالفۆرد لە باکووری بەریتانیا، کە زێدی ڕۆماننووس واڵتەر گرینووده و نووسەر لەوێ لەدایکبووە و پەروەردە بووە. ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە چەند ساڵ دوای ئەو مانگرتنە گشتییەکەی کرێکارانی بەریتانیا دێت کە لەساڵی ١٩٢٦دا، دەستی پێکرد. (٢)واتە ڕۆمانەکە شەش ساڵ دوای مانگرتنە گشتییەکە نووسراوە. ئەم ڕۆمانە کرێکارییە وەکو دەقێکی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی بەریتانیا، چەند ساڵ دواتر دەکرێتە شانۆنامە و ئینجا فیلم و دەبێتە یەکێک لە کارە هونەرییە هەرە سەرکەوتووەکانی بواری شانۆ و فیلم و سینەمای کرێکاریی. بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە سەرباری ئەوەی سەرکەوتنێکی ئەدەبیی و بازرگانی گەورە بوو، لەهەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر بۆچوونی خەڵکی بەریتانیا دانا سەبارەت بە قەیرانی دیاردەی بێکاری بەجۆرێک کە کاریگەری ئەم ڕۆمانە وای لە پەرلەمانی بەریتانیا کرد دەست بە لێکۆڵینەوە بکات و لە ئەنجامدا کۆمەڵێک چاکسازیی لە سیستەمە ئابوورییەکەی، بەڵام لەبەرژەوەندی چینی کرێکار، ئەنجام بدات.

### کاراکتەر و گرێچنەی ڕۆمانەکە

بەوپێیەی لە سەرەتای دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەمدا، دوای دەیەیەک لە کۆتایهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، دۆخی ئابووری و ژیانی کرێکاران لە بەریتانیا بەگشتی لە دۆخێکی ناڵەبار وخراپدا بوو. سەعاتکاری زۆر، کرێی کەم، ناسەلامەتی شوێنی کار، بێکاری لەڕادەبەدەر، بەکورتی هەژاری و بەشمەینەتییەکی زۆر ژیانی خەڵکی داپۆشیبوو. لەو سەردەمە قەیراناوییەی سیستەمی سەرمایەداری بەریتانیادا، ڕۆمانێک دەنووسرێت کە گوزارشت لە ڕەهەندە نائینسانییەکانی ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە دەکاتەوە. ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاردا ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە نائینسانیی و ئەو ستەم و بێماف و پەژاراوییەی کرێکارانی بەریتانیا بوو. کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، کارەکتەری کۆمەڵایەتی واقیعین و بریتین لە خێزانە چوار نەفەرییەکەی هاردکاسڵ کە لە گەڕەکی هانکی پارک دەژین کە گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری سالفۆردە لە بەریتانیا. هارد کاسڵ بەخۆی کرێکارێکی کۆمپانیای کانی خەڵووزە؛ کرێکارێکی ناهۆشیار و پیاوسالارە و هاوژینەکەی ژنی ماڵەوەیە. منداڵەکانیشی، کوڕەکەی (هاری تەمەن حەڤدە ساڵی خوێندکاری زانکۆی لینکن) سەرەتا لە کۆگای بارمتەدانان و دواتر وەک یارمەتیدەری ئەندازیاری لە کۆمپانیایەکی ئەندازیاریی دەست بەکار دەبێت. (سالی) کچیشی لە کارگەی چنین کرێکارە. دەروبەریشیان بریتین لە ژمارەیەک لە کارەکتەری ناسەرەکی (بەڵام ئەمانیش واقیعین) خەڵکی جۆراوجۆری وەک (لاری میس) ئاژیتاتۆری سۆشیالیست و (هێلن) کرێکاری کارگەی چنین و کۆمەڵێک ژنی تری بەتەمەن و سام گراندی سەرمایەدار، تۆم هەیر و سام هاردی و بیڵ سایمۆنس و جاک لیندزەی و جۆ ڕێجی فۆرمەن و کەیت و خاتوو بووڵ و خاتوو جایک و هەڵگینتن خانم و ناد نارکی و سام گواند و ..تاد، هەموو ئەم کارەکتەرانە جگە لە ناد نارکی پاڵەوانی جەنگ و گیرفان گەرم و و سام گراندی خاوەن سەروەت و سامان، ئەوانیتر هەموو نوێنەرایەتی ئابووری چینی کرێکار دەکەن کە بەهۆی دەرئەنجامەکانی قەیرانی ئابوورییەوە، دووچاری زیانی سیاسی و ئابووری زیاتر و زۆرتر دەبن.

ڕۆمانەکە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی سەرەکی فۆکسی لەسەر هاری هاردکاسڵی حەڤدە ساڵە؛ کە لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە قوتابخانەی بەجێهێشتووە و ماوەی دوو ساڵ لە کۆگایەک کاری کردووە، کارێک کە ئارەزووی لێنەبوو بەشێکی لەبەر ئەوەی دەبوو ڕۆژانی شەممە کار بکات و بەمجۆرە نەیدەتوانی هاوڕێکانی ببینێت و کاتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەرێتەسەر، بەشێکی تریشی لەبەر ئەوەی هەستی دەکرد ئەو کارە، لەبنچینەدا کاری پیاوان نییە. چونکە بەڕاستی موشتەرییەکان هەموویان ژن بوون. پاشان هاری بەڕاستی دەیویست و خوازیاری ئەوە بوو کاری ئەندازیاریی کار بکات و بەم شێوەیە چارەنووسی خۆی وەک ئەندازیارێک دیاری بکات. بۆیە سەرەنجام پاش هەوڵێکی زۆر دەتوانێت وەک یارمەتیدەری ئەندازیار دەست بەکاربێت و پاشان ئەزموون بەدەست بهێنێت و ببێت بە ئەندازیارێکی شارەزا. هاری سەرەتا وای هەست دەکرد کە هەموو شتێک بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت و هیچ پێویست ناکات جارێکی تر خەمی ژیان و خەمی نانی سبەینێی بێت. هەروەها هاری لەسەرەتای بێکاربوونیدا بەرێکەوت لە گرەوێکی براوەی هاوشێوەی قوماردا پشوویەکی کورتی کەنار دەریای لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی (هێلین کە ئەویش وەکو سالی خوشکی هاری کرێکاری کارگەی چنینە) بۆ دەستەبەر دەبێت، بەڵام زۆری پێناچێت و دوای ئەو پشووە کورتە مۆتەکەی بێکاری دەست دەخاتە بیناقاقای ژیانی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵ نادات و پێیوایە کە دەتوانێت کارێکی دەستبکەوێت، دەچێت هەموو شارەکە پەی دەکات و بەدوای کاردا دەگەڕێت، سەرەنجام بێهیوا دەبێت و کاری دەست ناکەوێت. لێرەوە و لەژێر فشاری ئەو بێکاربوونەدا کۆشکی خەیاڵی ژیانی هاری بەرەو دارمان دەچێت و ئیتر لەوساتەوە ترووسکەی هیچ ئەگەر و ئەلتەرناتیڤێک و ئاسۆیەکی ڕووناک لای هاری نابینرێت. هێلینی کچە هاوڕێشی لەدوای پەیوەندییەکی سۆزداری کەم، دووگیان دەبێت. ئەمەش بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوسای خەڵکی بەریتانیا و خێزانی هاردکاسڵ ( دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەم) مایەی ئیحراجی کۆمەڵایەتی بوو. سەرەنجام هاری لەگەڵ باوکیدا تووشی گیروگرفت و دەمەبۆڵە دەبێت لەسەر ئەوەی کاردکاسڵ بە خۆشەویستەکەی هاری کوڕی دەڵێت (سۆزانی!)، بۆیە هاری سەرەنجام بەتووڕەیی دەرگای ماڵ لەدوای خۆی دادەخات و ماڵ بەجێدێڵێت، ئەمەش ئەوەندەی تر دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو خێزانە پەشێوتر دەکات و شیرازە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر تێکدەچێت. ئەم ماڵ جێهێشتنەی هاری وەک یەکێک لە کارەتکەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە جۆرێک لە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە. هاری و هێڵن و منداڵە ساواکەیان لە ژوورێکی کۆن و پەرپووت ژیان دەگوزەرێنن. دوو لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی هاری دەکەونە زیندانەوە و جاک لیندزەیش دەبێتە سەرباز. بەگشتی ئەتمۆسفیری کۆمەڵایەتی هاری ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و دەشێوێت.

کۆمپانیای کانی خەڵووز هەفتەی کارکردنی بۆ سێ ڕۆژ کارکردن کەم دەکاتەوە و پاشان بەتەواوەتی دادەخرێت لەشکرێک لە کرێکارانی کانەکان ( دوانزە هەزار کرێکار) لەنێویشیاندا هاردکاسڵ بێکار دەکرێن، بێئەوەی هیچ بیمەیەکی بێکاریان پێڕەوا ببینرێت. زاڵمی کۆمپانیا لەوەدایە کە هەزاران کرێکار بێکار دەکات لە کاتێکدا دەیان ئامێری نوێی کارکردن هێنراوەتە کارگەکەوە. هاردکاسڵ لە بیمە بێبەش دەکرێت بەبیانووی ئەوەی کچ و کوڕێکی کار دەکەن. کاتێک کوڕەکەشی هاری بێکار دەکرێت، ئەویش هیچ بیمەیەکی بێکاری نادرێتێ بەبیانووی ئەوەی خوشکەکەی کار دەکات. بەمجۆرە ئەو خێزانە بێکار و بێ داهات دەبن. (سالی)ی کچی هاردکاسڵیش دڵخوازی کوڕە شۆڕشگێڕی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوی حیزبی کار(٣) (لاری میس) و پێکەوە نەخشەی هاوسەرگیرییان داڕشتووە، بەڵام پلانی هاوسەرگیرییەکەیان ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەهۆی ئەوەی لاری کارەکەی لەدەست دەدات. سالی ئامادەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەی(لاری) بژێت و گوێ بەقسە و قسەڵۆکی خەڵک نەدات، بەڵام لاری ڕەتی دەکاتەوە بەوجۆرە بژێت. لاری میس خەباتگێڕێکی سۆشیالیست و ئەندامی حیزبی کار لە کاتی ڕێپێوانی بێکاراندا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ دا و کەلەسەر بانگەوازی بزووتنەوەی نەتەوەیی کرێکارانی بێکار(٤) هاتە ئەنجامدان، سەباری ناجێگیریی باری تەندروستی و نەخۆشبوونی بە سەرما و کۆخە، دەستبەرداری ڕابەرایەتیکردنی ئەو نارەزایەتییە چینایەتییە نابێت. ئەو بە وشەی(هاوڕێیان) دەست پێدەکات و کاتێکیش بێکارانی ناڕازی بە دروشمی ( خەزێنەی بیمە هیچی تیا نییە، دەست لە دزینی قووتی خەڵک هەڵگرن) و بە هەڵکردنی ئاڵای سوور، بەڕێپێوان بەرەو گۆڕەپانی شارەوانی شاری سالفۆرد بەرێدەکەون تا چاویان بە لێپرسراوی شار بکەوێت. لێپرسراوی شاریش ئامادەیی دەربڕیبوو کە نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە ببینێت. بەڵام کاتێک دەگەنە نزیک باڵەخانەی شارەوانی و لەبری بینینی نوێنەرانی خۆپیشاندەرانی کە شەش کەس دەبن، هێزەکانی پارێزەری سەرمایەداران(پۆلیس) لە پلانێکی ئامادەکراو و داڕێژراودا هێرش دەکەنە سەر نوێنەرانی خۆپیشاندەران و لەم ساتەدا هەردوولا، لایەک ئامادە و ساز و لایەکیش بەنیازی چارەسەری کێشەکانیان و ئاشتیخواز، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و بەگژ یەکتردا دەچن و شەڕی دەستەویەخە ڕوو دەدات ، لەم شەڕ و پێکدادانەدا لاری میس بە شێوەیەکی زۆر خراپ بریندار دەبێت و یەک دوو ڕۆژ دواتر بەهۆی ئەو برینداربوونەیەوە گیان لەدەست دەدات. (سالی) یش سەرەتا لە ناچارییەکی بێئەندازە سامناکدا دەژێت و هیچ مەیلێکی نابێت بۆ داواکانی سام گراندی خاوەن سامان کە دەیەوێت بەزەبری پارە سالی تەفرە بدات و بیخوازێت و بیکاتە هاوسەری خۆی، بەڵام پاشان سالی بە دوودڵی و ناچاری ئابوورییەوە مل بەو دۆخە ناهەموارە دەدات خۆی ڕادەستی سام گراندی دەکات. سەرەتا داوای پارە لەسام دەکات و دواتر ڕازی دەبێت ببێت بە هاوژینی (سام گراندی)، ئەو پیاوە سەرمایەدارییە دەوڵەمەندەی شار. ئەم قوربانیدانە ناچارییەی سالی تەنها و تەنها بۆ ئەوە بوو کە بتوانێت یارمەتی خێزانەکەی بدات تا لەو دۆخە ناهەموارە ئابوورییە، ڕزگاریان بکات. ساڵی پارەی بۆ دایک و باوکی و هاری برای دەستەبەر دەکات. بەڵام هاردکاسڵی باوک بەو هەڵوێست و تەسلیمبوونەی کچەکەی تووڕە دەبێت و سەرکۆنەی کچەکەی دەکات تا کار دەگات بەوەی دەست لە جەرگی خۆی، کچەکەی بەرز بکاتەوە و زللەیەکی لێبدات و پێی دەڵێت بڕۆ جارێکی تر نامەوێت بتبینمەوە. سالی لەم ساتەدا بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێت تۆ هاریت دەرکرد و ئێستاش من دەردەکەی. لێرەدا بەم زللە لێدانە هێڵی درامی ڕۆمانەکە دەگاتە چڵەپۆپە و نووسەر زۆر ورد لەڕێگەی کۆمەڵێ وەسفی زیندووەوە وێنەیەکی بێهاوتای ئەو دۆخە چینایەتییە پڕ لەنەهامەتییەی ژیانی کرێکارانی سالفۆردی بەریتانیامان نیشان دەدات.



ڕۆمانی (خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا) بەپێی ڕەگەزە هونەریی و ناوەڕۆکە سۆشیالیستییەکەی، دەقێکە بەڕاستی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیان و خەباتی کرێکارانی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی بەریتانیایە. جیهەتگیری چینایەتی لەم ڕۆمانە جیهەتگیرییەکی کرێکارییە و هێندە ڕوونە کە کەسێکی وەک ئەی جەی پی تایلەری مێژوونووسی بەریتانی بڵێت (شێوازی ژیان لە ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا لە نووسینی واڵتەر گرینوود کو یەکێکە لەو ڕۆمانە دەگمەنە بەڕاستی پرۆلیتارییانەی کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.)(٥). هەر ئەم جیهەتگیرییە چینایەتییە وا دەکات ماسیۆ گاوگان کە لە ژمارەیەک نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەکانەوە کە بۆ ڕۆمانەکە کراون، بگات بەوەی باوەڕەی کە بڵێت(ئەم ڕۆمانە نوێنەرایەتییەکی دڵسۆزانەی بێکاران و بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستییەکانی خەباتی کرێکارانە. (٦) شایانی باسە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا هەر زوو سەرنجی نووسەران و سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لەوەش گرنگتر سەرنجی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی شۆڕشگێڕەی ( چینی کرێکار) ڕاکێشا کە تێدەکۆشا بە شکۆ و لێهاتووییەوە دەست و پەنجە لەگەڵ هەژاری و نەداری و نەهامەتی ژیان نەرم بکات.

### زمانی ڕۆمانەکە

زمان لە ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا، زمانێکە لەئاست دەق و ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەدایە. واڵتەر گرینوود لەم ڕۆمانەیدا کەیەکەمین ڕۆمانییەتی، ئاستی زمانی نووسینی نەهێناوەتە خوارەوە. بەپێچەوانەوە زمان لەم دەقەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە وەسف و دەرخستنی شوناس و ماهییەتی کارەکتەر و دۆخ و ئەتمۆسفیری دەقەکە. نووسەر لێهاتووانە زمانی بەپێی مەوقیعییەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان دیاریکردووە. بەواتایەکی تر زمان لەم ڕۆمانە نەکراوەتە قوربانی هیچ ڕەگەزێکی هونەری، بەڵکوو هەموو ڕەگەزەکان لەڕێگەی شائەرکی زمانی ڕۆمانەکەوە بە ئاستێکی بەرزتر و باڵاتر سپێردراون. زمانی نووسینی ڕۆمانەکە ، هەمان زمانی ئەدەبییاتی سەرەتای سەدەی ڕابردووە، کە بەبەراورد بە زمانی ئینگلیزی ئێستا، جیاوازییەکان بەڕوونی دەبینرێن. نەک هەر ئەوەش بگرە زمانی کرێکاریی ئەو سەردەمەیە بەهەموو قسەی نەستەق و پەند و ئیدیۆم و میتافۆرە باوەکانییەوە. لێهاتوویی نووسەر لێرەدا دەردەکەوێت کە شارەزایانە زانیویەتی هەر کارەکتەرێک دەبێت چۆن بدوێت و چ شێوازێکی گفتوگۆ و قسەکردن بەکار بهێنێت. بۆیە دەبنین زمانی ڕۆمانەکە، هەمان زمانی سادەی ڕۆژانەی بەکارهاتووی نێو کۆڕ و کۆمەڵی کرێکارانی سەرەتای سەدەی بیستەمی بەریتانیایە. زمانێک کە لەیەککاتدا زیاتر لە ئەرکێک ئەنجام دەدات. ئەرکی دەرخستنی شوناسی کارەکتەرەکان و هەڵومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەرکی گەیاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەو پەیامە سیاسییە چینایەتییەی کە دەقەکە هەڵگریەتی. واڵتەر گرینوودی ڕۆماننووس زۆر سەرکەوتووانە زمانی لەجێگەی خۆی بەکارهێناوە و توانیویەتی ئەوەی مەبەستییەتی بیپێکێت.

ڕۆمانەکە و ڕەنگدانەوەی دۆخی سایکۆلۆژی چینایەتی بێکاران

واڵتەر گرینوودی ڕۆماننووس؛ تێگەیشتنێکی ورد و دروستی لەسەر دۆخی سایکۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی بەریتانی هەبووە و لەم ڕۆمانەیدا زۆر زیرەکانە ئیشی لەسەر ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخە سایکۆلۆژیاییە کردووە. ڕۆماننووس ئاگایی سیاسی چینایەتی کارەکتەرەکانی ناسیوە و بەرجەستەی کردوونەتەوە. ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا ئاوێنەیەکە ڕێک بەباڵای هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی بەریتانیی سەرەتای سەدەی بیستەم. زمانی کارەکتەرەکان و هەڵسوکەوت و تێڕوانینی سیاسییان و تێگەیشتن و ناسینی خۆیان کۆی ئەو ئاماژانەن کە نووسەر توانیویەتی سەرکەوتووانە بەرهەمێکی ئەدەبیی(ڕۆمانێک) بنووسێت کە بەمانای وشەکە واقیعی بێت، نەک هەر ئەمەش، بەڵکوو ئەو واقیعیبوونەی ڕۆمانەکەش لە دیدێکی سۆشیالیستانەوە داڕێژراوە. گرینوود نووسەرێکی مارکسیستی سەردەمی خۆی بوو بۆیە دەردە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لەچەشنی بێکاری لەڕادەبەدەر و نەبوونی بیمەی بێکاری و سەعات کاری زۆر و هەقدەستی کەم و نەبوونی هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و فەرهەنگی پێویست و لەسەرووی هەمووشیانەوە نامۆبوون بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی پارە و هێزە سەرکوتگەرەکانی سوپا و پۆلیس و دەوڵەتی ناسیوە و لێرەشەوە و لەڕێگەی ئەو مەعریفە چینایەتییەوە توانیویەتی تۆن و میزاجی کارەکتەرەکان، هێمنی و بێدەنگی هەندێکیان، پیاوسالاری بۆرژوازییانە و تووڕەبوون و بەرز و نزمبوونەوەی تێمپەر و ناسینی دیاردەکان و وشیاری و ئاگایی ..تاد، هەموو ئەمانە بەیەکەوە وێنای ئەو دۆخ و هەلومەرجەی پێ بکات کە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دەخولقێنن. بەم پێیە گرینوود هەر تەنها نووسەرێک نییە و بەڵکوو وەک سایکۆلۆژیستێکیش وێنای هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکە کردووە. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم ڕۆمانە چینایەتییە سۆشیالیەتییەی گرینوود کە مێژووی ئەدەبی بەریتانیی تا ئەمڕۆش شانازی پێوە دەکات. پێگەی ژن و خێزان و وابەستەبوونی منداڵ بە خێزان و باوکسالاری و گۆشەگیریی و هاوڕێیەتی و خەبات لە ڕۆمانەکەدا بەجۆرێک نەخشێنراون کە یارمەتی خوێنەر دەدەن کە زۆر بە ئاسانی ئاستی کلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغ و سەردەمەی کۆمەڵگەی بەریتانیی بناسێت.

### ئەم ڕۆمانە چۆن کرا بە شانۆ و فیلم؟

دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا لەساڵی ١٩٣٣، ناوبانگ و سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا و بووە پرفرۆشترینی کتێبی ساڵ. ساڵی ١٩٣٤ لەڕێی شانۆنامەنووس ڕۆناڵد گۆو ئەم ڕۆمانە بۆ شانۆ ئامادەکرا. یەکەمین نمایشی ئەم شانۆیە لەسەر تەختەی شانۆی مانچستەر ڕیپەرتۆری بوو. قسەکردن لەسەر تەوەرە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان لە بەریتانیا لەڕێگەی هونەرەوە شێوازێکی تازە بوو لەسەر قۆناغ و سەردەمەکە. شانۆنامەکە بەهۆی دوو تیپی جیاوازەوە لەتەواوی بەریتانیا و پاشانیش لە لەندەن و پاریس و نیۆیۆرک، نمایشکرا. ئەمەش بووە هۆی ناووناوبانگی زیاتر بۆ واڵتەر گرینوودی ڕۆماننووس، چونکە ئەم شانۆنامەیە تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٥ ملیۆن و نیوێک و تا ساڵی ١٩٤٠ لە بەریتانیا نزیکەی سێ ملیۆن بینەری هەبووە. ساڵی ١٩٦٧ وەک شانۆنامە لە تەلەفیزیۆن تۆمار کرا. مۆسیقای ئەم دەقە شانۆییەش لە ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن تێری هەگس و ڕۆبەر گرەی و ئاڵن فلەکەوە ئامادەکرابوو. لەبواری سینەماش ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٤٠ هەوڵێک درا بکرێتە فیلم بەڵام بۆردی سانسۆری فیلمی بەریتانی(٧) ڕێگەی نەدا و پرپۆزڵەکەی ڕەت کردەوە بەبیانووی ئەوەی (چیرۆکێکی ڤێزەوەنە لە هەلومەرجێکی ڤێزەوەندا)(٨). دواجار لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ دا، دوای ئەوەی بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو، ئەم ڕۆمانە سۆشیالیستییە کرێکارییە بە پرپۆزڵێکی هاوشێوەی جاری یەکەم لەڕێگەی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە ڕەزامەندی لەسەر درا و لەلایەن دەرهێنەری سینەمایی (جان باکستەر)ەوە کرایە فیلم. بۆڵتنی مانگانەی فیلم وەک گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەی هونەریی هاوچەرخ پێیوایە فیلمی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا (فیلمێکە لە ڕیزبەندی باشترین ئەو فیلمانەی کە تا ئێستا بەرهەم هێنراوە. دەرهێنانەکەی نایاب و وێنەگرتنەکەشی جێگەی ستایش و گرووپی کاستیش تابڵێی باش بوون).(٩)هۆکاری سەرەکی لەپشت سەرکەوتنی ئەم دەقە، وێناکردنی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی ژیانی چینی کرێکاری بێکارکراوی بەریتانیا بوو کە چۆن لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداراندا، تاریکترین ژیانی پڕ لە نەهامەتی و سەرکوتیان بەسەر بردووە.

### دواقسە

ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا ڕۆماننووسی کرێکاریی بەریتانی واڵتەر گرینوود، وەک دەقێکی واقیعی و خەباتکارانەی سۆشیالیست کە گوزارشتە لە ژیان و خەباتی کرێکارانی بێکاری بەریتانیا لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەم، گەرچی بۆرژوازی ڕێگری لێکرد و هەوڵیدا بڵاونەبێتەوە، بەڵام ئاستی هونەریی و ناوەڕۆکی خەباتکارانەی ڕۆمانەکە سنوورەکانی هەوڵەکانی بۆرژوازی بڕی و بوو بە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێب لە بەریتانیا. دواتریش سەرباری هەر سانسۆر و ڕێگرییەک بۆ شانۆ ئامادەکرا و پاشانیش کرا بە فیلم و تا ئێستاش بەهەزاران خوێنەر و بینەری هەبووە و هەیە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هەرکات ئەدەب و هونەر لە جەرگەی خەبات و ململانێی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ناو کۆمەڵگە ئامادەیی هەبوو، ئەوا ئەو ئەدەب و هونەرە جێگەی خۆی لە دڵی ملیۆنان کرێکار و ئینسانی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕی ڕێگای یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. ڕۆمانی خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا، شاکارێکە دەبێت هەموو کرێکارێک بیخوێنێتەوە. بەو ئومێدەی ڕۆژێک بێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و خوێنەری کوردزمانیش لەم شاکارە ناوازەیە بێبەش نەبێت. خراپیش نابێت ئەم کورتە نووسینە بەو وەڵامەی لاری میس نوێنەری بێکارانی خۆپیشاندەران و پاڵەوانی سۆشیالیستی ڕۆمانەکەی واڵتەر گرینوود کۆتایی پێبهێنین کە لە بەرانبەر قسەی لێپرسراوێکدا کە دەڵێت بەرپرسان ئامادەنین کاروبارە گرنگەکانیان دوابخەن بۆ ئەوەی نوێنەرانی بێکاران ببینن، لاریش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت(هیچ کاروبارێک لە کاروباری پرۆلیتاریای برسی گرنگتر نییە).(١٠)

### پەراوێز و سەرچاوەکان :

(١)واڵتەر گرینوود(١٩٠٣ — ١٩٧٤) ؛ ڕۆماننووسی بەریتانی لەخێزانێکی کرێکاریی سەر بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی( باوکی سەرتاش و دایکیشی لە چێشتخانەیەکدا وەک بەردەست کاری کردووە)، لەدایک بووە. بنەماڵەی دایکی گرینوود سەر بە ڕێکخراوە کرێکارییەکان و هەروەها وەک باوەڕیش سۆشیالیست بوون بەجۆرێک کە دایکی گرینوود ڕەفی کتێبخانەکەی باوکی گرینوودی بە کتێبی سۆشیالیستی پڕکردبووەوە. گرینوود لە کاتی بێکاریدا بۆ حیزبی کار، کاری کردووە. دوای ئەوە دەبێتە ڕاوێژکار و دەست دەکات بەنووسینی کورتەچیرۆک. پاشان بێکار دەکرێت و ئینجا بیمەی بێکارییەکەشی دەبڕن. گرینوود لەیاسا و ڕیساکانی ئەوکاتی بۆرژوازی بێزار دەبێت، لەساڵی ١٩٢٩ دوای ئەوەی هەقی سێ مانگ مووچەی وەک تایپیست نادرێتێ، ئەویش ئامێری تایپکردنەکە لە کۆمپانیاوە دەبات بۆ خۆی و دەست دەکات بە نووسینی چیرۆکی خەڵکی بەشمەینەتی هانکی پارک. ساڵی ١٩٣٢ لەکاتی بێکاریدا، گرینوود یەکەمین ڕۆمانی خۆی، خۆشەویستی لەڕۆژانی بێکاریدا دەنووسێت. گرینوود یازدە ڕۆمان و سێ کتێبی نووسین و یادەوەری بڵاودەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی ئامادەکراون بۆ شانۆ و کراونەتە فیلم. گرینوود لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا، لەساڵی ١٩٧٤ بە مێژوویەکی گەشاوە و پڕ لە شانازی چینایەتییەوە بۆ هەمیشە ژیان و خەبات و نووسین لە پێناو ئینسان، جێدێڵێت.

(٢)مانگرتنێکی گشتی بوو کە لە بەریتانیا ئەنجامدرا، لە چوار تا دوانزەی ئایاری ١٩٢٦ خایاند و لەسەر بانگەوازی ئەنجوومەنی گشتی کۆنگرەی سەندیکاکانەوە بانگەوازی بۆ کرا. ئەم مانگرتنە مێژووییە لەلایەن کرێکارانی بەریتانیاوە کە نوێنەرایەتی نارەزایی ملیۆنان کەسیان دەکرد وخوازیاری گۆڕانکاری بوون لە سەرانسەری وڵاتدا، بەڕێوەچوو. هەرچەندە ملیۆنێک و حەوت سەد هەزار کرێکار هاتنە سەر جادە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە بەدیهێنانی داخوازییەکانیان کە بریتیبوون لە ڕێگریکردن لە کەمکردنەوەی هەقدەست و باشتربوونی هەلومەرجی کار.

(٣)حیزبی کار؛ وەک حیزبێکی سیاسی سۆشیال دیموکرات ساڵی ١٩٠٠ لە بەریتانیا، دامەزرا. ئەم حیزبە لایەنگری بزووتنەوە سۆشیال دیموکراتەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان بوو. مێژوویەکی درێژی هەیە و بە گەلێ قۆناغ وئاڵوگۆڕدا تێپەڕیووە و هەتا ئەمڕۆش لەگۆڕەپانی سیاسی بەریتانیا بوون و چالاکی سیاسی هەیە.

(٤)بزووتنەوەی نەتەوەیی کرێکارانی بێکار؛ ڕێکخراوێکی کرێکارانی بێکاری بەریتانیا بوو و لەساڵی ١٩٢١ لەلایەن ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا، هاتە دامەزراندن. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە؛ ڕاکێشانی سەرنج بوو بۆ دۆخی ناڵەباری کرێکارانی بێکار لە قەیرانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و مانگرتنی گشتی ساڵی ١٩٢٦ و دواتر قاتوقڕییە گەورە و بەرەنگاربوونەوەی دەزگای پێدانی بیمەی بێکاری بوو لە بەریتانیا. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەمدا ، واتە لە ساڵی ١٩٣٩ قەدەغە کرا و بڕیاری کۆتاییهێنان بەو بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٤٣دا، درا، دواجار لە ساڵی ١٩٤٦ هەڵوەشایەوە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردووشدا چەندین هەوڵ دراوە بۆ زیندووکردنەوەی ئەم بزووتنەوەکە کە ئاخرینیان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٩٢ بوو.

(٥)https://reading١٩٠٠١٩٥٠.wordpress.com/١٢/٠١/٢٠١٨/love-on-the-dole-by-walter-greenwood١٩٣٣-/

(٦)http://www.screenonline.org.uk/film/id/٤٨٥٦٨٢/index.html

(٧)بۆردی سانسۆری فیلمی بەریتانی؛ ڕێکخراوێکی ناحکومیی بوو کە لەلایەن پیشەسازی فیلمی بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٢ دامەزرا و بەرپرسیار بوو لە پۆلێنکردنی نەتەوەیی و سانسۆرکردنی ئەو فیلمانەی کە لە سینەماکان و بەرهەمە ڤیدیۆییەکان نمایش دەکران و لە میدیای فیزیکی لە ناوخۆی بەریتانیا، بڵاودەکرانەوە.

(٨)http://www.screenonline.org.uk/film/id/٤٨٥٦٨٢/index.html

(٩)The Monthly Film Bulletin, Published by The British Film Institute, Volume ٨, No.٨٨, April ١٩٤١, page ٤٣.

(١٠)Love on the Dole, Walter Greenwood, Penguin Modern Classics. ١٩٧٦, page ٢٠٠.



ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# نیولیبرالیزم بەشی سێیەم و کۆتایی

ناجی ئەفراسیاو

[ڕوونکردنەوەی ڕەوت: ئەمە بەشی سێیەم و کۆتاییە لە سێ بەشی نامیلکەیەکی هاوڕێ ناجی بەو ناوەوە. بەشی یەکەمی لە ژمارە (٣٠) و بەشی دووەمی لە ژمارە (٣١)دا بڵاوکراوەتەوە. خوێنەران، مارکسیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو بانگەواز دەکەین بۆ خوێندنەوە و بەدواداچوونی].

## سێ: نیولیبرالیزم، کولتوور، هونەر و وەرزش

لە ڕوانگەی قوتابخانەی فرانکفۆرتییەوە، پیشەسازیی کولتووری واتە هەژموونی بەهای ئاڵوگۆڕ، بتپەرستیی کاڵا و هێزی پارە. مارکس هەمیشە دەیوت کاڵا لە چەک بەهێزترە. هەربۆیە چەمکی پیشەسازیی کولتووری، لە ژێرڕۆشنایی سێ چەمکی مارکسیستیدا داڕێژراوە؛ یەکەمیان ئاماژەیە بۆ پەرەپێدانی چەمکی "فیتیشیزمی کاڵا"، بەو مانایەی چیتر بتبەرستیی کاڵا تەنها لە بەرهەمهێنانی ماددیدا کورتنەکرێتەوە و بەرهەمهێنانی کولتووری و ڕۆشنبیرییش لەخۆبگرێت. چونکە کولتووریش بۆتە بەشێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا. دووەمیان چەمکی "بەشتبوون" لەلای جۆرج لۆکاچ، بەشێوەیەک ماناکەی وەها فراوان بکرێت کە "گشتێتی"ی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەخۆبگرێت نەک تەنها لە هۆشیاریی چینایەتیدا سنوورداربکرێت. دوایین چەمکیش "عەقڵی ئامرازی"، وەکئەوەی مارکۆزە لە کتێبی (مرۆڤی تاکرەهەند)دا، لەڕێگەی ئەم چەمکەوە شیکارییەکی ورد بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی پێشکەوتوو دەکات. ئەدۆرنۆ لە وتارێکی هاوبەشیدا لەگەڵ هۆرکهایمەر بەناونیشانی "پیشەسازیی کولتووری: ڕۆشنگەری و فریودانی جەماوەر"، قەیرانی عەقڵانییەتی ئامرازی و مەترسییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی لەسەر کولتوور دەخەنەڕوو. ئەمڕۆ ئەو کاڵایانەی پیشەسازیی کولتووری بەرهەمی دەهێنێت، بە بەهای بەکارهێنان ناپێورێت، بەڵکو بەهایەکی ڕووتیان هەیە کە لەلایەن بازاڕەوە دیاریدەکرێت. هەموو ئەمانەش دەبنە سەرچاوەی کولتووری بەرخۆری، کە پێشوەختە بەکاربەران و جەماوەری بۆ ئامادەکراوە، بەمشێوەیەش "کۆمەڵگەی پیشەسازی، کولتووری ڕاستەقینە دەگۆڕێت بە کولتوری بەرخۆریی جەماوەری". چیتر سەرمایەداری، مەیلی بەرەو بێ بەهاکردنی هونەر و داهێنان هەیە، بۆیە پێناسەی سەرکەوتنی هونەری هاوشانە بە ژمارەی فرۆشتن و ڕادەی بڵاوبوونەوەی لە بازاڕدا. بەمشێوەیە نرخ دەبێتە تاکە نیشاندەر بۆ هەڵسەنگاندنی تابلۆیەکی هونەری، ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی ڕەسەنایەتی. لێرەوە بە کاڵاکردنی هونەر دەستپێیکرد، کە بریتییە لە پرۆسەی "گۆڕینی هەموو چالاکییەکی کولتووری بۆ کاڵایەکی بازرگانی"، بەهای ئەم کاڵایەش ملکەچی یاسای بازاڕی بەکاربردن دەبێت، کە تەنها ئامانجی قازانجی داراییە. ئەمەش ئەمڕۆ بە واقیعی دەبینرێت، وەکئەوەی زۆرێک لە سەرمایەدار و بازرگانەکان لەژێر ناوی "پاراستنی هونەر"دا، بازرگانی بە بەرهەمە هونەرییەکانەوە دەکەن و لە سپیکردنەوەی پارەشدا وەبەرهێنانێکی قازانجبەخشە. هەرکات سەرمایەدارەکان سەروەت و سامانیان کەڵەکە دەکەن، ئیدی بۆ خۆنمایشکردن و شکۆمەندیی کۆمەڵایەتی، ئارەزووە هونەرییەکانیان تێردەکەن، و بەپێی پێوەرە مادییەکان و سەلیقەی هونەریی خۆیان هەوڵی دروستکردنی دەزگای کولتووری و ڕۆشنبیری و میدیایی دەدەن، ئەمەش وادەکات سەلیقەی خەڵک بۆ ئاستی سەلیقەی خۆیان دابەزێنن. بەمشێوەیەش؛ بەرهەمە هونەرییەکان دەبنە سەرمایەی دارایی، واتە بەهای نەختینەیی، جێگەی ئیستاتیکای هونەری دەگرێتەوە، و ملکەچی یاساکانی ئابووری دەبێت. بازاڕی نیولیبرالیزم ئەو بازاڕەیە کە لەڕێگەی میدیا و ڕیکلامەوە بڕیار و پێداویستیی مرۆڤ دەستنیشان دەکات، بۆیە مارکۆزە دەڵێت "ئەگەر سنورێک بۆ ڕیکلام و ئالوودەبوون بە میدیاوە دابنرێت، دەستبەجێ تاک تووشی خورپە و ڕاچڵەکین دەبێت، بەڵام بێگومان دوای ئەوە هەلی پرسیارکردن و بیرکردنەوە لە خۆی، خۆناسین ( و ناسینی دژەکەی خۆی) و ناسینی کۆمەڵگەکەی بۆ دەرەخسێت". بۆیە هەوڵی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەوەبوو ڕەخنە بکاتە میکانیزمی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار، واتا فیکری ڕەخنەیی ببێتە بناغەیەک بۆ لادانی فۆرمەکانی سەرکوتکاری و دامەزراندنی عەقڵێکی ڕەخنەیی لەبری عەقڵی ئامرازگەرایی. چونکە وەک هۆکهایمەر دەستنیشانیکردبوو، لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا دەسەڵات جێگەی عەقڵ، ملکەچی جێگەی ئازادی، و ئەرک جێگەی مافی گرتۆتەوە. ئەمڕۆ سەرەڕای بێ پارەیی و پەژارەیی و هەژاری، هێشتا زۆرینەی خەڵک هەوڵی دابینکردنی هەندێک کاڵا و شت دەدەن کە بریتین لە "پێداویستیی ساختە"، واتا لە بنەڕەتدا پێداویستیی حەیاتیی نین، بەڵام بەهۆی چاولێگەری و ڕیکلامەوە دەکرێنە پێداویستیی زەروری، دواتر خەڵک دەبنە پاشکۆ و ملکەچی ئەم "کاڵا نازەرووریانە". کۆمەڵگەی سەرمایەداری، سەرجەم پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان خەڵک دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیی ئۆبێکتیڤی نێوان شتەکان، واتا پەیوندیی خەڵک لەگەڵ یەکتر لەڕێگەی ئەو کاڵایانەوە دەبێت کە ئاڵوگۆڕی دەکەن. جگەلە بەرخۆری و مەسرفگەرایی لە خۆراک و پۆشاک و شتی مادیدا، کە مرۆڤ بۆتە عەلاگەیەکی خۆڵ و خاشاک، و زێدەبەرهەمی سەرمایەداریی تێفرێدەدرێت، ئێستا بازرگانیی جەستەیی و سێکسی، و..هتد لە زیادبووندایە. لەمبارەوە سلاڤۆی ژیژەک، ڕیکلامێکی نێو گۆڤاری هێڵی ئاسمانیی ئەمریکا دەهێنێتەوە؛ "ڕەنگە ئێتر کاتی ئەوە هاتبێت بۆ ژیانی سۆزدارییت، پەیوەندیی بە قۆنتەراتچییەوە بکەیت". ژیژەک دەڵێت "لەپاش بە قۆنتەراتدانی کاری دەستی (و زۆربەی ئێشە چەپەڵەکانمان) بە وڵاتانی جیهانی سێهەم، لەپاش بەقۆنتەراتدانی پرۆسەی ئەشکەنجەدان بە دیکتاتۆرەکان، و بەقۆنتەراتدانی ژیانی سیاسی و ئیداری، ئیتر بۆ لێنەگەڕێین پرۆسەکە بگاتە دوالوژیکی خۆی و بیر لە قۆنتەراتدانی سێکسییش بکەینەوە".

ئایدۆلۆژیای باڵادەستیی ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیای نیولیبرالیزمە، کە قازانج و کەڵەکەکردنی سامان دەخاتە پێش هەموو بەهایەکی مرۆییەوە. تەنانەت هیچ چەمک و بەهرەیەکی مرۆیی بە بڵندنشینی ناهێڵێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ هەڵبەزودابەز بە هونەرمەندانی نێو ڤیستیڤاڵ و ڕیکلامەکان دەکات هێزی پارەیە. لۆژیکی سەرمایە بەتەنها میدیا، دەسەڵات و هێزی سەربازی/ئەمنی ئاراستە ناکات، بگرە جوڵەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەیی سویێکت هەر سەرمایە دەستنیشانیدەکات. ڤیستیڤاڵەکانی شانشینی عەرەبیی سعودی، یەکێکە لە نیشانەکانی پێداویستیی بازاڕی سەرمایە بۆ هونەرمەندان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کولتووری وڵاتێکی نیمچەدوورگەی عەرەبی، کە لە سەرەتادا بەلای زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە مژارێکی سەیر و نامۆ بوو، چۆن دەبێت لە "خاکێکی پیرۆزی" وەک سعودییەدا ئەم هەموو هونەرمەند و "لۆتی و ڕاقیسە" ئامادەگییان هەبێت. بەڵام هەژموونی بازاڕی نیولیبرالیزم وایکردووە، کە چیتر جێنشینە گەنجەکەی ئەو وڵاتە وەرچەرخانێک بەسەر دۆخی چەقبەستووی ئابووریی نەوت و ئایینیدا بهێنێت. چونکە بازاڕی ئەمڕۆ ئەوە دەخوازێت، لە چەندین سەبەتەی وەبەرهێناندا جامبازیی بکەیت. پرۆژەی نیوم (NEOM) کە بە "بەهەشتی سەرزەوی" دادەنرێت، یەکێکی ترە لەو پرۆژانەی کە ئەمیرە گەنجەکە بە بەهای 500 ملیار دۆلار دورگەیەک بۆ سەرمایەداران/"خواپێداوان" دروستدەکات. دوورگەیەکی پاکوخاوێن بۆ کەمینەیەک، کە زیرەکیی دەستکرد و ڕۆبۆتەکان "فریشتەئاسا" هەموو خزمەتگوزارییەک پێشکەش بە پارەدارەکان دەکەن.

لەلایەکی ترەوە، ئەمڕۆ زۆرێک لە ڕەخنەگران و ئارەزومەندانی وەرزش باس لە "بەکاڵاکردنی" وەرزشی هاوچەرخ دەکەن، بەڵام بۆچوونێک هەیە کە یەکەم بەرهەمهێنانی وەرزش لە ساڵی ١٧٤٣دا بووە، کاتێک (جاک برۆتۆن) بۆ ئامادەبوونی جەموور لە بۆکسێنەکانیاندا پارەی وەردەگرت. دوای ئەوەی، لە سەدەی نۆزدەوە تۆپی پێ وەک باوترین وەرزش لە جیهاندا دەردەکەوێت، ئیتر چاوی سەرمایەدارەکان دەچێتە سەر وەبەرهێنان و پیشەسازیی لەم وەرزشە پڕچێژ و پڕبینەرەدا، ئەمەش واتە وەبەرهێنانێکی قازانجبەخش. ئەم وەرزشە لە ئەوروپا وەک ناوەندێکی پێشکەوتووی پیشەسازی، لەلایەن کۆمپانیاکانەوە پاڵپشتیی دەکرێن، وردە وردە کرین و فرۆشتن بە یانەکان و یاریزانانەوە دەستپێدەکات. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ئەم وەرزشە لە ساڵانی پێشوو جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە چیتر گرنگی بە هەبوونی یاریزانی بەهرەمەند لەنێو یاریگا نادرێت، بەڵکو بەدەستهێنانی قازانج لە ڕیکلام و درێسی یاریزانەکان خاڵێکی جەوهەرییە. لە ئێستادا یانەیەکان بیر لەوەناکەنەوە کە یاریزانان بهێنە یانەکەیانەوە تاکو چێژ بە جەوورەکەیان ببەخشن، بەڵکو دەستکەوتنی قازانج بە چەندین ڕێگەی ناپیشەیی و نائەخلاقی لەپێشینەی کارەکانە. جگەلەوەی قۆرخکاری و نابەرابەرییەکی زۆر لەنێوان یانە گەورەکان و یانە بچوکەکان هەیە. ئەمڕۆ وەرزشیش وەک سەرجەم کایەکانی تری ژیان، بۆتە ئامرازێک بۆ پەیداکردنی پارە و کەڵەکەکردنی سەرمایە، گرەوکردن و ساختەکاری، بەشێکی سەرەکیی ئەم پیشەسازییە پێکدەهێنێت و سەرمایەدارەکان وەک پیشەکانی تر، جامبازی و قوماری پێوەدەکەن.

کۆلینز لە کتێبی (وەرزش لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا) ئاماژە بەوە دەکات کە لە نیوە زیاتری بەرنامەی تەلەفزیۆنیی تۆڕی ئەمریکا، کە لە سەدەی بیستەمدا زۆرترین بینراویان هەبووە، بەرنامەی وەرزشیی بوون، بەهەمان شێوەش لە ئەڵمانیا، نۆ لە دەی بەرنامەی سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە کە زۆرترین بینراویان هەبووە، یاریی تۆپی پێ بوون. بۆیە وەک ڕوپەرت مردۆک وتی؛ وەرزش ستراتیژێکە بۆ فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتی تەلەفزیۆنی. کۆلینز ئاماژە بەوەدەکات کە ژمارەی بینەران بۆ ڕووداوە گەورە وەرزشییەکانی وەک مۆندیال و ئۆلۆمپیاد هێمایەکە بۆ گرنگیی بەردەوامی وەرزش لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی هاوچەرخدا. وەبەرهێنانە گرنگەکەش لەم بوارەدا، بریتییە لە فرۆشتنی مافی پەخشکردنی یارییەکان بە کۆمەڵە و تۆڕە قۆرخکارەکانی بواری پەخشکردن، هەروەها زێدەبەرهەمهێنانی ئامێرەکانی تەلەفزیۆن و سەتەلایت.



ئەوەی ئەمڕۆ لە سەردەمی عەقڵانییەتی تەکنەلۆژییدا پێیگەیشتوین، بریتییە لە زیرەکیی دەستکرد، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هونەر و سینەما هەیە. ڕەنگە مانگرتنی نووسەران و سیناریستەکانی هۆلیۆد لە ساڵی ٢٠٢٣دا لەدژی بەکارهێنانی ChatGPT وەک ئامرازێک بۆ نووسینی سیناریۆی فیلم، یەکێک بێت لەو ڕووداوانەی ڕەخنەکردنی ژیریی دەستکردی، کردە یەکێکی تر لە مژارەکانی فیکری ڕەخنەیی. یەکێک لە بەڵێنە گەورەکانی AI ئەوەیە کە توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ کارکردن بەبێ دەستێوەردانی بەردەوام و چالاکانەی مرۆڤ. واتە پێویست ناکات مێتاداتا بۆ پۆستی بلۆگەکەت بنووسیت- Jasper بۆت دەکات. پێویست ناکات چەندین کاتژمێر لە فۆتۆشۆپدا بەسەر بەریت—DALL·E 2 دەتوانێت وێنەی پێویست بۆ کەمپەینی سۆشیال میدیاکەت دروست بکات، و هتد.

نیولیبرالیزم لەڕێگەی پرۆسەی گۆڕینی پێداویستیی ناپێویست بۆ پێداویستیی زەروری، کار لەسەر نائاگایی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکات. واتا "خەڵک لە ڕێگەی کاڵاکانیانەوە پێناسەی خۆیان دەکەن. جەوهەری ڕۆحی خۆیان لە ئۆتۆمبیل و ئامێری تەلەفزیۆن و ماڵی ڕازاوە و چێشتخانەی مۆدێرندا دەبیننەوە. لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا ئابووریی بازاڕ هێندەی ئەمڕۆ بایەخ و گرنگیی نەبووە. ئێستا چیتر ئابووریی بازاڕ کەرەستەیەک نییە بۆ دابینکردنی داخوازییەکان، بەڵکو بووەتە فەلسەفەی ئابووری، بگرە لەوەش زیاتر بەلای زۆرینەوە بەمانای ژیان دێت. هەموو هەوڵەکان بە ئاراستەی یەک خاڵدا دەڕۆن، هەوڵدەدەن وەڵامی یەک پرسیار بدەنەوە ئایا دەکرێت بازاڕ بۆ شتێک بدۆزنەوە؟ ئەمەش بەپلەی یەکەم بەسەر بەرهەمە پیشەسازییەکاندا جێبەجێ دەبێت. چونکە تەنها لەپێناو سەرفکردن و بازاڕپێکردن دا پەرە بە بەرهەمەکان دەدرێت. ئەگەر بازاڕیش بۆ ئەم بەرهەمە دۆزرایەوە، ئەوا بەبێ ڕچاوکردنی بەهای بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە بڕێکی زۆری لێبەرهەم دەهێنرێت. ئابووریی بازاڕ تەنگانەی ئەوانی تر لەبەرچاو ناگرێت، لەبەرئەوەی گرنگ سەرکەوتن و قازانجی مادییە. تەنانەت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەهەمان ئاراستەدا دەڕوات، دکتۆری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە زۆرترین قازانج بەدەستدەهێنێت [یان نۆرینگە و تاقیگە و دەرمانخانەی خۆی هەیە]. سەرکەوتنی ناوەندە زانستی و مەعریفییەکانیش بریتییە لە چەندێتیی بڵاوکراوەکانیان و ڕیزبەندییان لە لیستی بەناوبەنگەکاندا.

بەهەمان شێوە بازرگانیی بازاڕ تەحەکوم بە سیاسەتەوە دەکات، ئەمڕۆ تەنها گرنگی بەوە دەدرێت کە "دەنگدەر" بەدڵیەتی تاکو "کاندید" وێنەکەی خۆی لەلا جوان بکات. گرنگ نییە مومارەسەی چ جۆرە سیاسەتێک دەکەیت، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ئەم سیاسەتە پیشان دەدەیت. بەهۆی نەبوونی کولتوورێکی پێشکەوتوخوازی حەقیقیشەوە، گەنج دەکەوێتە داوی "مۆدێلی بەرخۆریی جیهانگیری"ی سەرنجڕاکێش، یان "فیکری ئایینی" سەرنجڕاکێش، یاخود بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ڕوودەکەنە گرووپی دەمارگیری و گۆشەگیر دەبن. بەگشتی هەموو ئەمانە لەنێو دابەشکاریی چینایەتیدا دەگوزەرێن: ئەوانەی پارەیان پێیە ڕوودەکەنە "مۆدێلی بەرخۆری"، ئەوانەشی پارەیان نییە ڕوودەکەنە ئەو مۆدێلانەی لە ڕواڵەتدا لێکدژن، بەڵام لە جەوهەردا هەمان توخمی نامۆبوونیان هەیە؛ ئەگەر نامۆبوونی یەکەم هەڵهاتن بێت بەرەوە دەرەوە (بۆ کاڵا)، ئەوەش بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیی بە کولتووری نەریتییەوە هەیە و پیادەکردنی مۆدێلی بەرخۆریی سەرمایەداری (بەتایبەتی ئەمریکی)، ئەوا نامۆبوونی دووەم هەڵهاتنە بەرەو ناوەوە، بۆ ڕابردوو، ئایینی/تایەفی یان خێڵەکی/دەمارگیری. دۆزینەوەی ناسنامەی نوێ، وەک پەرچەکردارێک لەدژی جیهانی هاوچەرخ. وادیارە سەرمایەداری لە دروستکردنی "خواست"دا زۆر شارەزایە، جاران پێداویستی -خواست-ی دروستدەکرد و، خواست کاریگەریی لەسەر خستنەڕوو بە کەم یان بە زیاد دروستدەکرد، بەڵام ئەمڕۆ کۆمپانیاکان کاڵا بەرهەمدەهێنن، ئینجا کۆمپانیای تر بەکرێ دەگیرێن بۆ هەڵمەتی ڕیکلامکردن بۆئەوەی بەکاربەر قایل بکەن کە پێویستییەکی زۆری بەم کاڵایانە هەیە، بەرهەمهێنەری کاڵا خواست و خستنەڕوو دیاریدەکات نەک خەڵک و بەکاربەر. چیتر تاک دەبێتە ملکەچی چەتەگەریی کاڵای بەکاربردن.

لەلایەکی ترەوە، لەنێو سیستەمی سەرمایەداریی نیولیبرالیزمدا، وەبەرهێنانێکی تر بە جەستە و ڕووخساری مێینەوە دەکرێت، وەک یۆهانا ئۆکسالا دەڵێت: "چیتر درێژکردن و بۆیەکردنی نینۆک لەلایەن ئافرەتانەوە، بۆ وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی پیاو نییە، بەڵکو بۆتە نیشانەی سەرکەوتنی پیشەیی و دارایی، واتا هێمایەکە کە ڕەنگە یارمەتیبدات بۆ وەرگرتنی پۆست و وەزیفەی باڵاتر. بەهەمان شێوەش هۆکاری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری، بەپێی ئەو دیدارانەی لەگەڵ ئافرەتاندا کراوە، لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی وەزیفییان". ئەمەش بازاڕێکی تری بۆ سەنتەرەکانی جوانکاری ڕەخساندووە و قازانجی دەرمانی جوانکاریی چەندبارە کردووە. میدیای سەرمایەدارییش بۆتە ئامرازێک کە لە ڕێگەیەوە گوتاری سەرمایەداری و کولتوورەکەی دەگوازێتەوە، و وێنەی هەموو کۆمەڵگە دەکێشێت. وێنەیەک کە تێیدا ژنان وەک کاڵایەک دەردەکەون، بەمەبەستی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان و فراوانکردنی بازاڕی ئازاد، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی ئەخلاقیی کۆنترۆڵی بکات.

ئایا ئەمڕۆ ژنان و خوێندکارە مێینەکانی زانکۆ تا چ ڕادەیەک توانیویانە بەرەنگاری دۆخی باڵادەست ببنەوە و خۆیان لە گوتاری بازاڕ و نێرسالاری ڕزگاربکەن؟ لەمبارەوە نەوال سەعداوی "دەڵێت پێویستە ئافرەت ئەوە بزانێ کە چەندە هەوڵ بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی (فیمینیزم) دەدات لەوە زیاتر هەوڵی بەکۆمەڵ بەرەو ئایدیای سۆسیالیستی بدات، تاکو هەموو کەس بە یەکسانی بژێت، بەبێ ئەوەی جیاوازیی لە نێوان شێوە و ڕەنگ و چین و توێژەکاندا بکرێت". دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو دونیا سەرمایەدارییەی کە جیهانی گرتۆتەوە و کۆمەڵگەی ئێمەش بەشێکە لەو سیستەمە، مێینەکانی زانکۆ نەیانتوانیوە خۆیان لە پرۆسەی بەشتبوون و بەکاڵابوون بپارێزن، هێندەی بەشوێن سەنتەرەکانی جوانکاری و مۆدێلدا وێڵن هێندە هەوڵی گۆڕانکاریی دۆخی باو و چەقبەستوو نادەن. کاتێکیش کچان دەیانەوێت لەو ژینگە داخراوەی ماڵی کوردی بێنە دەرەوە، ئامادەن بە کرێیەکی کەمتر لە کوڕان کاربکەن، ئەمەش خاڵێکی تر سەرباری ئەو تێگەیشتنە دەکات؛ کە سەرمایەدارەکان بۆ ئیستغیلالی جەستەیی و پرۆسەی ڕیکلام و بازاڕگەری، ئافرەتان بەکاردەهێنن، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر کارکردنە بە بڕەپارەیەکی کەمتر لە پیاوان. بەردەوام سیستەمی سەرمایەداری لەڕێگەی بیریاران و ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە توێژینەوە لەسەر سرووشت و سایکۆلۆژیای کۆمەڵگە و بازاڕ دەکەن؛ بەپێی ڕاپرسی و توێژینەوەکان، ئەوە لەلای سەرمایەداران ڕوونبۆتەوە، کە خووی بازاڕکردن و کڕین لە لەلای ژنێکی کارکەر دوو هێندەی کرێکارێکی پیاوە. ئەم پێدراوەش بۆ سەرمایەدارەکان بەو مانایە دێت؛ خێزانێک کە هەردوو ژن و مێرد تێیدا کاربکەن، بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری باشترە لە خێزانێک تەنها پیاو تێیدا باڵادەستە. کەواتە هاتنی سوپای کرێکارانی ژن بۆ ناوبازاڕ، پەیوەندیی بە پێدانی مافی ژنانەوە نییە، ئەوەی سەرمایەداران دەیخوازن ئازادیی بازاڕە نەک ئازادیی مرۆڤ. هەروەها کارکردنی ژنان زیانی بۆ گیرفانی سەرمایەدارەکان نییە، چونکە لە بەرامبەردا داهاتی زیاتریان دەستدەکەوێت.

## چوار: نیولیبرالیزم، فەلسەفە و زانست

دابڕانی فەلسەفە و زانست لەم سەردەمەدا، هۆکارگەلێکی بنەڕەتیی هەیە، دیارترینیان پرسی یاخیبوون/ دەستەمۆبوونە. زانست لە تاقیگەکانی سیستەمدا دەستەمۆ دەکرێت و بەپێی خواستەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئیستیغلال دەکرێت، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی فەلسەفەیە. زۆربەی ڕەهەندەکانی فەلسەفە هەڵگری میتۆدی یاخیبوون و ڕەخنەگرانەن، کایەی فەلسەفە تاکە کایەیە، کە تەنیا ملکەچ و گوێڕایەڵی تاقیگەی مێژوو بووە، بۆیە هەر لە یۆنانی کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ هیچ دەسەڵاتێک نەیتوانیوە ئەم ڕەگەزی ڕادیکاڵبوونەی نێو فەلسەفە ڕیشەکێش بکات. بەڵام ئەمە مانای وا نییە، کە ئەرکی فەلسەفە لە تەفسیر و ژاوەژاوی میتافیزیکیدا قەتیس بمێنێت. مارکس و ئەنگڵز وەک دوو پێشەنگی فەیلەسوفەکانی جیهان، بۆ یەکەمجار خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن، چونکە ماتریالیزمی مێژوویی، تاکە میتۆدی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆیی. هەربۆیە فەیلەسوفێکی وەک پۆل ڤیریلیۆ داوای ئاشتەوایی نێوان فەلسەفە و زانست دەکات. چونکە هاوکێشە و یاساکانی زانست وەڵامدەرەوەی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و سرووشتییەکان نین، و فەلسەفەش بەبێ بەبنەماگرتنی زانست دەبێتە میتافیزیک و میتۆلۆژیا.

# لە ئەمستەردام چی ڕوویدا؟

عومەر خەتات



هات و هاواری ناتانیاهۆ و لەگەڵیدا سەمفۆنیای میدیای فاشیستی لە دنیادا بۆ ڕووداوەکەی شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی (حەوت لەسەر هەشتی نۆڤێمبەری ٢٠٢٤)ی ئەمستردام و لکاندنی بە ئەنتی سێمیتیزمەوە تەنها جێگەی گاڵتەجاڕی و نەفرەتە. ئەگەرچی زۆر ئاساییە لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا کە نیو نازییەک سەرکردایەتی دەکات و خۆی بە نەوەی هێتلەر لە قەڵەم دەدات، خەڵکانێک هەبن جا هۆڵەندی بن یان عەرەب کە دژە جوو بن، ڕاسیست بن، چونکە لەم جۆرانە لە هەموو دنیادا چنگ دەکەون! ئەوەی ئاسایی نی یە چۆنیەتی ئیستغلال کردنی ڕووداوێکی وایە کە لە هەموو یارییەکدا ڕوودەدات بۆ هات و هاواری قوربانییەکی ئەبەدی ئەنتی سێمیتیزم!

وەک هەموو جارەکانی تر و بە شێوەیەکی ئینتیهازیانە، حکومەتە فاشیستەکەی ئیسرائیل دەزانێت چۆن بەشێک لە وێنەکە بشارێتەوە و فۆکوسەکان بخاتە سەر ئەو بەشانەی تر کە خۆی نیازییەتی. هەر لێرەدا کۆمەڵێک درۆ فڕێ درا، لەوانە؛ خەڵکانێک ڕفێندراوون و لەوانەشە کوژرا بن! یان ئەوەی کە ڕوویدا، بریتییە لە کۆمەڵکوژیی! دواتریش دەرکەوت کە هیچ شتێک لەو شتانە لە گۆڕێ نییە، نە خەڵک ڕفێندراوە و نە خەڵکیش کوژراوە تەنانەت بریندارەکانیش تەنها پێنج کەسن، کە پاش چەند کاتژمێرێک لە خەستەخانە بە قاچی خۆیان هاتوونەتە دەرەوە!

پێنج بریندار لە ڕووداوێکی نێوان هەوادارانی دوو تیپی تۆپی پێ، کە لە هەموو جێگەیەک ئەم دنیایە زۆر ئاسایی ڕوودەدات، گەورە کرا و بە خێرایی ئیسرائیلییەکان فڕۆکەی تایبەتیان نارد بۆ ئەمستردام بۆ هێنانەوەی هەوادارەکان و بە پەلە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل خەلیفە جەدعون فڕی بۆ هۆڵەندا و پڕوپاگەندەی ئەنتی سێمیتیزم مێدیاکانی دنیای گرتەوە.

### چ بێ شەرمییەک و خەجاڵەتییەک ئەم دنیایەی داگرتووە!

هەر بۆ زانین، ڕووداوەکان شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی نەتەقیەوە، بەڵکو ڕۆژێ پێشتر، واتە ڕۆژی چوارشەممە، هەوادارانی تیپی "مەکابی تەل ئەڤیڤ" لە ناوەڕاستی پایتەختی هۆڵەندا هەڵدەستن بە سوتانی ئاڵای فەلەستین و جنێودان بە عەرەب! لە ناو ستادیۆمەکەشدا ملکەچی خولەکێک وەستان و بێدەنگی نابن بۆ قوربانیانی لافاوەکەی شاری ڤالانسیا و تەڵقەتەنورە دەکەن بە ئاسماندا و هاوار دەکەن و گۆرانی دەڵێن. پاش کۆتایی هاتنی یارییەکە و دۆڕاندی مەکابی تەل ئەڤیڤ بە پێنج گۆڵ، هەوادارەکانیان دێنە دەرەوە و دەست دەکەن بە ئیستیفزازی سایەقی تاکسییەکان کە زۆربەیان عەرەبن، لێرەدا دەقڵیشێتەوە و دەبێتە هۆی برینداربوونی پێنج لە هەوادارەکانیان!

هەوادارانی (مەکابی تەل ئەڤیڤ) یەکێکن لە ڕاسیستترین هەوادارانێک کە مەگەر هەوادارانی "فەناربەهچەی" تورکی شان بدەن لە شانیان. فەناربەهچەییەکان ئەگەر یاریزانێکی کورد یان ڕەنگی سور و زەرد و سەوز ببینن، دەهری دەبن و دەماری ملی ڕاسیستییان بەرز دەبێتەوە، بە هەمان شێوە مەکابی تەل ئەڤیڤیش هەمان دەماری ملیان بەرز دەبێتەوە کاتێک فەلەستینییەک یان عەرەبێک دەبینن! هەر پارساڵ مانگی سێ لە ئەسینای پایتەختی یۆنان پەلاماری هەوادارانێک بوونەتەوە کە ئاڵای فەلەستینیان پێ بووە. تەنانەت لەناو خودی ئیسرائیلیشدا کاتێک لەگەڵ ئەو تیپە فوتبۆڵانەی عەرەبی (٤٨) یان هەر تیپێکی تر کە یاریزانێکی عەرەبیان لەگەڵ بێت بەیەک دەگەن، دەست دەکەن بە هات و هاواری "مەرگ بۆ عەرەب"، یان ئەو گۆرانییە ڕاسیستی و شەرمهێنەرە دەڵێنەوە کە دەڵێ: "بۆچی لە غەززە خوێندن نییە؟ چونکە منالی تێدا نەماوە"

جا گوێ بگرە سەرۆکی ئیسرائیل کاکە ئیسحاق هارتسوگ لەسەر ڕوداوەکە دەڵێ چی: "ئێمە بە ترسەوە سەیری ئەو وێنە و ڤیدیۆ سامناکانە دەکەین کە هیواداربووین لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە جارێکی تر نەیانبینینەوە: کۆمەڵکوژییەکی ئەنتی سێمیتیستی لە دژی هەوادارانی مەکابی تەلئەڤیڤ و هاوڵاتیانی ئیسرائیل، هەر ئێستا لە دڵی ئەمستردام بەڕێوەدەچێت"!!

ئەمە درۆ کردنە، خۆڵ کردنە چاوی خەڵک و لەوانەش خراپتر بەد بەکارهێنانی ئەنتی سێمیتیزمە لە سیاقێکی جیاواز لە سیاقە مێژوویەکەی خۆی. بێگومان دژە ئیسرائیلی بوون، یان دژە زایۆنیست بوون هیچ پەیوەندییەکی بە ئەنتی سێمیتیزم و لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و دەرکردنی جووەکان لە فەلەستین نییە، زۆرێک لە جووەکان دژە زایۆنیستن، بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ شەرعیەتدان بە جینۆسایدی غەززە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر دەمانباتەوە ژێر سێبەری ئەنتی سێمیتیزم وەک کلیلێکی سیحری تێگەیشتن لە ڕووداوەکان. ئەمە ترسناکە و ئەگەر جەنگ و جینۆسایدی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان ڕانەگیرێت لەمەودوا بێگوومان شاهیدی شەپۆلێکی تری نوێی ئەنتی سێمیتیزم لە تەواوی جیهاندا دەبینەوە.

# پاشماوەی........ ئاکامەکانی هەڵبژاردن، لێکدانەوەی ماتریالیستی و هەڵوێستی کۆمۆنیستی

ڕابەرایەتی نارەزایەتی گشتی دەکەن، بۆ شکڵپێدان و وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی جەماوەری و ئۆرگانسازی بۆ دەکەن لە شکڵی "کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری"دا، بەڵێ بە پێچەوانەی ئەوەوە (بەدیلی کۆمۆنێستی) خەتێکی فکری سیاسی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵی خستۆتەڕوو، کە کاری پایەیی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوکردنی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای خستۆتە دەستوری کاری خۆیەوە.

وە دژی هەرجۆرە ڕوانگە و لێکدانەوەیەکی سەرووچینایەتی وەستاوەتەوە بۆ "ئازادی" و "گۆڕانکاری" و نەک هەر پێداگری فکری کردووە لەسەر پەیوەستەگی واقعی ئەم دوو چەمکە بە خەباتی پرۆلیتاریا و شۆڕشی سۆشیالیستییەوە، بەڵکو لە پڕتیکی ڕۆژانەشدا ئەو پەیوەستەگییەی بەرجەستەکردۆتەوە و بەدەستهێنانی هەرجۆرە (ئازادی) و (گۆڕانکاری)یێکی لە هەرێم و لەسەراسەری عێراقدا بە بردنە پێشەوەی ئەو کارە کۆمۆنستییە و بە پێشرەوی خەباتی پرۆلیتاریاوە گرێداوە، وە دژی هەرجۆرە خۆشباوەڕییەک بە دیموکراتیزم و ناسیونالیزم وەک دوو ڕێگەچارە وەستاوەتەوە جا لەژێر هەر پەردە و پاکانەکەیدا بوویێت، وە لەم هەڵبژاردنەشدا هەر ئەوەی ڕەنگ پێداوەتەوە.

## خەسڵەتی چینایەتی ئەم هەڵبژاردنە

فەلسەفەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوەیە کە وای نیشان بدات کۆمەڵگە لە تاکە کەسی ئازاد و خاوەن دەنگ پێکهاتووە و لە هەڵبژاردندا ئازادانە بەشداری دەکات و نوێنەری خۆی چ ئەندام پەرلەمان بێت یان حزبێکی سیاسی هەڵدەبژێرێت، وە ئەو ئەندام پەرلەمانە یا ئەو حزبە نوێنەری ئەم جەماوەرەیە کە هەڵی بژاردووە، بەمەش سەرپۆشی ناوەڕۆکی چینایەتی حزبەکان و دەسەڵات و هەروەها سەرپۆشی ناوەڕۆکی چینایەتی کۆمەڵگە و ستەم و چەوسانەوەی چینایەتیش دەکات لەناو کۆمەڵگەدا.

لەم هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستانیشدا ئەم وێنەیە ڕەواجی پێدراوە لە لایەن میدیای بورژوازییەوە، جا چ لەناو بازنەی حزبەکانی دەسەڵات و پەراوێزیدا بن یان لەناو بازنەی ئۆپۆزسیۆندا بن وەیا سەربەخۆ و بێلایەن بن. کێشەی ئۆپۆزسیۆن زیاتر ئەوەیە کە دەڵێ پرۆسەی هەڵبژاردن دیزاینکراوە یان دەنگەکان ساختەکارییان تێدا ئەنجام دراوە، یان حزبەکانی دەسەڵات ڕێگر بوون لە هەلی یەکسان لە هەڵبژاردندا، ...هتد، وە ئەمە لێکدانەوەیەتی بۆ دۆڕان و کەم بەدەستهێنانی ژمارەی دەنگ و کورسی ئۆپۆزسیۆن و بردنەوەی حزبەکانی دەسەڵات و بەدەستهێنانی دەنگ و کورسی زۆرتریان!

ئەگەر بە چاوێکی واقعی سەیری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق بکەین، دەبینین یەکانگیربوونێکی ئۆرگانیک هەیە لەنێوان سیاسەت و ئابووری نەک هەر لای حزبەکانی دەسەڵات، بەڵکو لای حزبە ئۆپۆزسیۆنە قەومی و ئیسلامییەکانیش.

هەردوو حزبی دەسەڵات خاوەن کۆمپانیا و پرۆژە هەرە زەبەلاحەکان و گروپی کۆمپانیا و خاوەن بانکە تایبەتەکانن، بازگانی دەرەکیان قۆرخکردووە، دەستیان داگرتووە بەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەویە نایابەکانی دەوروبەری هەموو شارەکان و بە مفتی ئەم موڵکە گشتییەی کۆمەڵگەیان خستۆتە ژێر دەستی کۆمپانیاکانی کەرتی تەلارسازی و دروستکردنی گوندە هاوچەرخەکان، جگە لە دەست داگرتن بەسەر گومرگی خاڵە سنوریەکان و باج و دەرامەتی ناوخۆش، سەروەتەکانیان ملیارەها دۆلارە، وە تەواوی گەورە بازرگان و سەرمایەدار و پۆڵدارانی خاوەن بزنێس لەم هەرێمە بە هەزار و یەک ڕایەڵە و پەیوەندی، بەم حزبانە و بە حکومەتی هەرێمەوە بەستراونەتەوە و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوە.

ئەمە جگە لە هێزێکی میلیشیایی زۆر و دامودەزگای بیرۆکراتی ئیداری دەوڵەتی و میدیایی زەبەلاح، کە توێژگەلێکی لە مشەخۆری ئەفسەر و پلەدار، بەرپرس و کارمەندی پلەباڵای تێوەگلاو لە گەندەڵییەکانی دەسەڵات، ڕۆشنبیری زۆرنا لێدەر بۆ دەسەڵات ... بەم دوو حزبەی دەسەڵاتەوە بەستراونەتەوە و لەگەندەڵییەکانیان بەهرەمەندن.

بەواقعی ئەم دوو حزبە (پارتی) و (یەکێتی) و حکومەتەکەیان نوێنەرایەتی سەرمایەی گەورە، سەرمایەی نیشتمانی و سەرمایەی مۆنۆپۆل دەکەن، سەرمایەیەک کە مۆنۆپۆلی (قۆرخی) تەواوی جومگە سەرەکییەکانی ئابووری هەرێمەکەی کردووە و بەرژەوەندی سەرمایەی ناوەنجی و بچووکی بەخۆیەوە بەستۆتەوە، وە لە هەموو ڕوویەکەوە لە دژایەتیدایە لەگەڵ بەرژەوەندی و ماف و ئازادییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی کچ و کوڕی سەربە خانەوادە کرێکارییەکان. ئەم حزبانە هیچ پایەیەکی مادی و کۆمەڵایەتییان لەناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی هەرێمەکەدا نییە.

ناسیونالیزم بەگشتی و کوردایەتیش وەک بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد نوێنەری جوڵە و کەڵەکەی سەرمایەیە، ئەگەر ئەم خسڵەتە لە کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا لە ئێستادا بەرجەستە و دەرکەوتوو نەبێت، ئەوا لەم هەرێمەی کوردستانی عێراقدا زۆر بەڕۆشنی وەک ڕۆژی ڕوناک دەبینرێت.

هەرچی ئۆپۆزسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامییە، هیچ کێشەیەکی جەوهەری لەسەر سیاسەتە ئابوورییە نیولیبرالەکانی حکومەت و هەردوو حزبی دەسەڵات نییە لە ڕادەستکردنی کەرتی گشتی و سامانی کۆمەڵگە بۆ دەستی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، بەڵکو شەڕی لەسەر کێبڕکێی ئازادانەی ناو بازارە و دژی مۆنۆپۆلە (قۆرخکاریی) تا پشک و بەشی زیاتر بەر بەشێکی تری سەرمایەداران بکەوێت کە خۆیان بە مەغدور دەزانن لە چنینەوەی نیعمەتەکان لەناو بازارێکدا کە قۆرخکراوە.

لێرەوە بەروون و بەئاشکرا دەبینرێت هەردوو بەرەی دژ بەیەک (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن) دوو جەمسەری یەک چینی کۆمەڵایەتین و لە کێشمەکێشی نێوان خۆیاندا بە جۆرەها میکانیزم، لەوانە خەرجکردنی ملیۆنان دۆلار، وەگەڕخستنی دەزگای زەبەلاحی میدیایی، سود وەرگرتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە ژێریشەوە بەکارهێنانی دەزگای سیخوڕی و هێزی میلیشیایی و (ئاسایش) بۆ تۆقاندنی جەماوەر و کڕینی دەنگ و ئیمتیاز بەخشینەوە، ...هتد، بەڵێ لەڕێگەی ئیمکاناتی مادی و میدیاییەوە مانیپولەکردنی بیروڕای گشتی جەماوەرێک دەکەن (manipulate people's minds)، کە چەوساوەی سیستمی ئابووری و ڕژێمە سیاسییەکەیانە و هانیان دەدەن بۆ بەشداری لە یارییێکدا کە بورژوازی چوارچێوە و یاساکانی دیاریکردووە، تا ببنە پارسەنگ چ بۆ شەرعیەتدان بە دەستاوەدەست پێکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، یان ئیمتیاز وەرگرتن لە یەکتری لە کێشمەکێشە ناوخۆییەکانیاندا. ئەمە ناوەڕۆکی چینایەتی و واقعی ئەم هەڵبژاردنە و کێشمەکێشی ڕەوت و حزب و لایەنە قەومی و ئیسلامییەکان بوو لەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی هەرێمی کوردستاندا.

خەسڵەتە چینایەتییەکانی ئەم هەڵبژاردنە هەتا لەڕووی شکڵیشەوە زۆر لە هەڵبژاردنێکی مۆدێرنی دەوڵەتە بورژوا ئارام و خاوەن دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەچوو، گەرچی هەرێمەکە خاوەن دامەزراوەی دەوڵەتیش نییە.

## لیستی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان

ئەم هاوپەیمانەتییە لە سێ حزبی (شیوعی کوردستان-عێراق)، (سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان) و (زەحمەتکێشانی کوردستان) پێکهاتبوو کە یەک کورسی لە بازنەی سلێمانی بۆ (حزبی سۆشیالیست) بەدەستهێنا.

ئەم لیستە لانی کەم لە شکڵدا جیاوازییەکی لە لیست و لایەنە بورژوا قەومی و ئیسلامییەکانی تر هەبوو، ئەویش ئەوەبوو لە ڕێگەی کاندیدەکانی (حزبی شیوعی کوردستان)ەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا دژی سیاسەتی ئابووری نیولیبرالی حکومەتی هەرێم لە ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەتی دەدوان و پێداگرییان لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێش و هەوڵدان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانیان دەکردەوە.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا ئەوەیە کە بزانین جێگەوڕێگەی ئەم لیستە چییە بە بەراورد بە لیست و لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامی، وە جیاوازییەکەیان لەو ئۆپۆزسیۆنە لە کوێدایە؟

سەرەتا ئەوە بڵێین کە ئەم سێ حزبە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە نەوەتەکانەوە لە زووربەی کابینەکاندا بەشدارییان کردووە، یان سەرۆکی حزب و ئەندامانی مەکتەب سیاسی و کۆمیتە ناوەندییەکانیان ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم و سەرەک وەزیران بوون. واتا نەک هەر بەشێک بوون لە سیستمی سیاسی و دەسەڵاتدارەتی لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەژێر سایەی حزبی یەکەمی دەسەڵات (پارتی)یشدا بوون و ئەندامانی پلە باڵایان بەهرەمەند بوون لە ئیمتیاز و گەندەڵییەکانی حکومەتی هەرێم.

(حزبی شیوعی کوردستان-عێراق) لە ڕاگەیەنراوی کۆبونەوەی (کۆمیتەی ناوەندی) لە (١٢ نۆڤێمبەری ٢٠١٨) بەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی خوولی پێنجەمی ئەو کاتەدا کە توانی ببێتە خاوەنی یەک کورسی پەرلەمان، ڕایگەیاند کە (کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا بەشداری کابینەی تازەی نەکاتن و دەنگی پێ نەدات بەهۆی جیاوازی دیدمان دژ بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی سەرمایەداری هێزە براوەکان، .... خۆمان وەک حزبێکی بەرهەڵستکار ڕادەگەیەنین، بەڵام بەرهەڵستکارێک لە ڕوانگەی بەرنامەیەکی چەپی نیشتمانی دیمەکراتێخواز). سەرەڕای ئەم ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن بوونە، بەڵام ڕاوێژکاری چەند ئەندامێکی کۆمیتە ناوەندییەکەی هەر بەردەوام بووە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرەک وەزیران! کە دیارە هەردوو ئەم پۆستەش لە دەستی (پارتی)دان. لەوە دەچێت ئۆپۆزسیۆن بوونی (چەپی نیشتمانی دیموکراتیخواز) پێچەوانەی ڕاوێژکاری حکومەتی هەرێم نەبێت.

مەبەستمان لەم فاکتانە دەرخستنی جێگەوڕێگەکەیەتی کە ئەویش حزبێکی ڕیفۆرمخوازی ناو سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستانە، جا چ بەشدار بێت لە حکومەت یان ئۆپۆزسیۆن بێت. ئەم ڕیفۆرمخوازیی ناو سیستەمییەش هەرگیز بەو مانایە نایەت کە حزبێکی ڕیفۆرمیست بێت، و لەناو بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا خەریکی ڕێکخستن و بەگڕاچوونەوەی دەسەڵات بێت و لە ڕێگەی فشاری بزووتنەوە جەماوەرییەکانەوە ڕیفۆرم داسەپێنێت بەسەر دەسەڵاتی بورژوازیدا، بەڵکو لە ڕێگەی ڕاوێژکاری دەسەڵاتەوە خوازیاری چاکسازی و ڕیفۆرمە لەناو خودی سیستمی سیاسی و ئابووری (دژی نیولیبرالیزم) و وەک (چەپی نیشتمانی دیموکراتیخواز) ئامۆژگاری پێشکەش دەکات بە دەسەڵات و هوشداری پێ دەدات کە "ئەزموونی بەنرخی کوردستان" و "بەها نیشتمانی و نەتەوەیەکان و ئەو دەسکەوتانەی کە بەدەست هاتوون" ناشیرین نەکات و لەدەستیان نەدا!

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە بەشێک لە کادر و چالاکوانانی ئەو حزبە ساڵەهایە نارازین بەو ڕێبازەی کە حزبەکەیان هەیەتی لە نزیکایەتی حزبی دەسەڵاتداری یەکەمی هەرێمەکە (پارتی) و لەگەڵ ئەوەشدا کە (کۆمیتە ناوەند)ی بڕیاری ئۆپۆزسیۆن بوونی داوە، بەڵام پەیوەندییە واقعییەکە بەو حزبەی دەسەڵاتەوە هەر لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە.

ئەم هاوڕێ نارازییانەی ناو حزب لە زۆرێک لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا دژی دەسەڵات چالاک بوون و باجی ئەم خەباتەشیان داوە و جێگەی پشتیوانی و دەستخۆشانە بوون، بەڵام نەیانتوانی خۆیان کۆبکەنەوە وەک فراکسیۆنێک، خەتێکی جیاواز و ڕێبازێکی فکری و سیاسی جیاواز لە سەرکردایەتی حزبەکەیان بخەنە بەردەم ئەندام و هەوادارانی حزب و خەباتێکی جدی بکەن دژی خەتی ڕاستڕەوانەی حزبەکە، بە پێچەوانەوە لە یەک ساڵی ڕابردوودا و لە پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەدا ڕەخنە و گلەوگازەندەکانیشیان هەرچی هاتووە کاڵتر بۆتەوە و بوون بە بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خەتی ڕەسمی حزبەکەیان.

ناوەڕۆکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەم هاوپەیمانەتییە هەرە باشەکەیان هەڵمەتی (حزبی شیوعی کوردستان) بووە، کە ئەوەی سەرەوویە و باسمان کردووە، و داوای لە جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز و عەلمانی و مۆدێرن کردووە تا دەنگیان پێبدەن و بچنە پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمانەوە هەم بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن و هەم پرۆژە لەبەرژەوەندیان پێشکەش بە دەسەڵات بکەن، وە لە ڕێگەی چاودێری حکومەت و دامەزراوەکانی دەسەڵات و یاساوە هەوڵبدەن بەربگرن بەو سیاسەتانەی کە دژی جەماوەرە و لەبەرامبەردا پرۆژەی ڕیفۆم بۆ خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن.

ئەمەش هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ڕیفۆرمی دەرون ڕژێمی یان دەرون سیستمییە. وە بە درێژایی تەمەنی ئەم حزبە شیوعیییەش ئەوە ڕۆڵی بووە، بەشێک بووە لە سیستمی سیاسی هەرێمەکە و تا ئێستا چوار بەش لە پێنج بەشی ژیانی لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمدا بەشدار بووە، هەتا لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا دوای (٣١-ئابی ١٩٩٦) کە (پارتی) بە هاوکاری سوپای عێراق هەولێری گرتەوە، ئەم حزبە بەشداری لە حکومەتەکەی هەولێری (١٩٩٦)ی (پارتی)دا کرد بە دوو وەزیر، هەروەها کاتێکیش لە (١٧ شوباتی ٢٠١١) لە شەپۆلی خۆپێشاندانەکاندا چەندین لاوی خوێنگەرم شەڵاڵی خوێن کران لەبەردەم بارەگای (پارتی) لە سلێمانی، بەڵێ لەو کاتەدا ئەندامێکی مەکتەب سیاسی ئەو حزبە (وەزیری ڕۆشنبیری) و (قسەکەری فەرمی) حکومەتی هەرێم بوو.

بەڵام هێشتا بزووتنەوەکەی (١٧ی شوبات) تەواو سەرکوت نەکرابوو کە تا (٢٠-٤-٢٠١١) خایاندی، بە بۆنەی یەکی ئایاری (٢٠١١)ەوە ئەم حزبە یاداشتێکی پێشکەش بە حکومەت کرد کە کۆمەڵێک خواست و داواکاری کرێکارانی تێدا بوو. جا ئەمە نمونەیەکی بەرجەستەی ڕیفۆمیستی ناو سیستەمەکەیە. حزبی دەسەڵاتداری حکومەت جەماوەری نارازی و خۆپێشاندەر دەداتەبەر دەستڕێژی گوللە، (حشک) یش خاوەن وەزیرە و پرۆژەی ڕیفۆرم بۆ کرێکاران پێشکەش بەو حکومەتە دەکات! لە (٢٠١٨)شەوە هەمان ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام لە دەرەوەی کابینە و خۆی وەک ئۆپۆزسیۆن دەناسێنێت، بەداخیشەوە کە شانسی نەبوو هیچ ئەندام پەرلەمانێکی دەرنەچوو تا وەک ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان هەمان ڕۆڵی ڕیفۆرمیستی ناو سیستم ببینێتەوە.

هەرچی حزبی (سۆشیالیست) و (زەحمەتکێشان)ە کە (سەرۆکەکانیان لە ماوەی جیاجیادا ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم بوون) لەوانەیە ئەم دوو حزبە خۆشیان پێیان سەرێر و سەمەرە بێت ئەگەر وەک ئۆپۆزسیۆن حسابیان بۆ بکەیت! بەڵام هەرچۆنێک بێت کێشەیەکی ئەو تۆیان نییە لەگەڵ پلاتفۆرمەکەی حزبی شیوعی.

ئەم سێ حزبە هەریەکەیان تایبەتمەندی جیاوازی فکری و مێژووی خۆی هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکی سیاسیاندا وەک دەڵێن منالی یەک خانەوادەن، واتا لە ڕووی فکری و شکڵگیری مێژووییانەوە جیاوازن لە یەکتری و ناتوانن تێکەڵ بەیەک بن و ببنە یەک حزب، بەڵام ڕێبازی سیاسییان زۆر نزیکە لە یەکەوە، ئەمەش بنەمای نەک هەر ئەم هاوپەیمانەتییەیان بووە کە وەک یەک حزبی سیاسی ڕۆڵیان گێڕاوە، بەڵکو هەموو مێژووی سیاسیشیان وەک یەکە لەناو سیستمی حوکمڕانی و سیاسی هەرێمەکە.

## سێ خاڵ بۆ کۆتایی وتارەکە

لە وتارێکی پێشووترمدا بەر لە هەڵبژاردنەکە نوسیبووم کە ئەم هەڵبژاردنە دەروازەیەکە بۆ خەستبوونەوەی هەرچی زیاتری قەیرانەکان.

یەکەم. ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە، هەرێم دەخاتە ناو قەیرانێکی پێکهێنانی حکومەتییەوە، ئەمەش زۆر کێشە نییە، چونکە کاتێک ئەمە کێشەیەکی جدی دەبوو کە دوو حزبی دەسەڵات بونایە کەمینەیەکی لاکەوتە و حزبە ئۆپۆزسیۆنە قەومی و ئیسلامییەکانی تر بەرپرس بکرانایە لە پێکهێنانی حکومەت، کە لەم حاڵەتەدا ئەستەم بوو (پارتی) و (یەکێتی) دامودەزگای فەرمانڕەوایتییان ڕادەست بکەن، یان یەکێک لە حزبەکانی دەسەڵات بۆ نمونە (یەکێتی) دەنگ و کورسی زۆر کەمی بهێنایە لە چاو (پارتی) و ئەو حزبەش بیویستایە بەبێ (یەکێتی) حکومەت پێکبهێنێت، کە لەم حاڵەتەشدا (یەکێتی) دامودەزگای فەرمانڕەوایەتی زۆنی سەوزی ڕادەست نەدەکرد، جا قەیرانێک کە لە ئێستادا بۆ پێکهێانی حکومەت دێتەئاراوە، وەک هی هەر وڵاتێکی تر لەسەر پۆست و پلە و بەشی هەردوو حزبە، لە زۆر وڵاتدا ئەمە پێش دێت، وەک نمونەی فەرەنسای ئەمساڵ.

کێشەکە ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد وەک بزووتنەوەیەکی چینایەتی سیاسی تا ئێستا بە درێژایی زیاتر لە سێ دەیە سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە ئۆرگانێکی دەسەڵاتدارەتی بورژوازی خاوەن دامەزراوەی دەوڵەتی دروست بکات کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەستاودەستی پێ بکرێت، هەرێمی کوردستان گەرچی یەک هەرێمی فیدراڵییە لەناو عێراقدا، بەڵام بەواقعی دوو هەرێمی کۆنفیدراڵییە لەناوخۆیدا لەژێر دەسەڵاتی دوو هێزی میلیشیاییدا، جا ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە هیچ شتێک لەو واقعە ناگۆڕێت و درێژکراوەی ئەو مێژووە دەبێت و ناپایەداری سیاسی و نادیاری ئایندەی هەرێمەکە و مانەوەی وەک گۆڕەپانێکی مانۆڕی سیاسی و میلتاریستیی تورکیا و ئێران و ئەمریکا هەر درێژە دەکێشێت.

دووەم قەیرانی ئابووری و بێکاری و نارەزایەتی درێژە دەکێشێت. حکومەتی ئایندە درەنگ یان زوو پێک دەهێنرێت و لەسەر هەمان ڕێباز دەڕوات لە پیادەکردنی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نیولیبرالیزم و ڕێنماییەکانی (بانکی نێودەوڵەتی) و (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) کە لە (٢٠١٦)ەوە لە کۆنفراسی هاوبەشی (بانکی نێودەوڵەتی) و (حکومەتی هەرێم) بە بەشداری (نەتەوە یەکگرتووەکان) بەسترا و نەخشەکەی دانرا لە کابینەی هەشتەمدا، کابینەی نۆهەم بە هەنگاوی خێرا بردییە پێشەوە، کابینەی دەیەمی داهاتووش ئەگەر هەنگاوەکانی خێراتر نەکاتەوە ئەوا هێواشتری ناکاتەوە.

ئەمەش واتا درێژەدان بە کەڵەکەی سەرمایە و کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری سەروەت و سامان و نیعمەتەکانی کۆمەڵگە لە دەستی کەمایەتییەک و ڕاگرتنی زووربەی هەرە زۆری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشیش لە هەژاری و بێکاری و پەراوێزخراوییدا.

کۆمەڵگەیەکیش کە دەرگیری هەژاری و بێکاری و جۆرەها تراژیدیا بێت، زەمینەیەکی بابەتی فەراهەم دێنێ بۆ پەرەسەندی کۆنەپەرستی و خکاندنی ئاوات و ئارەزووی لاوانی کچ و کوڕ بۆ ئازادی و پێشکەوتن، وە زەمینەی ژیانەوە و گەشەی داب و نەریتی پیاوسالاریش دەخوڵقێنێت و ستەم لەسەر ژنان توندوتیژتر دەبێتەوە و جێگەوڕێگەیان لە هەرێمەکە لەوەی کە هەیە زۆر خراپتری لێ دێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا نارەزایەتی سەرهەڵدەدات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێکاران و لاوانی کچ و کوڕ و ژنانی ئازادیخواز دێنەمەیدان، وە ئەمجارە لەبارودۆخێکیشدا کە سەرمایەداری زیاتر کۆمەڵگە لەڕووی چینایەتییەوە قوتبی و دوو کەرت دەکات و دەسەڵاتیش زیاتر ڕووی ڕاستەقینەی بۆ جەماوەر دەردەخات.

سێیەم. دەبێ چ بکرێ و خۆئامادەکردن. شەپۆلێکی نوێ لە خەباتی چینایەتی بەڕێوەیە، ئەم خەباتە بەبێ دەخالەتی کۆمۆنیزم ناگات بە هیچ شوێنێک چونکە ئەوە کۆمۆنیزمە کە خەباتی توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار و گروپە ستەم لێکراو و پەراوێزخراوەکان لە بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی چینایەتیدا شکڵ پێدەدات و چینی کرێکار لە چینێکەوە کە بابەتی چەوسانەوەیە دەگۆڕێت بۆ چینێکی خەباتکار لە پێناو بەرژەوەندی چینایەتی خۆیدا، وە ئەوە کۆمۆنیزمە کە ڕابەرایەتی دەکات و دەیهێنێتەمەیدان بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتە چینایەتییەکەی. هەر ئەم ڕێگە واقعییەشە کە یەکێتی چینی کرێکار لە هەرێمەکەدا بەرجەستە دەکاتەوە و کۆتایی بەدوو ئیدارەیی و دوو زۆنی دەهێنێ، ئەمە ڕێگەی واقعی پرۆلیتاریانە و کۆمۆنیستییە بۆ یەکگرتووکردنەوەی کوردستان و گرێدانەوەی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە خەباتی هاوچینەکانیان لە سەراسەری عێراقدا.

شکڵپێدان و وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر لە دەرونی چینی کرێکار و خەبات و نارەزایەتییەکانیدا، وە یەکگرتووکردنی کۆمۆنیستە شۆڕشگێر و مارکسیستەکان لەو پرۆسەیدا، لە ئەرکە هەرە لە پێشەکانمانە.

کۆمۆنیست و مارکسیستەکانی هەرێمی کوردستان لەناو هەر حزب و ڕێکخراوێک و ئەڵقە و دەستەجاتێکدا بن پێویستە بەشێک بن لەم وەڕێخستن و شکڵپێدانە بەم بزووتنەوە چینایەتییە مەزنە، وە سنوربەندییەکی ڕۆشن و لێبڕاوانە لەگەڵ هەرجۆرە ئاسۆ و ئەجندایەکی ڕادیکالیزمەی سەروو چینایەتی و ناسیونالیستیدا بکەن لەناو نارەزایەتییەکاندا. ئەم باسە لە داهاتوود درێژە پێدەدەین.

کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

---

پاشماوەی ............ل٨

# تێڕوانینی ماتریاڵیستی بۆ داهێنان لەئەدەب و هونەر

دوور لەو بارودۆخەی کە داهێنەر بیر لەو چرکەساتانە بکاتەوە. وەک ئەوەی دۆزینەوەی لەناکاوی یەکێک لە یاساکانی بیرکاری پۆینکارییێردا، یان وەک ئەوەی نیوتن بە کەوتنە خوارەوەی سێوێک بەسەر سەریدا گەیشت بە یاسای کێشکردنی زەوی. بەمجۆرە بەنسبەت هەندێک لە نیگارکێشەکان کاتێک کە بیرۆکەیەکی دیاریکراوی بەپەلەیان بۆ دێت، دواتر دەچنە سەر کار و تابلۆکانیان بە شێوەیەک بەرجەستەی دەکەن وەک ئەوەی لە خەونێک بچێت؛ چەشنی سوریالیستەکان و ئەوانی دی. ئەم تیۆرییە هەمیشە سەرنج دەخاتە سەر ئەو خاڵەی کە هەندێک کەس خاوەنی بلیمەتی و زیرەکی لەڕادەبەرن و لە کۆتاییدا ئەم زاراوانە نارۆشنن و ناتوانرێت ڕوون بکرێنەوە.

ئەم بۆچوونەش هەر بەوەوە دەوەستێت وەسفی ئەوەی کە لە ڕاستیدا چی بەکردەوە لە مێشکی داهێنەردا دەگوزەرێت،بکات ،بەبێ ئەوەی گرنگی بەو هۆکارە کلتووری و کۆمەڵایەتییانە بدات کە دەبنە هۆی ئەم داهێنانە. هەروەها بنەمای مێشک بۆ پرۆسەی داهێنان پشتگوێ دەخات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مێشک ئەو ئامرازەیە کە کارلێک لەگەڵ ژینگەدا دەکات و نوێنەرایەتی ئەم ژینگەیەش دەکات بۆ بەرهەمهێنانەوەی لە شێوەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی و زانستیدا.

چوارەم: سەبارەت بە بنەمای ماتریاڵیستی بۆ داهێنان لە ئەدەب و هونەردا، کە ناونیشانی باسەکەی ئەمرۆمانە، ئەو تیۆرییە کە لە ماوەیەکی دوور و درێژ شکلگیریی کرد و لەگەڵ کارئەندامزانی ڕووسی ئیڤان پاڤلۆڤ گەیشت بە پلەی پێگەیشتن. ئەو تیۆرییە پێی وایە داهێنان لە هەموو شێوەکانیدا بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە کە بە کاری مێشک نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەمەش بە دەوری خۆی بەرهەمی قۆناغێکی گەشەکردنە کە مرۆڤایەتی بە چەندین گۆڕانکاری لە ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستاوە تا هەنووکە پێیدا تێپەڕیوە و تا دەگات بەو توێژینەوە مۆدێرنانەی کە باس لە بابەتی داهێنان لە زانست و هونەر و ئەدەبدا دەکەن .

تێڕوانینی ماتریالیستی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە غیابی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کولتووری گونجاودا، کەسی داهێنەر ناتوانێت داهێنەر بێت. ئەوەی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا دابینی دەکات و ئەو ململانێ و گۆڕانکارییانەی کە یاوەریی دەکەن و وە ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە گەشەپێدانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بنەمان بۆ داهێنان لە هەر بوارێکدا. هەروەها داهێنان بۆ نموونە لە وێنەکێشان، ڕۆمان، یان مۆسیقا کاری پڕ زەحمەت لە مرۆڤ دەخوازێت کە ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت. داهێنان لەناکاو ڕوونادات وەک هەندێ کەس وای دەبینن وەک ئەوەی کێشەی ئیلهام، سرووش، یان بلیمەتی دوور لە واقیعی زیندووەوە بێت. بەڵکوو دوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و درێژخایەن دێت و پێویستی بە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر هەیە، چونکە هەر بەرهەمێکی داهێنەرانەی مەزن و کاریگەر و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی نەمر، ئەوە لە داهێنەرەکە دەخوازێت کە ئەزموونەکانی پێش خۆی وەرگرێت و هەرسیان بکات و ئینجا گوزارشتیان بکات. ئەمەش وا لە مێشکی داهێنەر دەکات کە تووشی ململانێیەکی ناوخۆیی بێت و لەم ڕێگەیەشەوە بە تەواوی سەرقاڵی بەرهەمەکەی دەبێت.

بنەمای ماتریاڵیستی بۆ داهێنان، مێشکی مرۆڤ کە ئاڵۆزترین مێشکی سەر ڕووی زەوییە دەکات بە جەوهەری خۆی. ئەوەشی وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێت داهێنان بکات و هونەر و ئەدەب بەرهەم بهێنێت ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە گونجاوەیە کە دەبێت لەبەردەستدا بێت. ئەگەر دەرفەت بۆ کەسێکی دیاریکراو و هەروەها هەلومەرج و پەروەردەی گونجاو لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ دابین بکرێت، بۆ نموونە هاندەری بێت لە بواری ئەدەب و هونەردا، ئەوا چینی ژێرەوەی مێشک کە بەرپرسە لەم جۆرە چالاکییە لای کەسی داهێنەر چالاکتر دەبێت و ژمارەی خانە دەمارەکانی ئەم بوارە زیاتر دەبن بەبەراورد بەو کەسانەی کە لەسەر ئاستی ئەدەبی و هونەریدا سەرقاڵی داهێنان نین. توێژینەوەکان ئەوەش پشتڕاست دەکەنەوە و دەڵێن ئەو جێگایانەی بە پلەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ سۆز و هەستەکاندا دەکەن، یەکێکە لە جیاکەرەوە گرنگەکانی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان. بەڵام سەبارەت بە زانایانی فیزیا و بیرکاری و لقە زانستییەکانی تر، ئەو ناوچانەی چینی خوارەوەی مێشکیان بەرپرسن لە بیرکردنەوەی لۆژیکی، کە زیاتر لێکهەپێکرانی دەماریان هەیە لە چاو ئەوانی تر. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین داهێنان لە ئەدەب و هونەردا لە ڕێگەی نەخۆشیی مێشک یان دەروونەوە نایەتە دی و هەوەرها جۆرێک نییە لە ئیلهام و ناوازەیی دوور لەو هەلومەرجە بابەتییانەی کە دەوری خوڵقێنەرەکەیان داوە و هەروەها دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی غەریزەی سێکسی سەرکوتکراویش نییە، بەڵکو داهێنان لە جەوهەری خۆیدا دەرئەنجامی کارلێکی ژمارەیەکی زۆر لەو هۆکارانەی ناو ئەو ژینگەیەی مرۆڤە کە تێیدا دەژی و ناو مێشکی ئەو مرۆڤەیە کە بەرهەمێک بەرهەم دێنێت.

تێبینی : ئەم وتارە لە کۆڕبەندی دووشەممەی مەعریفی لە ٢٨ ی شوباتی ٢٠٢٢ پێشکەش کراوە.

سەرچاوە : التصور المادي للابداع في الادب و الفن، بقلم احمد مرزوک، موقع منظمة البديل الشيوعي في العراق

https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=٧١٥١

